

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە        جێژنێکی کۆنی کوردە، بەخۆشیو بەهاتەوە

"پیرەمێرد"

# هەموو رۆژێکتان نەورۆز، نەورۆزتان پیرۆز

بە هاتنی نەورۆزی پیرۆز، وەرزی تەڕوتووشیو سەرماو سۆڵ ماڵاوایی دەکاو جارێکی دیکە وەرزی پشکووتنو تازە بوونەوە دەست پێدەکا.

لە مێژووی کورددا نەورۆز پیرۆزترین جێژنی نەتەوەیی بووە. بەهاتنی نەورۆز، خەڵك بە هیوای ژیانێکی پڕ بەرهەم ترو کۆتایی هێنان بە نەهامەتییەکان بەرەو پیری ساڵێکی دیکە دەڕۆن.

لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا کە کۆماری ئیسلامی بەسەر حاکم بووە بەسەرئێران دا، کۆمەڵانی خەڵك ساڵ لەگەڵ ساڵ لە سایەی ئەم رێژیمە کۆنە پارێزەدا ژیانیان تاڵو تاریکتر بووە. ئەم رێژیمە تاریکی پەرستە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە، دژی هەر چەشنە نوێ بوونەوەو پێشکەوتنێك بووە، بەڵام خەڵك بەگشتیو ژنان بە تایبەتی هەرگیز سەریان بۆ ئەم تاریکی پەرەستانە نەوی نەکردوەو سەرەڕای هەموو ناخۆشییەك کە ئەم رێژیمە بۆی دروست کردوون، شادییان کردوەو نەورۆزیان جیژن گرتوەو ئەم جێژنەیان کردۆتە جێژنی سەرکەوتن بە سەر تاریکیو رۆژرەشیو مەرگو فرمێسكدا، کە نێوەرۆکی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامییان پێك هێناوە.

نەورۆزی ساڵی ١٣٨٥ لە هەموو گەلی کورد بەگشتیو ژنان بە تایبەتی پیرۆزبێ. بەو هیوایەی ئەم ساڵ جێژنی سەرکەوتنی یەکجاریی گەلەکەمان بەسەر تاریکیپەرەستانی دەسەڵاتداراو ساڵی دەستپێکردنی ژیانی ئازادو ئینسانی بۆ هەموو ژنانی ئێرانو کوردستان بێ.

## ئازادی بۆ ژن
## بەختیاری بۆ کۆمەڵ



گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

(سێ مانگ جارێك دەردەچێ)

نەورۆزی ١٣٨٥، مارسی ٢٠٠٦

ژمارە ١٤

دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری "ژنان":

خەدیجە مەعزوور کوێستان فتووحی

عیسمەت نستانی نەسرین حەسەن زادە

شنۆ مێهرپەروەر

"ژنان" لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
www.pdk-iran.org

ئیمەیلی گۆڤاری "ژنان":

jnan1324@yahoo.com

ئیمەیلی بەرنامەی "بۆ بەختیاری کۆمەڵ"

RDK_iranjnan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندیگرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

00964 - 7702103121

نامەو نووسراوەکانتان لە ڕێگای کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بنکەو نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانو دەرەوەی وڵات، بۆ گۆڤاری "ژنان" بنێرن.


# پێرست


- پەیامی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ٨ی مارس ـــــــــ ٢
- کۆبوونەوەیەک بۆ ژنان بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن ـــــ ٤
- ڕاپۆرتێک لەسەر شەستەمین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان ـــــ ٦
- پەیامی کومیتەی بەڕێوەبەری بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان ـــــــــ ٧
- پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ـــــ ٩
- پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ـــــ ١١
- پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ـــــ ١٢
- پیرۆزبایی یەکیەتیی ژنان بەبۆنەی وەرگیرانی یەکیەتیی لاوان لە ... ١٣
- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەورازو .... ـــــ ١٤
- ژنانو ناسیۆنالیسم لە کۆماری کوردستان دا ـــــــــ ١٦
- ژنی کورد لە بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەی بێلایەن نەبووە ـــــ ٢٣
- هەستو ڕوانگەی جۆراوجۆر بەرامبەر ٢٤ی ڕەشەمەو ... ـــــ ٢٥
- وتووێژی دەنگی کوردیی ئەمریکا لەگەڵ ئەندامێکی بەڕێوەبەری گۆڤاری ژنان ـــــــــ ٣٢
- ڕۆئیا تلووعی تاوانی چیبوو؟ ـــــــــ ٣٤
- کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانو چەند هەواڵو ڕاپۆرت... ٣٥
- سەرکەوتنی ژنانی جیهان لە بواری سیاسیی لە ساڵی ٢٠٠٥ ... ـــ ٤٥
- سەبارەت بە چەمکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان ـــــــــ ٤٨
- دێموکراسیخوازی ئێمەو بزووتنەوەی ژنان ـــــــــ ٥١
- ژن لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاواوە جان ..... ـــــ ٥٣
- بێدەنگی یا گوتنی ڕاستییەکان؟ ـــــــــ ٥٤
- هەڤپەیڤین لەگەڵ مێهرئەنگیزی کار ـــــــــ ٥٥
- شێعرەکان ـــــــــ ٥٨
- خێڵانو زێرینە لە شێعرەکانی مامۆستا قانعدا ـــــــــ ٦٠
- چاوپێکەوتن لەگەڵ دوو کچی سەرکەوتوو لە بواری وەرزشدا ـــــ ٦١
- پەروەردەی منداڵ ـــــــــ ٦٢
- حیکایەتی عەشقێ ـــــــــ ٦٣
- قوولە ـــــــــ ٦٤



دیزاینی بەرگ: ئەیوب شەهابیراد ayubgal@yahoo.com تایپ: سکاڵا حەکیم زادە مونتاژ: کوێستان فتووحی

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

*ژنانی ئازادیخوازی جیهان!*
*ژنانی خەباتگێڕی کوردستان!*

بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی هەموو ئەندامو لایەنگرانییەوە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مێژوویە پێشکەش بە هەموو ژنانی جیهان بە تایبەت ژنانی ئێرانو کوردستان دەکا.

هەروەك دەزانین ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهان یادی ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندیی هەموو ژنان دەکرێتەوەو ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژێکی مێژوویی بەرزو پیرۆز دەنرخێندرێ، ڕۆژێك کە دەنگو خەباتو هاوارو نالەی ژنانی چەوساوەو زوڵم لێکراو لە سەرانسەری گۆی زەوی تێکەڵ بەیەك دەبێو شەوەزەنگی تاریکیو جەهلو نەزانی لەبەریەك هەڵدەتەکێنێو ڕووناکی شەبەق لە ئاسمانی بێگەردی مرۆڤایەتی دەدرەوشێتەوەو خەونو خولیای شەوپەرەستانی نامۆ بە مافو ئازادییەکانی ئەو توێژە زوڵم لێکراوەی کۆمەڵ لە گۆڕ دەنێنن.

*ژنانی ئازادیخواز!*

بۆ هەبوونی ڕوانینێکی واقیعبینانە لەسەر کێشەی ژن بە درێژایی مێژوو، پێویستە ئاوڕێك لە کاروانی پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بدەینەوە کە یەکەمیان سروشتەو ئەوەی تریان لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ وەك بەرهەمی ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژی، کە لە هەردووکیان دا مرۆڤ لە چوارچێوەی سروشتی دەوروبەری جیاناکرێتەوەو بەشێکە لە دونیای مادیی، ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە ژیانی ئاژەڵی دوورکەوتەوەو بە تەواوی نەیتوانی تابعیەتیی خۆی بەهەمان سروشت کۆتایی پێبهێنێ، کار کردن بۆ بژێوی ژیان هۆکاری سەرەکی لە دیاریکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی لە مرۆڤ دا بوو. کە ئەوە زۆر بەخێرایی جیاوازی لە نێوان ژنو پیاودا دروست کردو زەقی کردەوە، بۆیە ژن ڕۆڵی پلە دووی بینیو بەرەبەرە بوو بە پاشکۆی پیاو. هەرچەند بە پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان زەمینە بۆ بەشداری ئافرەت لە بواری مادیدا ڕەخسا، بەڵام ڕوانگەی کۆمەڵ بۆ ڕۆڵی ژن ئاستەنگێکی سەختی لەبەردەم ئەم بەشدارییەدا خولقاندو دابو نەریتەکانو فەرمانە موقەدەسو دینییەکان ئەو ڕوانگەیان خستە ناو قالبی وشەو دەقە پیرۆزو نەگۆڕەکان. لێرە دابوو کە مرۆڤ کۆتی ئەسارەتی خستە دەستو عەقڵییەوە، چونکە ئەگەر جاران لە بەرامبەر سروشت دا دەستەوەستان بوو ئەوجارەیان ئەسیری فەرمانەکانی خۆی بوو.

لە کۆنەوە تاکوو ئەمڕۆ لە ڕوانگەی جیاوازەوە باسی چەوسانەوەو زوڵمو زۆری دژی ژنان کراوەو دەکرێ بەشێك لە بزووتنەوەکانی ژنان پەنجە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر ڕادەکێشنو هەندێکیش سەرچاوەی بێبەشی ئافرەت بۆ جیاوازیی چینایەتی دەگێڕنەوە کە ئەو بێبەشییەی ئافرەت لە درەنگ پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کاریگەری زۆری هەبووە.

بەدرێژایی مێژوو سەرەڕای پەرەساندنی زانستو هونەری مێعماریو بازەرگانیو..... هتد بواری مافەکانی ژنان پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت.

لە قۆناغی سەرمایەداری سەرەڕای پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیو بیروباوەڕی زانستی کێشەی ژن هەر بە چارەسەرنەکراوی مایەوە فەرقو جیاوازییەکان بە تایبەت لە بواری حەقدەستو نەبوونی هیچ ئیمتیازێك بەژنان لە کاتی دووگیانیدا واتە یاساییەکانی نابەرابەری کار هەبوو کە ئێستاش ئاسەواری هەرماوە. هەربۆیە لە بزووتنەوە کرێکارییەکان دا بەشێکی زۆری نارەزایەتیەکانی ژنانی کرێکار بوون کە هەر لە ئەنجامی ئەو نارەزایەتیانەشدا بزووتنەوەکانی ژنان دروست بوونو داوای بەرابەریان دەکرد. خۆپێشاندانی کرێکارانو ژنانی کرێکار لە شیکاگۆ کە لە هەموویان دا هێزی ئافرەتانی لەگەڵ دابوو لەگەڵ بەرەنگار بوونەوەی وڵاتانی سەرمایەداری بەرەوڕوو بووە کە بۆ هێندێك خواستی سەندیکاییو ڕەگەزیی خۆیان بووو، ئەو سەرکوتە خوێناوییەی لێکەوتەوە کە لەو کاتەوە تاکوو ئێستا هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا واتە ٨ی مارس وەك هاوپێوەندی و پشتیوانی لەو ڕۆژە مێژووییە بەدەربڕینی نارەزایەتیو خۆپێشاندان یادی دەکرێتەوەو ڕێزی لێدەگیرێ.

لە سەردەمی ئەمڕۆش دا بزووتنەوەکانی ژنان زیاتر لە پێشوو هەنگاوی چالاکو بوێریان هاویشتووەو دەهاوێنو دەستکەوتی بە نرخو بەرچاویان وەدەست هێناوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کێشەی ژن هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوەو بۆتە کێشەیەکی جیهانی، ئێستاش بە توندترین شێوە مامڵەیان لەگەڵدا دەکرێو لەگەڵ توندوتیژی جستەییو دەروونی... بەرەوڕوون، کە ئەو توندوتیژیانە سەرنجی زۆر کۆڕو کۆمەڵو کەسایەتیی لایەنگری مافەکانی مرۆڤی بۆلای خۆی ڕاکێشاوەو بۆتە دیاردەیەکی جیهانی.

توندوتیژی دژ بە ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو وەك تاوان دژی مرۆڤ چاوی

لێدەکرێ‌و لەلایەن یاساو حکومەت‌و بنیات‌و دامەزراوەکان پشتیوانیی لێدەکرێ، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو نەتەنیا بە تاوان دژی مرۆڤ حیساب ناکرێ بەڵکوو وەك کلتوورو عورف لە کۆمەڵگادا جێگیر بووەو زۆر ئاساییە. ئەگەر ئاوڕ لە وەزعی ژنانی ئێران بدەینەوە، ژنانی ئێران لە بواری فەرهەنگی‌و کلتووری‌و خەباتگێڕی‌یەوە خاوەن رابردوویەکی پڕشنگدارو درەوشاوەن‌و لە هەموو بزووتنەوەکانی دژی ئیستبدادی‌و ئیستعماری‌و سەرەڕۆیی‌دا رۆڵی بێوێنەیان بووەو لە هیچ دەورەیەك دا سەریان بۆ زوڵم‌و زۆرداری نەوی نەکردوەو بەبەشداری‌کردن لە خەباتی گشتی‌و کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بە سەربەستی یان پێکهێنانی رێکخراوی تایبەت بە ژنان‌و خەبات لە پێناوی وەدەستهێنانی مافەکانیان نیشانیان داوە کە بە هەر شێوەیەك بۆیان بلوێ بەرەنگاری زوڵم‌و ستەم دەبنەوەو شەم شەمە کوێرەکانی جەهل‌و نەزانی‌و نامۆ بە مافی مرۆڤەکان بە چۆك دادێنن. بەڵام ژنان لە ئێران سەرەڕای هەموو ئەو فیداکاری‌و لەخۆبردوویيانە زۆرجار ئەو دەسکەوتانەی وەدەستیان هێناوە لە کیسیان چووە؛ بۆ نموونە ئەو دەسکەوتانەی لە دوای شۆرشی گەلانی ئێران‌و هاتنە سەرکاری رێژیمی ئاخوندی.

ژنان ئەمرۆ لە ئێران دا لە ژێر سایەی یاسای بنەڕەتی‌دا کە بەند بە بەندی دژی ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان دەچەوسێندرێنەوەو لە سەرەتایی‌ترین مافی ئینسانی بێبەشن‌و کەسایەتیی ئەو توێژەیی کۆمەڵ کە نیوەی کۆمەڵگای ئێران پێك دهێنن، خستۆتە ژێر پرسیار توندوتیژی‌و بێحورمەتی بە ژنان لە ئێرانی ئەمرۆدا بێوێنەیەو رۆژ لە دوای رۆژ پەرەگرتووتر دەبێ.

سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە جیهان بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا پێك هاتوە ئێستاش کۆماری ئیسلامی‌و نیزامی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتە هەر بە عەقڵیەتیی کۆن‌و دواکەوتوانە لە هەموو بوارەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیەکان‌دا بە تایبەت لەمەڕ ژنان بیردەکەنەوە بەجێگای ئەوەی لەگەڵ رەوتی سەردەم بەرەوپێش بچن بەرەودواوە گەڕانەوە.

بەهاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد لە هەڵبژاردنە فەرمایشەکەی ئەم دوایی‌یەدا هێندەی دیکە مەیدان لە ژنانی ئێران تەنگ کراوەتەوەو رۆژ لە دوای رۆژ بەرنامەریزی بۆ هەرچی زیاتر بەرتەسك کردنەوەی ویست‌و داخوازی‌یەکانی ژنان‌و برەودان بە ناعەداڵەتیی دژ بەو توێژەی کۆمەڵ دەکرێ.

بەڵام بە خۆشی‌یەوە ژنانی ئێران لە ماوەی ٢٧ ساڵ تەمەنی حاکمیەتی کۆنەپەرەستی‌و سەرەڕۆیی بە شێوەی جۆراوجۆر هاتوونەتە مەیدان‌و پێشەنگی هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە وڵاتدا بوون‌و بەخۆراگری‌و لە خۆبردوویی‌یەوە بەرنگاری زۆڵم‌و زۆری بوونەوەو تەسلیمی بیروباوەڕی کۆن‌و دواکەوتووانەی کۆنەپەرەستی نەبوون، بەتایبەتی ژنانی کوردستان کە هەردەم قاڵبووی ناوکوورەی خەبات‌و تێکۆشان بوون‌و لە بەرامبەر سەرکوت‌و زەبرو زەنگ‌دا بە چۆك دا نەهاتون‌و خۆراگر بوون، دیارە هەر ئەوەش لە ژنانی کوردستان چاوەڕوان دەکرێ چونکە ژنانی کورد هیچ کات لە بەرامبەر مافی خۆیان‌و مافی گەلەکەیان بێدەنگ نەبوون چونکە ئەوان سەرەڕای زەوت بوونی مافی خۆیان لەگەڵ زوڵمی نەتەوایەتیش بەرەوڕوون.

هەر بۆیە لەم بۆنە پیرۆزەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك رێکخراوێکی داکۆکیکەر لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان دەنگی خۆی تێکەڵ بەدەنگی هەموو ژنانی چەوساوەی جیهان بە تایبەتی ژنانی کوردستان دەکاو پشتیوانی لە خەباتی رەوای هەموو داکۆکیکەران لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان دەکا.

سەرکەوێ خەباتی رێکخراوەکانی ژنانی جیهان بۆ داکۆکی لە مافە بەرحەق‌و رەواکانیان

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٨ی مارسی ٢٠٠٦

**ژنانی ئێران لە بواری فەرهەنگی‌و کولتووری‌و خەباتگێڕی‌یەوە خاوەن رابردوویەکی پڕشنگدارو درەوشاوەن‌و لە هەموو بزووتنەوەکانی دژی ئیستبدادی‌و ئیستعماری‌و سەرەڕۆیی‌دا رۆڵی بێوێنەیان بووەو لە هیچ دەورەیەك دا سەریان بۆ زوڵم‌و زۆرداری نەوی نەکردوە**

**- ژنانی کوردستان کە هەردەم قاڵبووی ناوکوورەی خەبات‌و تێکۆشان بوون‌و لە بەرامبەر سەرکوت‌و زەبرو زەنگ، بە چۆك دا نەهاتون‌و خۆراگر بوون،**

# کۆبوونەوەیەك بۆ ژنان بەبۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژن

## لە لایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور بەرپرسی رێکخراوە سینفی دێموکراتیکەکان





بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژن، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی چوارشەممۆ لە یەکێك لە سالۆنەکانی کۆمیسیۆنی ئامووزش کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ ژنانی کەمپەکانی ئازادیو زەویسپیو ئامریە پێك هێنا کە بەشێکی زۆر لە ژنانی ئەم کەمپانە بەشداریی چالاکانەیان تێدا کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا بێجگەلە پێشکەش کردنی پەیامی یەکیەتیی ژنان لە لایەن بەرێز خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە، داوا لە هاورێی بەرێز خەدیجەی مەعزوور ئەندامی جیگری کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی بنیاتی رێکخراوە سنفییە دێموکراتیکەکانو ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کرا کە لە سەرتایبەتمەندی ئەم رۆژەو هەڵسەنگاندنی خەباتی ژنانی ٩٦ ساڵ لەوە پێش لەگەڵ خەباتی ئێستای ژنان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانو بە تایبەتی خەباتی ژنانی کورد لە پێناو مافەکانیان لە کوردستان داو هەروەها چەند قسەیەك لە پێوەندی لەگەڵ بەهێز کردنی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان لە نێوخۆو دەرەوەی یەکیەتیی ژنان چەند وتەیەك پێشکەش بکا. پاشان بەرێوەبەری بەرنامە خاتوو سکاڵا حەکیم زادە ئەندامی بەرێوەبەری کۆتایی بەرنامەی بە چەند قسەیەكو بە شیرینی خواردن راگەیاند. ئێستاش سەرنجتان بۆ چەند بەشێك لە قسەکانی خاتوو خەدیجەی مەعزوور رادەکێشین.

خاتوو خەدیجەی مەعزوور لە سەرەتای وتەکانیدا پیرۆزبایی رۆژی جیهانی ژنی لە سەرجەم ژنانی بەشدار بوو لە ریزی خەباتو هەروەها ژنانی کوردستانو ژنانی جیهان کردو کوتی: گرینگی ٨یمارس بۆ ساڵی ١٩٠٧ی زایینی دەگەرێتەوە کە ئەو رۆژە لە تاریخی خەباتی ژنان دا جێگایەکی تایبەتی هەیە. ژمارەیەك لە ژنانی چەوساوەو هەژاری کارگەی جلو بەرگی شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا دەستیان بە رێپێوان کردو خوازیاری بارودۆخێکی باش بۆ کار کردنو بە رەسمییەت ناسینی مافی بەرامبەری کۆمەڵایەتی بوون. ئەو ژنانە بە سەرمای سەختی زستانی نیۆیۆرك بەدانی دروشمی جۆراوجۆر بەمەبەستی بردنە سەری حەقدەستیان شەقامەکانیان دەپێواو لە گەرەکە دەوڵەمەندنشینەکان دا دەکەوتنە بەر پەلاماری پۆلیسو ژمارەیەکیان دەگیرانو ژمارەیەکیشیان بریندار دەبوونو تەنانەت دەکوژران.

ئەو ژنانە هەموو ساڵێ لە رۆژی ٨ی مارس دا بە داوایەکی نوێترەوە خۆپێشاندانیان وەرێدەخست. ئەو جار داواکاری مافی دەنگدانو کۆتایی هێنان بەکاری قورسو تاقەت پروکێنو کەڵك وەرنەگرتن لە منداڵان بۆ کار کردن بوون، دیسان لەگەڵ پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکان بەرەوروو دەبوونەوەو بەڵام ژنان کۆڵیان نەدەداو لە ساڵەکانی دواتریش دا هەر بەم بۆنەوە رێپێوانیان وەرێدەخست.

ئەو ژنانە لەسەر خەباتو داواو ویستی خۆیان سوور بوونو لە پۆلیسو دامودەزگا سەرکوتکەرەکان نەدەترسانو بەڵکوو زیاترو مصمم تر لە سەر ویستەکان پێیان دادەگرت.

ساڵی ١٩١٠ی زایینیی ژنێکی خەباتگێر بەناوی(کلارا زتکین) کە ژنێکی سوسیالیستی ئاڵمانی بوو لە دووهەمین کۆنگرەی نێونەتەوەیی ژنان دا رۆژی ٨ی مارسی بە نێوی رۆژی جیهانی ژن پێشنیار کردکە هەموو ساڵێ لەو رۆژەدا مەسەلەکانی ژنان لە کۆبوونەوەکانو سیمینارەکان دا بێتە گۆر. ساڵێك دوای ئەم پێشنیارە ئینترناسیۆنالی دووهەم بەرەسمی ٨ی مارسی بە"رۆژی جیهانی ژن" ناودێر کرد.

یەکەم جار رۆژی نێونەتەوەیی ژن لە وڵاتی ئاڵمان پاشان لە وڵاتی ئوتریش لە لایەن کرێکارانی ژنەوە بەرێوە بردرا. دیارە لەو وڵاتانەش دا لەگەڵدژکردەوەی دەزگا سەرکوتکەرەکان بەرەورووو دەبوون. پاشان بەرێوەبردنی ٨ی مارس بۆ وڵاتی روسیە گوێزرایەوە. حکوومەتی تزاری روس بە هەموو شێوەیەك بەرنگاری ژنان دەبۆوە، بەڵام ژنانی روس بریاریان دا لە رۆژی ٨ی مارس بڵاوکراوەیەك لە سەر ژنان کە مافەکانیان تێدا گونجاو بێ بڵاو بکەنەوەو لەو بڵاوکراوەدا داوا لە ژنان کرابوو کە بۆ رووخاندنی حکوومەتی تزار کە ماکەی نابەرامبەری بوو بروخێنن.

٨ی مارس بە رۆژێکی گرینگ ناسراوەو ژنان بە ئاشکراو نهێنی ئەم رۆژە بە شێوەی جۆراوجۆر بەرێوە دەبەن. دیارە لە وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوەکان دا ئیزن بە ژنان نادەن کە لە رێز لەم رۆژە بگرنو داواکانیان بێننە گۆر. هەر داوایەك بە توندترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کە دێموکراسی حاکمە ژنان بە ئاسانی لەم

←

ڕۆژەدا لەگەڵ حکوومەتەکان بێننەگۆڕو ڕێگاچارە بۆ کێشەو ویستو داخوازەکانی ژنان بدۆزنەوە.

خەدیجەی مەعزوور ڕوو لە ژنانی بەشداری کۆبوونەوە دەکاو دەڵێ: هاوڕێیانی خۆشەویست!

لێرەدا هەمووما‌ن دەزانین‌و دەرك دەکەین لە هەلومەرجی سەختی نزیکەی سەد ساڵ لەوەپێش ژنان بە چ هەوڵو ماندوو بوونێکەوە لە کاتێك دا کە هیچ پشتیوانێکیان شك نەدەبرد، توانیویانە سەرکەوتن وەدەست بێنن. بۆنموونە بۆ ئەو سەردەم گرینگ بوو حکوومەتی تزار بڕوخێنن یا لە ولاتانی ڕۆژئاوادا ژنان مافی دەنگدان‌و خوێندن‌و هێندێك مافی کۆمەڵایەتیی دیکە وەدەست بخەن کە تا ماوەیەك لەوە پێش ئەو مافانە لە هێندێك ولاتانی دەوروبەردا وەك خەون وابوون. ژنانی ڕۆژئاوا ئازایانە لەسەر وەدەست هێنانی مافەکانیان سوور بوون. وردە وردە بوون بە خاوەن ئیرادەو بڕیار، تەنانەت لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا بوونە بڕیاردەریش. هەروەك ئاماژەی پـێکرا ئەو مـافانە هاسان وەدەست ژنان نەکەوتووە. هەمووی بە فیداکاری‌و قوربـانیدان لە پێناویاندا هاتۆتە دی. لەو ژنانەدا بێ‌ورەیی‌و بەزین نەبووە، چونکە وەدوای هەددەفێکی پیرۆز کەوتبوون‌و باوەڕیان پتەو قایم بوو لەسەر ئەو داوایانەی کە مەبەستیان بوو. ئاکامەکەش بە دڵخوازیان بوو. ئێستا ژنان لە زۆر ولات دا بوونەتە خاوەن ئەو مافانە کەلە (میثاق) کـانو پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا گونجاون. ئێـمە شاهیدی پێشکەوتنی ژنانی ڕۆژئاواین‌و دەبینین تا چ ڕادەیەك بە مافەکانیان گەیشتوون‌و لە زۆر بواردا سەربەستن‌و بەبەراورد لـەگەڵ ژنانی ولاتانی دواکەوتوو چەندە ڕاحەتن.

خەدیجە مەعزوور دەڵێ: ئێمە ژنانی کورد چیمان کردوە پاش ٢٧ ساڵ تێکۆشان‌و بەگشتی پاش ٦٠ ساڵ دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بە کوێ گەیشتووین. لـە بارەی ئەو ژنانەی ڕاستەوخۆ لە ڕیزی خەبات دان زۆرمان کوتوەو نووسیوە. بە ڕاشکاوی گوتوومانە ئەو خەباتە ئەگەر هەیەو سەربڵێندەو قایم لە بەرامبەر ڕێژیمێکی غەدار ڕاوەستاوەو ئەو خەباتە گەلێك دەسکەوتی فەرهەنگی‌و ئەدەبی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بە نرخی هەبووەو جێگای شانازی خاص‌و عام بووە، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر ژنانی بە ورەو فیداکاری خۆمان، ئەو ژنانەی کە ئێستا لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارن‌و یا ئەو ژنانەی بەهۆی جۆراوجۆر نەیانتوانیوە بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا بکەن، مایەی سەرفیرازی بوون، بەدەیان سەختی‌و نەهامەتی‌و بێ‌بەشیان چێشتوەو ژیان‌و تەمەنیان لە پێناوی‌وبە ئاکام گەیشتنی شۆڕش داناوە. ئێستاش ئەوەندە بەورەن، هەر دەڵێی تازە لە ســەرەتای ڕێـگا دان. شەکەتی‌و ماندوویەتی غەریبایەتی‌و بێ‌بەشیان پێوە دیار نیە. بە شەوقەوە کەشتی خەبات پاڵ پێوە دەنێن‌و بەرەو کەنارەکانی سەرکەوتن دەبەن. پێم خۆشە لێرەدا ڕێز لە هەموو ئێوە ژنان لەم ڕۆژە پیرۆزە کە ڕۆژی جیهانی ژنە بگرین‌و سەد ئافەرین بۆ ئێوە بنێرین کە هەم پاڵپشتی بە هێزی شۆڕش بوون‌و هەم یارو یاوەری هاوسەرەکانتان بوون، یەك چەپڵەی توند بۆ خۆمان لێ بدەین کە چەندە فیداکاریمان کردوەو چەندە بەتەنگ شۆڕشەوە بووین.

خاتوو خەدیجە، پاش ئەو ستایشە لە ژنـانی شۆڕش گـوتی: هاوڕێیانی خۆشەویست! ئێمە ژنانی کورد بە گشتی تازە لە سەرەتای ڕێگە داین دەبێ هێزو وزەکانمان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان یەك بخەین‌و ڕێك بخەین‌و بێنە مـەیدان تا کەشتی سەرکەوتن بە ساحیل نزیکتر کەینەوە.

ئەو کارو چالاکیانەی کە ئێستا ئێمە سەبارەت بە ژنان‌و مەسەلەی نەتەوایەتی دەکەین کەم‌و نادیارە. دیارە لە بەراورد لەگەڵ ئەو هەلومەرجە ناسکەی کە تێداین. ژنان دەبێ بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان بۆ تەشکیلاتێکی پتەوو چالاك چ لێرەو چ لە ناوخۆی ولات دا هەوڵ بدەن. چالاکیەکانمان لە جیهەتی ئاکتیو کردنی هێزێکی بە بەرنامەو خاوەن پرۆژە دابێ. هەر تەشکیلات یا هێزێك خاوەن پرۆژەی بێ بۆ بردنە پێشی ئەو پلان‌و هەددەفانەی کە مەبەستیەتی سەرکەوتوە. بەڵام ئەگەر هەر کەس لە ئاست خۆیەوە جمووجۆڵ لە خۆی نیشان بدا ئەوە پرژوبڵاوەوبە ئاکام گەیشتنی سەختە.

ئێمە ژنان دەبێ تەشکیلاتەکەمان وا بە چەکی زانست‌و تێگەیشتنی‌تەیار بکەین کە، بتوانێ ماهییەتی ڕێژیمەکان بگۆڕێ یا لە بنەڕەت ڕا تەئسیر لە سەر ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە دابنێ‌و یا بە چۆکیان دابێنێ ئەو ڕێژیمانەی کە حاشا لە بوونی نەتەوەیەك دەکەن‌و هەموو هێزیان بەکار دەبن بۆ تواندنەوەی گەلی کورد یا بە هەموو شێوەیەك ژن دەچەوسێننەوەو وەك مەوجوودێکی دەستەوەستان‌و دەرەجە دووی کۆمەڵ حیسابی لە سەر دەکەن.

ئەوە ئینکار ناکرێ کە ژنان نیوەی حەشیمەتی جیهان پێك دێنن‌و تەنانەت لە هێندێك وڵاتدا لەبەر هۆی جۆراوجۆر لە نیوەکەش زیاترن. بەڵام هیچ کات بۆ گەیشتن بە هەددەفەکانیان هەموو ئینرژی‌و هێزی خۆیان بەکار نەهێناوە یا بۆ خۆیان نەیانویستوە یا لە سەرڕێگایان دا بەربەست پێك هاتوە. بە بڕوای من دەبێ ژنی کورد ئەو هێزە بێ کە لانی کەم لە هەڵبژاردنە چارەنووس سازەکان دا تەئسیری هەبێ‌و لە لابردن دەسەڵاتەکان‌و ئاڵوگۆڕەکان دا نەخشی هەبێ.

خەدیجە مەعزوور لەو پێوەندی‌یەدا کوتی: لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی لە دروست کردن‌و وەجووڵە خستن‌و سازمان دانی هێزی ژنان دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراوێکی مەسئوولی وەك یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کە خاوەنی ٦٠ ساڵ تەمەنە‌و هەروەها ژنانی لایەنەکانی دیکەی کوردستان. ئەگەر ئێمە لە پێشەوە نین با لە دواوەش نەبین. با پژاك‌و هێندێك ڕێکخراوی لە گوێن ئەو کوردستان نەکەنە مەیدانی ڕمبازێن‌و بەرێوە بردنی سیاسەتەکانیان لە نێو ژنان‌و لاوان دا کە دیارە ئێستا تا ڕادەیەك لەو بوارەدا سەرکەوتوون.

ئێمە ژنان دەبێ ئینقلاب بکەین لە دژی هەرچی دیاردەی دزێو یا فەرهەنگی دواکەوتووانەی ناو کۆمەڵە. لەو بوارەدا ژنان تا هەڵدێرگەی نەمان چوون. دەبێ بۆ ئینقلاب کردن لە نێو قانوون‌دا سەر قافڵە بین، چونکە لە بواری ماف‌و حووقووقەوە ژنان تا ڕادەی بەردەگی حیسابیان بۆ کراوەو لە نێو قانوونی کۆماری ئیسلامی‌دا جێگایەکی شیاویان نیە.

پاشان خەدیجە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا ڕوو لە بەشدارانی کۆبوونەوە دەکاو دەڵێ: هاوڕێیان هەروەك باسمان کرد ژنان نزیکەی سەد ساڵ لەوەپێش چالاکانە بۆ دەستەبەر کردنی مافە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکانیان لەگەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکان دەستەو یەخە بوون‌و تەنانەت لە پێناو هەددەفەکانیان قوربانیان داوە. ئێستا سەدەی(٢١)ە ژنان لەم سەردەمەدا وەك ڕابردوو بە تەنیا نین‌و چووکترین بەربەست لەسەر ڕێگایان دا پێك بێ کە شایانی کەسایەتی ژن نەبێ لانیکەم دەزگای"ڕاگەیاندن" کە دەزگایەکی بە هێزەو لە ماوەیەکی کورت دا گشت مەسەلەکان بە ئاگاداری جیهانیان دەگاو تـەنـانـەت ڕێـکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤ

بۆ لاپەڕی١٣

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێك بەبۆنەی شەستەمین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان



شیلان شێخی



شنۆ مێهرپەروەر



دانی خەڵات بەسەر ژنانی سەرکەوتوو لە بواری وەرزش



کۆرسی سروودی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان



دیمەنێك لە هەڵپەڕکیی بەشداران



دیمەنێك لە شانۆی "ونبووەکانی وڵات"



سوهەیلا قادری



تریفە فاتحی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی رەشەمەی ساڵی ١٣٨٤، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە شەست ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو یادکردنەوە لەو ژنە پێشڕەوانەی لە ریزەکانی ئەم یەکیەتی‌یەدا تێکۆشانو خەباتیان کردوە، ڕێوڕەسمێکی تایبەت پێك هات.

ئەو ڕێوڕەسمە کە لەودا ژمارەیەك لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان، قایمقامی کۆیە (کوردە خان)، بەشی ژنانی ڕێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامانی ڕێبەرایەتی‌و ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەشدار بوون، بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" دەستی پێ‌کرد.

بڕگەکانی بەرنامەی ڕێوڕەسمەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

- پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن کاك عەلی مێهرپەروەرەوە.

— پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان خوێندرایەوە.

- پەیامی کوردەخان، قایمقامی کۆیە.

— پێشکەشکردنی پەیامی بەشی ژنانی ڕێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، خاتوو سیوەیل

— پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن کاك مەنسوور سەممارەوە

— پارچە شیعرێك لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە، خاتوو شنۆ مێهرپەروەر.

- سروودی "ڕاپەڕین"، کۆرسی یەکیەتیی ژنانو کۆڕی هونەریی حیزب.

- گۆرانیی "سەوزەڵێ"، خاتوو شیلان شێخی.

- هونراوەی باوەڕ، خاتوو سوهەیلا قادری.

— سروودی "گوڵی سەربەستی"، کۆرسی یەکیەتیی ژنانو کۆڕی هونەریی حیزب پێشکەشیان کرد.

— هونراوەی "ئەوینێکی بێ‌کۆتایی"، تریفە فاتحی.

- چەند گۆرانی، کۆرسی یەکیەتیی ژنان.

— شانۆی "ونبووەکانی وڵات" لە دەرهێنانی عەباس حەقبین

— بەخشینی خەڵات بە ژمارەیەك لە ژنانی وەرزشوان

- نیشاندانی جلوبەرگی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

شایانی باسە ڕێوڕەسمەکە بە چەند گۆرانیی شادی گۆرانیبێژ فەرهاد ساڵحی‌و هەڵپەڕکێی بەشداران درێژەی کێشا.



**هاوڕێ یانی خۆشەویست!**

**ژنانی خەباتگێڕو کۆڵنەدەری کوردستان!**

**ئامادەبووانی بەڕێز سڵاوی خەبات و یەکسانی!**

ئەمڕۆ یادی ڕۆژێکی مێژوویی و پرشنگدار لە خەباتی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران دەکەینەوە کە شەست ساڵ لەمەو بەر تۆ نەمامی ڕێکخراوێکی مەدەنی بە هەوڵی پێشەوای نەمری گەلی کورد و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی دامەزراندنی دراو بە دەستی شێرەژنانی کورد لە کوردستانی ئێران ئاودێر کرا. بەم بۆنە پیرۆزە واتە ٢٤ی ڕەشەمە شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەری ڕێزو وەفا بۆ دامەزرێنەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە سەر رووی هەموویانەوە پێشەوای نەمر و مینا خانمی قازی دادەنوێنین.

لەم مناسەبەتەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پیرۆزبایی لە ئامادەبووانی بەڕێزو هەموو ئەندامان و لایەنگرانی و سەرجەم ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەت ژنانی سەربەرزو رووسووری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و ژنانی تێکۆشەری ناو ڕێکخراوەکانی شۆڕش و یەکیەتیی ژنان دەکا، ئەو شێرە ژنانەی کە چارەگە سەدەیەکە دوور لە خۆشەیستانیان و بێ بەشی لە ژیانی سەردەم خۆراگرو فیداکار وێڕای داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆیان لە

# پەیامی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان

**لەلایەن خاتوو عیسمەت نستانی**

**بەرپرسی یەکیەتیی ژنانەوە**

پێناوی گەلەکەیان‌دا لە کۆڕی تێکۆشان دا ماونەتەوەو بەردەوامن لە خەبات.

**بەڕێزان!**

دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەست ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە کاتێکدا پێی نایە گۆڕەپانی خەبات کە لە لایەك داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوانە بە سەر کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و لە لایەکی‌تر نەبوونی نیزامی دەرەبەگایەتی بە سەر کۆمەڵی کوردەواری دا کە بەم پێیە ژنانی لە مافی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و ئابووری بێ‌بەش کردبوو، دەسکەوتێکی بە نرخ و بەجێ بۆ ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران دابوو.

دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بیری پێشکەوتنخوازانە و پێشکەوتووانەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان‌و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕێخۆشکەر بۆ دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی ژنان و هاندەر بوو بۆ ئەوەی ژنانی کورد لە ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دا دەوری کاراو بەرچاویان هەبێ. لە هەمووی گرینگتر هاندانی خێزان‌و بنەماڵەکانیان بۆ تێکۆشان لە ڕێکخراوەیەکی ژنان دا نیشان‌دەری باوەڕی قوڵیان بە ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان بوو. دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وەك یادگاری کۆماری کوردستان بە یەکێك لە دەسکەوتە بە نرخەکانی دەژمێردرێ کە دەتوانین بڵێین ئەگەر کۆماری کوردستان نەبوایە کە لەو سەردەمەدا تێڕوانینێکی سوونەتی لە سەر مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە تایبەت لە سەر ژنان هەبوو، ژنی کورد ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدەدی، ڕێکخراوەیەك کە توانی ژنانی چینی خوێندەوار و نەخوێندەوار لە دەورەی خۆی کۆبکاتەوەو فەرهەنگی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە نێو ژنان دا بڵاوکاتەوە بەڵام بە داخەوە بە نەمانی کۆماری کوردستان خەباتی ڕێکخراوەیی و ئاشکرای ژنان لە تێکۆشان وەستا.

لە ڕاستی‌دا خەباتی یەکیەتیی ژنان بە چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران گرێ‌دراوە هەر کاتێ هەلی بۆ رەخسابێ تێکۆشاوەو لە بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەی چاوەڕوان و بێ دەنگ نەبووە لە کاتی پەلاماردانی کوردستان چوارچێوەی تێکۆشانی بەرتەسك بۆتەوە.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی فەزایەکی مناسبی بۆ خەباتی سەر لە نوێ یەکیەتیی ژنانی دێموکرات ئاوەڵا کردەوە، قۆناغی خەباتی ئەمجارە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و ڕادیکاڵتر خۆی نواند، بە شێوەیەك لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەستی بە کاری تەبلیغی و هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئاموزش دانی ژنان لە بواری سیاسی و نیزامی و هی‌تر کرد.

نەخشی کاراو بەرچاوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە هۆی شەڕی داسەپاوو نەخوازراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەر گەلی کورد لەکوردستانی ئێران هەڵگیرسا بەشداری‌و چالاکی یەکیەتیی ژنان شان بە شانی ڕۆڵەکانی گەل لە مەیدانی

خەبات و تێکۆشان بۆ دیفاع لە ماف و موجودیەتیی خەڵکی کوردستان وەك پشتیوانێکی بەهێزیی ئەم شۆڕشە لە بیر ناکرێ و مێژووش شاهیدی ئەو خۆراگری و قوربانیدانە، دیارە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات خەبات بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان و هەوڵ دان بۆ وەدەستهێنانیان و بەرابەری لە کۆمەڵ و لە خێزان دا بە شتێکی جیا نەکراوە لە خەبات بۆ ئازادی و سەقامگیر بوونی دێموکراسی و دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی زانیوە و دەزانێ.

ژنانی کوردستان لە مێژە زانیویانەو دەزانن بۆچی خەبات دەکەن و ئەوەیان باش بۆ روون بۆتەوە کە ئەگەر لە وڵاتەکەیان‌دا دێموکراسیو سەقامگیربێ و گەلەکەیان لە ژێر دەستەیی رزگاری بێ، گەیشتنی بە ماف و ئازادییەکانی ئەوانیش مسۆگەر و دەستەبەر دەبێ.

بەڕێزان!

یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە کاتێکدا یادی شەستەمین ساڵیادی دەکاتەوە کە جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی بە قۆناغێکی نوێ و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دا تێ دەپەڕێ و تێ پەڕیوە و سیمای دێموکراسی بەرە بەرە بە سەر هەموو جیهان دەگێشێ،و بزووتنەوەکانی ژنانیش رۆژ لە دوای رۆژ پەرە گرتووتر دەبێ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و جیهان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ رێز لە ماف و ئازادییەکانی ئەو توێژەی کۆمەڵ واتە ژنان بگیردرێ و ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر بکرێ. بەڵام بە داخەوە ئێستاش رژێمە دیکتاتۆر و دژە ژن لە جیهان بە مێشکی کۆن و دواکەوتوانە بیردەکەنەوە و لە هیچ چەشنە توندوتیژی و پێ شێل کردنی ماف و ئازادییەکانی ژنان دەستیان نەپاراستوە. کۆمار ئیسلامی یەکێك لەو رژێمانەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری، ژنانی لە سەرەتایی ترین مافی ئینسانی بێبەش کرد بە سەپاندنی حیجابی زۆرەملی و ستاندنەوەی حەقی قەزاوەت لە ژنان دژایەتیی خۆی بە تەواویی لە گەڵ ژنان بە تایبەت لە یاسای بنەڕەتی دا کە بەند بە بەندی دژی ماف ئازادییەکانی ژنان بوو یەك لا کردەوە. لە سەردەمی ئێستاش هەروەك رابردوو لە دوایی هەڵبژاردنە فەرمایشەکەی ئەمجارە و بە هاتنە سەرکاری مۆرەیەکی دیکەی پەروەردەبووی مەکتەبی ویلایەتی فقه هێندەی دیکە مەیدانی سەربەستی و ئازادی لە ژنان بۆ هێنانە لەمپەر لە بەردەم کاروتێکۆشانیان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی و ئابووری دا و رێ خۆش کردن بۆ گەڕانەوەیان بۆ کونجی ماڵەوە.

بەڵام بە خۆشیەوە خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بە تایبەت ژنان سیاسەتە چەوت و دژی گەلییەکانی رژێمیان بۆ روون بووەتەوە و چی دیکە فریوی شوعارە بێ نێوەرۆکەکانی سەردەم دارانی حاکم بە سەر ئێران‌دا ناخۆن و لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی نامرۆڤانەدا دژ کردەوە لە خۆیان نیشن دەدەن. ژنانی کوردیش وەك باقی ژنانی ئێران کە لە گەڵ ئەو زوڵمو زۆریانە بەرەو روون بێ دەنگ نین و پێشەنگی هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە وڵات دا بە تایبەت لە کوردستان‌دا بوون، حوزوور و بەشداری ژنان لە حەرەکەت ئیعتزازییەکانی ئەم داواییانەی شارەکانی کوردستان کە بووە هۆی زیندان و ئازارو ئەشکەنجەو بێحورمەتی بە سەدان ژنی تێکۆشەری کورد لە کوردستانی ئێران دەرخەریخەبات و کۆڵ نەدانی ژنانی کوردە. دیارە ژنی کورد هەمیشە بە هۆی ئەوەی کە لە گەڵ دوو ستەم بەرەو روو بووە ناچار بووە لە دوو بەرەدا لە لایەك بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆی و هەوڵ دان بۆ وەدەستهێنانی و لە لایەکی دیکەوە خەبات بۆ رزگاری گەلەکەی بووە.

**کۆمار ئیسلامی یەکێك لەو رژێمانەیە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە ژنانی لە سەرەتایی ترین مافی ئینسانی بێ بەش کرد. بە سە پاندنی حیجابی زۆرەملی و ستاندنەوەی حەقی قەزاوەت لە ژنان دژایەتیی خۆی بە تەواویی لە گەڵ ژنان بە تایبەت لە یاسایی بنەڕەتی دا کە بەند بە بەندی دژی ماف ئازادییەکانی ژنان بوو یەك لا کردەوە**

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئێحساس و هیواو هومێدەوە دەڕوانێتە خەبات و تێکۆشانی ژنانی کوردستان و ئێران و دڵنیایە لە ئاڵووگۆڕەکانی داهاتووی وڵات دا ژنان دەوری کاراو بەرچاویان دەبێ و شەو پەرەستان و شەمشەمە کوێرەکانی جەهڵ و نەزانی و نامۆ بە ماف و ئازادییەکانی ژنان لە بەردەم ئیرادەی بەهێزیان بە چۆکدا دێن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە ژنانی کوردستان دەکا لە داکۆکی کردن لە مافە بەر حەق و رەواکانیان لە تێکۆشان نەوەستن و لە دیفاع لە مەوجودیەتیی گەلەکەیان دژی هەر چەشنە زوڵم و زۆرێك بێ دەنگ نەبن هەروەکوو نیشانیان داوە خاوەن ورەی پۆڵاین و لە بن نەهاتوو بن، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیمان نوێ دەکاتەوە تا وەدی هاتنی ئامانجە بەرزەکانی ئینسانی و دەستەبەر بوونی ماف و ئازادییەکانی ژنان بە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە خەبات و تێکۆشان ناوەستێ و ئەرك و رەسالەتی سەر شانی بەجێ دەگەیەنێ.

پیرۆز بێ ٢٤ی رەشەمە شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرکەوێ خەباتی ژنانی کورد بۆ هێنانە دی یەکسانی و بەرابەری

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٤ی هەتاوی**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکرات لەلایەن بەڕێز عەلی مێهرپەروەر ئەندامی دەفتەرسیاسی

# بەبۆنەی ٢٤ی رەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**ژنـــانی تێکۆشـــەرو ئـــازادیخوازی کوردستان!**

بــە بۆنــەی شەســـتەمین ســـاڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە، جوانترین پیرۆزبایی بە ژنانی کوردستانی ئێران بە گشتی و ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە تایبەتی، دەڵێین.

٦٠ ساڵ پێش ئێستا دامەزرێنەرانی کۆمـــــاری کوردســـــتان، بــــە لێکدانەوەیـــەکی وردو ژیرانـــە لـــە کۆمـەڵگای ئـەو کـاتی کوردستان کـە حەشـیمەتەکەی بـە گشـتیو ژنـــان بەتایبەتی بە دەست نەخوێندەواری، هـــەژاریی فەرهـــەنگیو ئابووری‌یـــەوە دەیان نالاَند، بە مەبەستی هوشیار کردنـــەوەو بردنـــە ســـەری پلـــەی تێگەیشـــتوویی ژنـــانو ڕێکخســـتنی ڕیزەکانیان هانی ژنانی پێشکەوتوو و تێکۆشەری ناوچەی ژێر چاوەدێریی کۆماری کوردستانیان داو پشتیان گرتن تا یەکیەتی‌یەك پێك بێننو لە پێش هـەموو کەسێك دا خۆیان قۆڵی خەبات بۆ دابینکردنی مافە رەواکانیان هەڵماڵن.

ئەگـەر پێکهێنـانی کۆڕوکۆمـەڵ و ئەنجومـەن و ڕێکخـراوو سـەندیکاو... هتـد لـە سەردەمی ئێستادا، کارێکی ئاسایی‌یە، ٦٠ ساڵ پێش ئێستا پێکهێنـانی ناوەنـدێك بۆ داکۆکیکردن لـە مـافی ژنـان و بـە بەشداری ژنـانی ئـەو کـات کـارێکی مـەزن و هـەنگاوێکی بـە نـرخ بـووە کـە دەبـێ وەك یـەکێك لـە دەسـکەوتە پـڕ بایەخـەکانی سەردەمی کۆمار چاوی لێ بکرێ. دامەزرانـدنی یەکیـەتیی ژنـان بـەو مانایەیـە کـە ڕێبەرانی کۆمار، هەستیان بەوە کردبوو کە ئەگەر بیانهەوێ کۆمـەڵگای کـوردەواری پـێش بخـەن، نـاتوانن سـەبارەت بـە نیـوەی ئـەو کۆمەڵگایـە کەمتەرخـەم و بـێ هەڵوێست بن. هەر بۆیە بایەخێکی تایبەتی بـە پـەروەردەکردنی ژنـان و لـە ڕێگـای خۆیانـەوە درا. گۆمـان لـەوەدا نیـە کـە ئەگـەر کۆمـاری کوردسـتان جوانەمـەرگ نەکرابا، چارەنووسی ژنانی کوردستان ئێستا جۆرێکی دیکـە بـوو و چـەندین قۆنـاغ لەپێشتر بوو. بەلاّم بە خۆشـییەوە هـەم حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و هەم ژنانی دێموکرات و ئـازادیخواز و ئـەرك وەخـۆگر ئـەو رەچـەیە کـە بـە هـەوڵ و کۆششی ژنانی خەباتگێری ٦٠ ساڵ پێش ئێستا، شـکا، درێـژەیان پـێداو لـە سـەر ڕێبازەکەی سوور و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان شێلگیر بوون.

**ژنانی خەباتکار!**

لە هەلومـەرجێك دا یـادی ٦٠ سـاڵەی دامەزرانـدنی یەکیـەتیی ژنـانی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، دەکەینـەوە کـە بەداخـەوە بـارودۆخی سیاسـی، فەرهـەنگیو ئابووریی خەڵکی ئێران بەگشتیو ژنان بەتایبەتی رۆژبـەڕۆژ بـەرەو خراپـی دەچـێو

دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی تێدەکۆشێ لە هەموو کات زیاتر پەل بهاوێژێ. ئەگەر فشارهێنان بۆ جەماوەری خەڵکی ئێران، بەمەبەستی داسەپاندنی دەسەڵاتی رەشی دیکتاتۆرییەو هانای نەفەسکێشان نادا، سەرکوتی ژنانو بەرتەسککردنەوەی ئازادیو پێشێلکردنی مافەکانیان سەرچاوە لە بۆچوونی ئایینی رێژیم دەگرێو قورساییو گرانیی دیکتاتۆری لە سەر شانی ژنان بەنیسبەت پیاوان چەند قاتە. یاسا ئایینییەکان پێش هەموو کەس لە سەر ژنان بەتاقی دەکرێنەوەو لە ئاکام دا بێبەشی ژنان هەم بەهۆی نابەرانبەریی ژنو پیاوو هەم بەهۆی بۆچوونی تایبەتی لە سەر ژنان زۆر زیاتر لە پیاوانە.

خەڵکی کوردستان هاوئاهەنگ لە گەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی جیهان بەرەو پێش هەنگاو دەنێنو ئێستا مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێ دا نیشتەجێیە تێپەڕیوەو چیدی رێژیمەکانی ئەو وڵاتانە ناتوانن نکۆڵی لە مەسەلەی کورد بکەن. بە تایبەت کورد لە کوردستانی عێراق لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا جێی گرتووەو، چەندین قۆناخی سەخت و دژواری بڕیوەو ئێستا بەشێکە لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە و شەریکە لە ئیدارەکردنی وڵات دا.

ئەگەر شنەبای ئازادیی گەلانی ناوچەی گرتۆتەوە، ژنانیش لەو مەیدانەدا چالاکن و مەسەلەکەیان نە تەنیا لە ناوچەکەدا، بەڵکوو لە سەرانسەری جیهاندا بە گەرمی جێی باسە و ژنانی جیهان بە نیسبەتی پێشکەوتوویی وڵاتەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان گەیشتوون و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر نەخش و ڕۆڵی ئەوان لە بە ئەستۆگرتنی ئەرك و بەرپرسایەتیی ئیدارەکردنی وڵاتاندا خۆ نیشان دەدا. حەوتوویەك لەوە پێش جێژنی ٨ی

**ژنانی کوردستانیش نیشانیان داوە کە لە دوو بواردا چالاك بوون، یەکەم، لە بەشداریکردن لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردو لەو پێناوەدا بۆ بردنە پێشی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد، سڵیان لە زیندان، ئەشکەنجە و ئیعدام لە لایەن ڕێژیمی دژی کوردو دژی ژنی کۆماری ئیسلامییەوە نەکردۆتەوە. دووهەم، لە بواری داخوازە تایبەتییەکانی خۆیان کە خوازیاری یەکسانیو بەرانبەری لە گەڵ پیاوان بوونو**

مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە سەرانسەری جیهان بەڕێزو شکۆیەکی تەواوە گیرا، بەڵام بە داخەوە لە ئێران ڕێوڕەسمی پیرۆزڕاگرتنی ئەو ڕۆژە، لە لایەن ژنانی مافخوازی ئێرانەوە، لە گەڵ هێرشی وەحشیانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەرەوروو بووەو، وەڵامی داخوازە ڕەواکانیان بە سەرکوت و لێدان درایەوە.

ژنانی کوردستانیش نیشانیان داوە کە لە دوو بواردا چالاك بوون، یەکەم، لە بەشداریکردن لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردو لەو پێناوەدا بۆ بردنە پێشی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد، سڵیان لە زیندان، ئەشکەنجە و ئیعدام لە لایەن ڕێژیمی دژی کوردو دژی ژنی کۆماری ئیسلامییەوە نەکردۆتەوە. دووهەم، لە بواری داخوازە تایبەتییەکانی خۆیان کە خوازیاری یەکسانیو بەرانبەری لە گەڵ پیاوان بوونو دەتوانین بڵێین هەم لە بردنەسەری پلەی تێگەیشتوویی خۆیانو هەم لە فەرهەنگسازی بە قازانجی لەبەرچاو گرتنی مافی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، سەرکەوتنی ڕێژەییان بەدەست هێناوەو جووڵانەوەی تایبەت بە مافخوازیی ژنان، ئێستا بۆ خەڵکی کورد بە باشی ناسراوەو بایەخی پێدەدرێ.

جێی خۆیەتی لەوەها ڕۆژێك دا، ڕێز لە فیداکاریو هەوڵو تێکۆشانی ئەو ژنە شۆڕشگێرانە بگرین کە لە هەلومەرجی دژوارو پڕ کەندوکۆسپی زاڵ بە سەر وڵات دا لە ڕیزی تێکۆشەرانی مافی ژنانی کوردستانی ئێراندا. بەبێ گوێدان بە ئاستەنگەکانی بەرپێیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی یەکسانی ژنان لە گەڵ پیاوان لە کوردستاندا کۆڵنەدەرانە ئاستەنگەکانیان بڕیوەو بەرەوپێش هەنگاویان ناوەو، هەروا لە تێکۆشاندا بەردەوامن.

لە شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژناندا، جارێکی دیکە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە داخوازە ڕەواکانی ژنان بە گشتیو ژنانی کوردستان بە تایبەتی دووپات دەکەینەوە، ئەو پشتیوانیو پشتگیرییە لە ئامانجو بەرنامەو بڕوای حیزبی دێموکرات بە مافی رەوای ژنانەوە سەرچاوە دەگرێ. پێمان وایە بە بێ ڕزگاریی ژنان بە مانای ڕاستەقینەی خۆی، ڕزگاریی کوردیش ناتوانێ مسۆگەر بێ.

بە هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتری یەکیەتییەکەتانو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانتان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٤/١٢/٢٤ی هەتاوی**

## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بە بۆنەی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**لەلایەن بەڕێز مەنسوور سەممار جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوان**



سەرەتا بە ناوی سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوان و هەموو لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کوردستان گەرمترین و رازاوەترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان بە گشتی و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەکەین و وەك بەشێك لە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات خۆمان لە جێژنی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ئەو یەکیەتییەدا بە شەریك دەزانین.

ئەمڕۆ یەکیەتیی ژنان لە کات و هەلومەرجێك دا یادی دامەزرانی پیرۆز رادەگرێ کە لە لایەك شایەتی بە ئاکام گەیشتنی خەباتی دوورو درێژی ژنان لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان داین و ژنان لە جیهانی پێشکەوتوودا بە بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی خۆیان شاد بوون و نۆرم و بەهاکان ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هاتوە، لە لایەکی دیکەوە ژنانی ئێران و کوردستان لە ژێر سایەی رەشی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی دا لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان بێ بەشن.

هەر چەند زەبر و زەنگی رێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران فاکتەرێکی سەرەکی پێکهێنانی ئەو دۆخە نالەبارە بۆ ژنانن، بەڵام داب و نەریتەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئێمە دا وەك پیاو سالاری بێ سنوور، بێ ئاگایی و بێ سەوادی و باوەڕ بەخۆ نەبوونی ژنانی کورد و زۆر دیاردەی لەو چەشنە هێندی دیکە ژنانی کوردی خستۆتە ژێر تەوژمی مافخوراوی و ستەملێکراوی.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو دۆخە تاڵەی بە سەر ژنان دا زاڵە، ئەرکی ژنانی کورد و رێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافی ژنان و بە تایبەتی یەکیەتیی ژنای دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەزموونی ٦٠ ساڵەوە لە بەرز کردنەوەی ویست و ئامانجە رەواکانی ژنانی کورد و وشیار کردنەوەیان بە نیسبەت مافەکانیان و هەروەها ئاراستە کردنی گوتارێکی بەهێز و پێکهاتە شکێن زۆر ئاستەم و دژوارە. ئەمڕۆ لە جیهان دا زیاتر لە هەموو سەردەمێك رێکخراوە سنفی و مەدەنییەکان بایەخیان پێ دەدرێ و وەك هێزێکی پێشکەوتنخواز و کاریگەر لە سەر هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی شوێن پێیان دیارە و لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکرات و ئازادن و هەر ئەوە قورسایی ئەرکی یەکیەتیی ژنان دەردەخا.

بەو هیوایەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك دیاری بە نرخی کۆماری کوردستان لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ژنان دا سەرکەوتوو بێ.

پیرۆزبێ یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سەرکەوێ خەباتی ژنانی کورد لە وەدەستهێنانی مافەکانیان!

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٤ی هەتاوی**

# بەیانیەی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان

بۆ جارێکی دیکەش دەستی جینایەت و مرۆڤ کوژیی کۆماری ئیسلامی ئێران رۆڵەکانی نەتەوەی کوردی کردە قوربانیی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی خۆی و پەیامێکی روون و ئاشکرای دیکەی بۆ خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و خەڵکی ئێران و جیهان بە گشتی خستە روو.

تەمەنی ٢٨ ساڵەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لیپاولیپە لە سەرکوت و کوشتاری خەڵکی مەدەنی و ئێعدام و ئەشکەنجەی ئازادیخوازانی کورد و پێشێل کردنی مافی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ژنان و لاوان بە تایبەتی. سەرەڕای هەموو ئەو ئازار و فشارانەی کە لە سەر دوو توێژی ژنان و لاوان ئەنجام دراوە، ئێستاکەش شاهیدی چالاکی و خەباتی بوێرانە و بەرچاوی ژنان و لاوان لە کوردستان داین، کە زیندانی و ئەشکەنجەی ژنانی چالاك لە بواری ژنان لە چەند ساڵی رابردوودا

و رژانە نێو شەقامی لاوان لە بۆنە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکان دا سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە خەبات بەدژی دیکتاتۆڕی و سەرەڕۆیی تا دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی و ئینسانییەکان و بەچۆك داهێنانی پەیام هێنەرانی جەهل و تاریکی درێژەی هەیە.

**ژنانی خەباتگێڕ و نەترسی کوردستان!**
**لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کورد!**
**رێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ !**
**کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!**

هەروەك ئاگادارن رێژیمی مەلاکان لە درێژەی سیاسەتی چەوساندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد لە رۆژانی رابردوودا هێرشێکی زۆر بێ بەزەییانەیان کردۆتە سەر خەڵکی خۆپیشاندەر لە شارەکانی ماکۆ و پۆلدەشت و شووت، کە بە دەیان کەس لە خەڵکی قارەمان و نیشتمانپەروەری ئەو شارانە بوونەتە قوربانی یان بریندار بوون و یان براونەتە سیاچاڵەکانی رێژیمەوە.

ئێمە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە دڕندانەیە، هاوخەمی و هاودەردی خۆمان لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەو رووداوە دڵ تەزێنە دەردەبڕین و داوا لە رێکخراوەکانی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ و هەموو رێکخراوە بەشەردۆستەکان دەکەین کە لە بەرانبەر ئەو حەرەکەتەی دەسەڵاتدارانی تێرۆریست و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە بە دوورە لە هەموو پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و لە دژایەتی ئاشکرا دایە لە گەڵ سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیان، بێدەنگ نەبن و لە هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆیان بۆ پێش گرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو رووداوانە کەڵك وەرگرن.

**یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**
**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**
**٤شەممە ٣ی رەشەمەی ١٣٨٤ی هەتاوی**
**٢٢ی فێوریەی ٢٠٠٦ی زایینی**

### پەیامی پیرۆزبایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بەبۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

لە لایەن هاوڕێ ڕووناك خاتوونی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان

***بەشدارانی بەڕێز!***
***هاوڕێیانی تێکۆشەر!***
***خەڵکی خەباتکارو خۆڕاگری کوردستان!***

سەرەتا بە بۆنەی شەستەمین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە ناوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هەموو ئەندامان‌و لایەنگرانی ئەو یەکیەتی‌یەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی نەتەوەی کوردو دامەزرێنەری کۆمار، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبەکەمان‌و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانی‌یە سیاسی‌یە خۆڕاگرەکان‌و سەرجەم تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان‌و ئێوەی بەڕێز دەکەین.

بە ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمار، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی بە دەیان دەسکەوتی گرینگو مێژوویی بۆ کورد بەرهەم هێنا؛ کە پێکهێنانی سوپایەکی میللی، ڕاکێشانی کۆمەلانی خەلك بە شێوەی خەباتی نوێی سیاسی بۆ نێوڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کردنەوەی قوتابخانەو پەرەدان بە خوێندن‌و نووسین بە زمانی کوردی، بلاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی کوردی، بایەخدان بە هونەرو شانۆی کوردی، دامەزراندنی هێندێك ڕێکخراوی دێموکراتیك لە چەشنی یەکیەتیی‌لاوان‌و یەکیەتیی ژنان‌و هاندانی ژنان بۆ دابین‌و دەستەبەر کردنی مافە سروشتی‌و ژیارییەکان‌و (شارستانی‌یەکان) وراهێنانیان بۆ خەبات کردن. لەو پێناوەدا لە نموونە بەرچاوەکانیان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەگەڵ کۆماری کوردستان پێ لە شەستەمین ساڵی تەمەنی خۆی دەنێ، خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە تا ئێستا شانبەشانی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد لە مەتەرێزی خەباتی کوردایەتی دایەو هاوتەریب لەگەڵ خەباتی کۆمەلایەتی بۆ دابینکردنی مافی ژنان، لە هەموو قۆناغە سەخت‌و دژوارەکاندا بێ‌وچان هاوڕێ‌و هاوسەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو، تا گەیشتن بە لووتکەی بەرزی ئازادی، دێموکراسی‌و ڕزگاریی نەتەوەیی ساتێك لە تێکۆشان ڕاناوەستێ.

***بەشداربووانی بەڕێز!***

لە کاتێکدا یادی ٢ی ڕێبەندان، وەك ڕۆژێکی مێژوویی نەتەوەی کورد دەکەینەوە کە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ کە ئاوسی کۆمەلێك گۆڕانکاریی گرینگو نوێیە، ڕەوتی ڕووخانی یەك لە دوای یەکی ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆییەکان‌و بە چۆكداهاتنیان لە بەردەم ویستی گەلانی ئازادیخوازو، پچرانی کۆت‌وبەند لە دەست‌و پێی نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو ناوچەیە لە نموونەکانی ئەم گۆڕانکاری‌یەن کە پێشکەوتن‌و ئاسۆیەکی ڕوونیان پێوە دیارە.

کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێرانیش کە لە بەر کێشەی ئەتۆمی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پشتیوانی



لە تێرۆریزم، لە ژێر زەختێکی زۆری جیهانی‌دایەو بەردەوام بازنەی گەمارۆی لێ‌تەنگتر دەکرێتەوە. بۆ کەمکردنەوەی گوشاری نێوخۆیی بە شێوەیەکی دڕندانە بەر بۆتە گیانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران‌و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەخت‌و زەبرو زەنگی زۆرتر دەخاتە سەر ئازادیخوازان‌و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ بە تایبەت ژنان کە بەردەوام هەوڵ دەدا ئازادی‌یەکانیان لێ‌بەرتەسکتر کاتەوە. وەك دەشزانین ئەم گوشارانە بەرامبەر بە گەلی ژێردەستی کورد توندترو بەهێزترن. لە نموونە دیارو بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی ئێران‌و بە تایبەت گەلی کورد، گرتن‌و ئەشکەنجەو سووکایەتی کردن بە هەموو چین‌و توێژەکانە. هەروەها سووکایەتی پێکردنی ئەم دوایی‌یەی سروە کامکار کە بە تاوانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و، پشتگیری لە

جووڵانەوە جەماوەرییەکانی خەڵکی شاری مەهابادو باقیی شارەکانی کوردستان، کە بۆ هێنانەگۆڕو داکۆکی لە ویستو داخوازە رەواکانیان هاتبوونە سەر شەقام نموونەی زینـــدووی ئەو بێحورمەتییانەیە.

***بەڕێزان!***

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لە خەباتی حیـــزبی جێگای متمانەی خەڵـــکی خەباتگێڕی کوردستان، حیـــزبی شـــەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرفکەندیو هەروەها پشتگیری لە جووڵانەوە خەڵکییەکانی کوردستان دەکـــاو ژنـــانی ئـــازادیخوازو نیشتمانپەروەریش دڵنیا دەکاتەوە کە تا سەرکەوتنو گەیشتن بە مافە سیاسیو مرۆییەکانیانو هێنانەدیی ئامانجەکانی کـــۆمارو ئـــاواتە بەرزەکـــانی هێـــمای نەتەوەیی پێشەوای شەهیدمان پشتیوانی بەهێزی ئەو خەباتە دەبێ.

پیرۆز بێ دووی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

بەرزو پیرۆز بێ یادی پێشەوای ئازادیو سەرکۆماری کوردستان قازی مەحەممەدی نەمر

بڕووخێ ڕێژیمی دیکتاتۆرو تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی ئێران.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی**

# پەیامی پیرۆزبایی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی وەرگیرانی لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست وەك ئە ندامی چاوەدێر

وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاوەدێرلە بیستوشەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست لە ڕۆژەکانی ١٢تا١٥ی ژانویەی ٢٠٠٦ لە وڵاتی دانمارك هەنگاوێکی بەسوودو بەجێو لە عەینی حاڵیش دا دەرفەتێکی زێڕینە بۆ هەرچی زیاتر لێك نزیکبوونەوەی لاوانی دێموکرات لەگەڵ لاوانی جیهانو هەرچی زیاتر ئاشناکردنی گەلانی جیهان بە خەباتی ڕەواو بەرحەقی گەلی کوردو ئاگادار کردن لە سیاسەتە چەوتو دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە.

هەر بەم بۆنەوە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی، خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێو وەك ئەندامی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات پشتیوانی لە خەباتی لاوانی دێموکرات بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٨٤/١١/٥**

**درێژەی**

## باسی کۆبوونەوە بە بۆنەی ٨ی مارس

دۆستەکان کە چالاکن، پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی ژنان دەکەن.
خاتوو خەدیجەی مەعزوور لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێ: با لە ڕۆژی ٨ی مارسدا لاپەڕێکی نوێ لە پرۆژەیەکی نوێ بۆ تێکۆشانو بەربەرەکانییەکی نوێ هەڵ دەینەوەو چاولێکەری ڕووداوەکانی وڵاتەکەمان نەبینو لە ئاستیان دا بێ لایەنو بێ تەفاوەت نەبینو ئیزن نەدەین ڕێکخراوێکی وەك پڕاك بۆ گەیشتن بە هێندێك ئامانجی تایبەتی خۆیان هەڵ بقۆزنەوە، بەڵکوو ئێمەی بە ئەزموون دەبێ سەرقافڵەی وەدیهێنەری ویستو مەبەستەکانی ژنان بین. هەریەك لە ئێمە لە ڕێکخراوەکانمان دا بە بەرنامەو پرۆژەی دنیا پەسند تەئسیرو شوێنی خۆمان لە سەر مەسەلەکان کە پەیتا پەیتا لە وڵاتەکەمان دا دێنە گۆڕ هەبێ. مەرج نیە ئەو مەسەلانە تەنیا مەسەلەی ژن بگرێتەوە بەڵکوو ئەو مەسەلانەی کە ڕاستەوخۆ نەتەوەکەمان دەگرێتەوە هەوڵی جیدی بۆ بدەین. با شان بەشانی ڕێکخراوەکانی دیکە چالاك بینو بسەلمێنین کە ڕیکخراوێکی سینفیو سیاسیو کۆمەڵایەتین بۆ ژنو نەتەوەکەمان تێدەکۆشین کە شیاوی ٦٠ ساڵ ئەزموونی خەباتە.
جارێکی دیکە ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی پیرۆزبێ

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەورازو نشێوی خەباتی نەتەوەیی‌دا

نەسرین حەسەن زادە

خەباتی ژنان لە کوردستانی ئێران گرێ دراوە بە خەباتی نەتەوایەتیی کوردەوە. یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەرچاوترین بزووتنەوەی ڕێکخراوەیی ژنان لە کوردستانی ئێران دایە لە هەلو مەرجێك دا کە کورد دەسەڵاتی خۆی بە دەست بووە یان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد زیندوو لە مەیدان دا بووە، حوزووری هەبووە. لەم چەند دێرە دا هەوڵ دەدەین ئاورێك هەر چەند کورتیش بێ لەو تایبەتمەندیانە بدەینەوە ئەگینا باس لە سەر مێژووی یەکیەتیی ژنان هەم کات، هەم هەلوومەرجی ئازاد و هەم ئیمکاناتێکی زیاتری دەوێ، مێژووی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان ١٣٢٤. ئەم قۆناغە کورت بەڵام زێرینە لە زۆر بارەوە کاریگەریی قووڵی لە سەر کۆمەڵی کوردەواری هەبووە کە یەکێك لەو بوارانە تێکۆشانی ژنان لە کوردستان (بۆ یەکەم جار) لە مەیدانی کۆمەڵایەتی سیاسی دا بوو. یەکیەتیی ژنان دیاری و دەسکەوتی ئەم سەردەمە بوو. یەکێك لە گیروگرفتەکانی یەکیەتیی ژنان لە کاتی دامەزرانیدا ئەوە بوو کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزرانی ریکخراوێکی کۆمەڵایەتی یان مەدەنیی ئەوتۆ لە کوردستان ئامادە نەبوو. یان باشتر بڵێین ئەم ڕێکخراوانە بەرهەمی کۆمەڵگەی مۆدێرن و پێشکەوتوون لە حاڵێك دا کوردستان وەك دوکتور قاسملووی نەمر دەفەرموێ:"ناوچەیەکی دواکەوتوو لە وڵاتێکی دواکەوتوودا" بوو، نیزیك بە تەواوی ژنان نەخوێندەوار بوون، ژن لە هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی دا خاوەنی حقووقێك نەبوو کە ئەمڕۆ هەیەتی، کۆمەڵگە تێڕوانێکی سوننەتیی لە سەر مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە تایبەتی لە سەر ژنان هەبوو، ژن خاوەنی داهاتی خۆی نەبوو و لە باری ئابووریيەوە بە تەواوی بەستراوە بوو و ... هتد، لەو هەلومەرجە دا تێکۆشانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان لە بەرامبەر ئەم هەمووە گیروگرفتەدا ڕێگەیەکی دژواری لە پێش بوو. بەڵام بەختەوەریی ڕێکخراوەکە ئەوە بوو کە دەسەڵاتی سیاسیی لە پشت بوو، دەسەڵاتێکی مۆدێرن، دێموکرات و پێشکەوتنخواز و لەوەش زیاتر هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵانی خەڵك و پشت ئەستوور بە نەتەوەی خۆی، نەتەوەی کورد. لە ڕاستی دا هۆی دامەزرانەکەشی هەر بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی سەرۆك کۆمار قازی محەممەدی نەمر بوو. قازی محەممەدی نەمر هەر وەك لە زۆر سەرچاوە دائیشارەی پێ کراوە و یەك لەوان د. قاسملووی شەهید لە "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی دا" ئاماژەی پێ کردوە بۆ خۆی ژن و کچەکانی خۆی هان دەدا لە کاروباری وڵات دا بەشدار بن و بۆ خۆشی هاندەری ئەسڵی دامەزرانی ڕێکخراوەکە بوو و بەم جۆرە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٤ مارسی ١٩٤٥ی زایینی) دامەزرا. لە ڕاستی دا لە بارەی کاروتێکۆشانی یەکیەتیی ژنان و هەوڵ و ڕووداوەکانی دا سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لە بەر دەست دانیە. لیکۆڵینەوە لەم بارەیەوە پێویستی بە هەلومەرجێکی ئازادەوە هەیە تا ئەو کەسەیان ئەوانەی دەیانهەوێ لەم بارەیەوە لیکۆڵینەوە بکەن‌و ئازادانە دەستیان بە بەڵگەنامەکان‌و گۆشە نهێنی‌یەکان ڕابگا، کە ئێستا بە هۆی نەبوونی ئازادی‌و حاکمییەتی دیکتاتۆری ئیمکانی نیە.

ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یان مەدەنیی ژنان جگە لەوە کە بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە ژینگەکەشی ژینگەیەکی دێموکراتیکە، یان باشتر بڵێین لە سیستمێکی دیکتاتۆری دا بوونی واقعی‌یان نیە. بۆیە هەر کە کۆماری دێموکراتیکی کورد لە ساڵی ١٣٢٥ دا ڕووخا، یەکیەتیی ژنانیش هیچ چەشنە تێکۆشانێکی نەما. ڕێکخراوی سینفی و مەدەنی بە پێچەوانەی حیزبی سیاسی لە ژێر حاکمییەتی دیکتاتۆری دا ناتوانێ خەباتی پارتیزانی و تەشکیلاتی نهێنیی هەبێ، هەر بۆیە دوای ڕووخانی ئەم کۆمارە دێموکراتە و زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری پاشایەتی تا ساڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەرپا بوو و ئەم ڕژیمە ڕووخا شتێك بە ناوی تێکۆشانی ڕێکخراوەیی ژنان بەرچاو نەکەوت.

هەرچەند دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیی ئەو قۆناغە ڕێگەی لە یەکیەتیی ژنان گرت هەموو ئەو ئاڵقەکانی زنجیرەی لە دەست و پێی ژنان ئاڵا بوو، بپچرێنێ بەڵام دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە و خۆشکردنی ڕێگەی بەشداریی ژنان لە کاروباری وڵاتو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا یەکەم ئاڵقەی ئەم زنجیرە پچڕا کە ئەمە بۆ خۆی قەڵەمبازێکی گەورە لە تێکۆشانی مەدەنیی ژناندا بووو هەم بۆ بەرێوەبەرانی کۆمارو هەم بۆ ئەو ژنە ئازایانەی ئەو کات بە تایبەتی مینا خانم هاوسەری بەرێز پێشەوا قازی محەممەد جێگەی شانازی و سەربەرزییە.

لە ساڵی ١٣٥٧ دا شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت، ٣٣ ساڵ پێشتر لە کوردستان دا یەکیەتیی ژنان دامەزرا بوو. لەم قۆناغەدا لە چاو سەردەمی کۆمار کۆمەڵگەی کوردەواری لە زۆر بارەوە بە تەواوی گۆڕابوو، فئودالیزم زەبرێکی قورسی وێ کەوتبوو و زۆر لاواز ببوو کۆمەڵگە تا ڕادەیەك بەرەو سەرمایەداری چووبوو، شارنشینی بە خێرایی پەرەی گرتبوو ڕادەی خوێندەواری چۆبووە سەر و ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان خوێندەوار ببوون و وشیاری و ئاگاهیی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستاندا چووبووە سەرێ. هەلومەرج بۆ تێکۆشانی سیاسی - کۆمەڵایەتیی ژنان بە تایبەتی لە

←

شارەکان دا بە رادەیەکی باش ئامادە بوو. بەڵام شتێك کە وەك سەردەمی کۆماری کوردستان هەر لە جێی خۆی بوو و تەنانەت بەهێزتریش ببوو ئەوە بوو کــە ئــەو پتانسیلە کاناڵێکی نەتەوەیی دەویست کە لە ڕێگای ئەو کاناڵەوە سەر هەڵبداتەوەو بێتەوە مەیدان. ئەم کاناڵە نەتەوەیییە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. بەڵام حیزب لە کاتی شۆڕش دا هەر بە شێوەی نهێنی تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەبردە پێش. بەرپرسانی حیزب لە شاری مەهاباد کەوتنە بیری ئەوەی لە ڕێگەی دامەزراندن و بوژانەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان بۆشایی تێکۆشانی حیزبی و پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی پڕ بکەنەوە. ئەمە کرانەوەی دەروویەك بوو بۆ ئەوەی شەپۆلێك لە تێکۆشانی ڕێکخراوەیی ژنان و لاوان وەڕێ بکەوێ و زۆربەی شارەکان کوردستان بگرێتەوە. ئەم قۆناغە بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و بۆ ژنانی تێکۆشەر تاقیکردنەوەیەکی بەسوود بەڵام زۆر کورت بوو. چونکە زۆری پێ نەچوو دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن ئاخوندەکانەوە دەستی بە سەر داگیراو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا شەڕی بە سەر کوردستان و حیزبی دێموکراتدا سەپــاند. ئــەگەر هەلومەرجەکە بە پێچەوانە بووایە گومانی تێدا نەبوو کە کاری ڕێکخراوەیی ژنان بە تایبەتی یەکیەتیی ژنان دەیتوانی زۆر سەرکەوتن وەدەست بێنێ و ئەرکی مەدەنی و سینفی خۆی بەجێ بگەیەنێ. بەڵام لە بەر ئەوە کە شەر حاکم بوو و بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی ێموکرات لە شارەکان دا حوزووری نەبوو و شارەکانیش بۆ کاری ڕێکخراوەیی ژنان گونجاوتر بوون نەکرا ڕێکخراوێکی بەرین و سەرانسەری ژنان لە کوردستان دابمەزرێ. هەر بۆیە تێکۆشانی ژنان تەنیا بە ئەندامەتی و تێکۆشان لەریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە تایبەتی حیزبی دێموکرت براپەوە. ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە هۆی ئەوەی ژمارەی ژنانی تێکۆشەر لە ریزەکانی حیزب دا کەم نەبوون و ئەو پتانسێلەش لە نێو ژناندا هەبوو کە بە کاروبارو ویست و داخوازەکانی ژنان رابگەن و بەشێك لە تێکۆشانی خۆیان بە مەسەلەکانی ژنان ـ ماف و ئازادییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی‌یەکانی ژنان تەرخان بکەن، هەروەها ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ژنانیش هەبێ کە بتوانێ سیاسەتی دژی ژنانەی کۆماری ئیسلامی لە قاو بدا یەکیەتیی ژنان لە ژێر ڕێنوێنی و یارمەتیی حیزبی دێموکرات دا دامەزرایەوە کە بە خۆشییەوە تا ئێستا درێژەی بە خەباتی خۆی داوە. لەم قۆناغە دا هەرچەند یەکیەتیی ژنان لە دەرەوەی کوردستانی ئێران و لە نێو ژنانی کوردستانی ئێران دا حوزووری نەبووە بەڵام بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی تێکۆشەر ئاگا و هەڵسووڕ ئیمکانی دامەزراندنەوە و بەڕێوەچوونی ڕێکخراوێکیان لە نێودا مەوجوود بوو. بۆیە پاش دامەزران ئەم ڕێکخراوەیە بوو بە خاوەنی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆو ئوسوول و پرنسیپەکانی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی. پێویستە ئەوەش بگوترێ هەر لە ساڵی ١٣٥٧ ڕێکخراوەی ژنان کە لە مەهاباد دامەزرا لە لایەن بەڕێز و تێکۆشەر مامــۆستا عەبــدوڵڵا حەسەنزادەوە بەرنامەو پێرەوێکیان بۆ ئامادە کرا بوو بەڵام هەر وەك گوترا هەلوومەرجی ئەو کات ئیجازەی بە پەلو پۆ هاویشتنی ئەم ڕێکخراوەیە لە سەرانسەری کوردستان دا نەدا.

یەکیەتیی ژنان لە ٢١ تا ٢٢ی بانەمەڕی ١٣٧٣ دا توانی یەکەم کۆنفرانسی گشتیی خۆی بە بەشداری نوێنەرانی ئەندامانی هەڵسوور ئاشکرای خۆی پێك بێنێ و کۆنفرانسی دووهەمی خۆشی هەر بەم شێوەیە لە ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٧٦ دا پێك هێناو لە ١٠و١١ی خەزەڵوەری ١٣٨٠ دا سێهەمین کۆنفرانسی گشتی خۆشی پێك هێنا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وردە وردە توانی پەلوپۆ بهاوێ و فەعالیەتەکانی بەرینتر بکاتەوە. بە پێویستی زانی کە دەنگی بگاتە ژنانی نێوخۆو دەرەوەی وڵات، هەر بۆیە ئۆرگانی خۆی پێك هێنا کە ئەویش گۆڤاری وەرزانە بوو بە ناوی" ژنان" کە بەسێ مانگ جارێك دەردەچووو ئێستاش هەر بە هیمەتی پۆلێك لە ژنانی قەڵەم بەدەست هەموو وەرزێکی تازە میوانی خوێنەرانی ئازیزی دەبێ پێویستە بگوترێ کە ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە ڕەنگینە لە ڕەشەممەی ١٣٨٠ دا دەرچوو. ئەم گۆڤارە هەموو بابەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو هتد بڵاو دەکاتەوە. یەکیەتیی ژنان ئێستا بەرنامەیەکی رادیۆیی خۆی لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو دەکاتەوە کە بە ناوی"بەختیاری بۆ کۆمەڵ"ە کە دەنگی زوڵاڵی خۆی دەگەیێنێتە ژنانی چەوساوەی وڵاتەکەمان.

هەروەها دوای گرتنی سێ کۆنفرانس یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە پێویستی زانی کە ئەم جارەیان لە جیاتی کۆنفرانسی چوارەم یەکەم کۆنگرەی خۆی بگرێ، هەر بۆیە لە٢٢و ٢٣ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی توانی بە سەرکەوتوویی یەوە یەکەم کۆنگرەی خۆی بگرێ. ئەم کۆنگرەیە لە زۆر بارەوە جێی سەرنجەو گرنگیی تایبەتیی خۆیی هەیە ئەویش ئەوە کە ژنان بۆ خۆیان کۆنگرەی خۆیان گرت واتە هەر ژن بۆ خۆی بوو. کۆنگرە بەشێوەیەکی دێموکراتیكو ئازادانە راو بۆچوونەکانی ژنانی تێدا باس دەکراو لە کۆتایش دا زۆر ئازادانە بەڵام بە شێوەی نهێنی هەڵبژاردن کرا.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ کە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەیەو ئێعتباری خۆی لە بەرچاوی هەموو کۆمەڵانی خەڵکەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەباتە سەر.

بەو هیوایە کە خەباتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەی ئاشکراو بە دوور لەهەر چەشنە زوڵمو زۆریو دیکتاتۆری لە ئێران داگەشە بکا.

تێکۆشانی بەردەوامو ڕێکوپێکی ژنان لە ژێر ئاڵای بزووتنەوەی کورددا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە خەباتی ژنانی کورد بەستراوە بە خەباتی نەتەوەیی کوردو هەر بۆیەش مافی ژنی کورد بەستراوە بە مافی نەتەوەیی کورد. لەمەش را بەو ئاکام دەگەین کە تا ئەو کاتەی مافە نەتەوایەتییەکانی ژنان دابین نەبن، ژن بە مافە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ناگا. کەوابوو مافی ئینسانیی ژنی کوردو مافی نەتەوەیی کورد پشتو رووی یەك سیککەن.

# ژنان‌و ناسیۆنالیسم لە کۆماری کوردستان دا 1946

## پێشەکی

کتێبی women of A Non-state Nation The kurds(ژنانی میللەتێکی بێدەوڵەت، کوردەکان) کە لەلایەن خانمی شەهرزادی موجابەوە ئامادەکراوە، ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە زۆر بە نرخە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەیە سەبارەت بە دەوری ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەدرێژایی مێژووی کوردستان، بریتیە لە پێشەکییەکی چڕوپڕو لە سێ تەوەردا پێشکەشکراوە. پێشەکی کتێبەکە لە لایەن شەهرزادی موجاب خۆیەوە نووسراوەو ناوەڕۆکی هەموو باسەکانی کتێبەکەمان پێدەناسێنێت.

سەردێڕی تەوەری یەکەمی ئەم کتێبە"ڕوانگە مێژوویەکان"ە کە پێکهاتوە لە سێ بەش:"پرسی ژنان لە گوفتاری ناسیۆنالیستە کوردەکان لە خولی کۆتایی ئیمپراتوری عوسمانیدا" لە نووسینی جانێت کلاین (janet klein )،"ژنانی کورد لە قسطنطنیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا". لە نووسینی روهات ئالاکوم(Rohat Alakom)،" ژنان‌و ناسیونالیسم لە کۆماری کوردستانی١٩٤٦دا". لە نووسینی شەهرزادی موجاب(Shahrzad mojab). تەوەری دووهەم لە ژێر سەردێڕی"ڕوانگەی سیاسیی‌و یاساییەکان"دایە کە پێکهاتوە لە سێ بەش:" لە عادیلە خانمەوە هەتا لەیلا زانا: ژنان وەکوو ڕێبەرانی سیاسیی لە مێژووی کوردستاندا"، لە نووسینی مارتین ڤان برۆینسۆن(Matin van Bruinsson)،" ژنانی کۆچکردووی کورد لە ئەستەموول، کۆمەڵگاو سەرچاوە پێویستەکان بۆ بەشداری سیاسیی ناوچەیی تاقمە کۆمەڵایەتییەی کە خراوەتە پەراوێزەوە". لە نووسینی هایدی ویدێل(Heidi wedel)،" ژنانی مافی چارەی خۆنووسین: سەرنجێکی فیمینیستی بۆ یاسا نێونەتەوەییەکان". لە نووسینی سوزان مەك دانالْد(Susan Mcdonald).

تەوەری سێهەمی کتێبەکە لە ژێر سەردێڕی"روانگە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و زمانناسییەکان" دایە کە بریتیە لە پێنج بەش:"دەرمانکەر، نهێنی ئامێز یان جادوویی: هەڵبژاردە لەشساغییەکانی ژنان لە شارێکی کوردستاندا". لە نووسینی ماریائووشی(Maria Oshea)،" فۆلکلۆرو فانتازیا: ناساندنی ژنان لە نەریتی گێڕانەوەی کوردەکاندا". لە نووسینی کریستین ئالیسین(Christine Allison)،" پەیکەرەی ژنانی کورد لە سۆفیگەری هاوچەرخدا"، لە نووسینی ئانابیل بوتچێر(Annabelle Bottcher)،" سیماکانی رۆژهەڵات لە رۆڵی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردستاندا". لە نووسینی میریلا گالێتی(Mirella Galletti)،"(دووبارە) بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاری لە زمانی کوردیدا"، لە نووسینی ئەمیری حەسەنپوور(Amir Hassanpour).

دوکتۆر شەهرزادی موجاب مامۆستای یاریدەدەری زانکۆی تورانتۆیە لە کانادا، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوە لەسەر ژنان‌و لێکۆڵینەوەی (ژەندەر) جنسیە لە زانکۆی تورانتۆو هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی کانادایی لێکۆڵینەوەی پەروەردەی گەورەساڵانە. بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر چالاکییەکانی شەهرزاد خانم‌و هەوەها بۆ لە نزیکەوە ئاشنا بوون لە کارو هەڵسوورانی زانستی‌و توێژینەوەی ئەم خانمە، دەتوانن سەرێکی سایتەکان بدەن لەسەر ئینتەرنێت:

http://fcis.oise.utorontoca/mojabweb/

لە وەرگێڕانی کوردی ئەم دەقە داوام لە شەهرزاد خانم کرد کە ئەو بەشە لە نووسراوەکەی وا راستەوخۆ لە سەرچاوە کوردیەکانەوە وەریگرتوە بۆم بنێرێت با من ناچار نەبم لە ئینگلیزیەوە دەقێك بکەم بە کوردی کە خودی دەقەکە کوردی بووە! ئەویش بە خۆشیەوە ئەم کارەی کردو ئەو بەشە لە نووسراوەکانی بۆ ناردم کەلە "کوردستان"و لە "نیشتمان"دا بڵاوکراونەتەوە. من جگە لە گۆڕینی شێوەی نووسین، دەقەکانم هەر وەکوو خۆیان بە بێدەستکاری نووسیوەتەوە، وەرگێڕانی فارسی ئەم دەقەم پێشتر بڵاو کردۆتەوە.

**وەرگێڕ: ئەحمەد ئەسکەندەری ڕێبەندانی ٢٠٠٤**

### ژنان‌و ناسیۆنالیسم لە کۆماری کوردستان دا ١٩٤٦:(١)

(بەشی یەکەم)

هەرچەند کوردەکان وەکوو گەورەترین میللەتی بێدەوڵەتی جیهان ناسراون، بەڵام مێژوویەکی دوورودرێژی دەسەڵاتدارەتییان هەیە. یەکەم مێژووی کوردەکان، شەرەفنامە لەساڵی ١٥٩٧ دا لەلایەن شەرەفخان، دەسەڵاتداری بەهێزی میرنیشینی بەدلیسیەوە، نووسراوە. شەرەفخان لەبەر ئەوە رووداوەکان دەگێڕێتەوە کە مێژوونووسەکان بەسەرهاتی"میرو حاکمانی کوردستان"و"هەلومەرجەکان"و"هەڵوێستەکانی"ئەوانیان"لە حیجابی سیترو کیتماندا" شاردبووەوە. (شەرفنامە چاپی تاران، لاپەرەی ٩، ٥٨٦). لە گوێن ئەم سەرچاوەیە کە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو پەسنی دراوە، بەدەوڵەت بوونی کوردەکان شێوازی جیاوازی بە خۆوەگرتوە، هەر لە دەسەڵاتی سەربەخۆوە بگرە هەتا پاشایەتی‌و هەتا میرنشینی نیوە سەربەخۆ. ئەم سیستەمە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، واتە ئەو سەردەمەی کە حکوومەتەکانی عوسمانی‌و ئێران بۆ رووخاندنی دوایین میرنشین لە شەش میرنیشینە سەرەکییەکان، هێزی چەکداریان بەکار هێنا، درێژەی هەبوو. خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بە درێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام ناوەرۆکی بزووتنەوە ناسیونالیستیەکانی کوردەکانی پێك هێناوە. گرینگترینی ئەو ئەزموونانە کە دەکرێ لە شێوازەکانی دەوڵەتی پێش‌مودێرن، بناسرێتەوە، کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ە کە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئێستا بەشێکە لە باکووری رۆژئاوای ئێران، دامەزرا. دەکرێ ئەم دەوڵەتە نەك هەر لەبەر رواڵەتی کۆماری بوونەکەی‌و ئەوەی کەلە لایەن حیزبێکی سیاسی‌و کابینەیەکەوە بەڕێوە دەچوو، لە شکڵەکانی پێش‌مودێرنی پێشوو بناسرێتەوە، بەڵکوو هەروەها لەبەر سیستەمی مودێرنی فێرکردن، دەزگای راگەیاندنی مودێرن، ئەرتەشی میللی،

←

سیستەمی باج وەرگرتن[مالّیات]، سروودی میللی، ئالاّی میللی، زمانی میللیو هەروەها وەگەڕخستنی ژنانیش لە بوارەکانی فێرکردن، فەرهەنگو ژیانی سیاسیدا.

لە هەمان کاتدا کە هەبوونی ژنان لە ژیانی پەروەردەو سیاسەتی کۆماری کوردستاندا، دەستبەجێ ئەم دەوڵەتە لە هەموو شکڵەکانی پێش‌مودێرنی دیکەی کوردی، جیا دەکاتەوە، ئەم بەشە[لەم کتێبە] ئەوەمان پێشان دەدا کە ئەزموونی دەسەڵاتی لە هەردوو حاڵەتدا، تایبەتمەندیی پیاوانەیان هەیە. لە راستیدا خەباتی میللی بۆ دەسەڵاتدارەتی، رێك هەروەکوو مافەنێونەتەوەییەکان کە پشتگیری لە مافی چارەی خۆنووسینی کوردەکان دەکەن، سیاسەتێکی بە تەواوی پیاوانەیە.

ئەم بەشە لە خۆتێوەردانی ژنان لە بوارەکانی سیاسەت، دەکۆڵێتەوە کە بەپێی دابونەریت، بواری پیاوانە بوون. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بناغی توێژینەوە لەسەر بڵاوکراوەکانو بەڵگەنامەکانی دەوڵەتو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ژنو پیاوانەی کەلە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ژیاون، بەرێوە دەچوو. حکوومەت لەماوەی کورتی ژیانی خۆیدا چەندین هەنگاوی هەڵگرتن بەرەو بەشداریپێکردنی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام ژنان نەك وەکوو هەڵسووراوانی بزووتنەوەی ژنانو یان سەرۆکو کادرە هەڵسووراوەکانی حیزب، بەڵکوو بۆ پشتگیریکردن لە پرسی میللی چوونە ناو بوارەکانی دەرەوەی ماڵەوە. رێبەرانی پیاوی ئەم بزووتنەوە میللییە، رۆڵێکی شیاوو شەرافەتمەندانەیان بۆ ئەم ژنانە وەکوو نموونەی بەرجەستەی میللەتێکی مودێرنو وەکوو"دایکی نیشتمان"ی پەسندراو، رەچاو کرد بوو.

### ناسیونالیسمی میللەتێکی بێدەوڵەت:

پاش رووخانی میرنشینەکان لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا، داخوازیی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بەردەوام لە ڕۆژەڤی بنەماڵە لە دەسەڵات کەوتووەکاندا هەبوو. حاجی قادری کۆیی (١٨٩٧-١٨١٨) مەلاو شاعیر، کۆچی کردبوو بۆ ئەستەموڵو داوای لە کوردەکان دەکرد راپەڕنو دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. حاجی قادر هەروەها هانی کوردەکانی دەدا کە زمانی خۆیان بە کاربێنن، زانستی نائایینی مودێرن وەربگرن، بە کچەکانیان بخوێننو لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤاردا هەڵسوراوبن. جگە لەوەش تاقمێك لە رووناکبیرانی خوێندەواری مەدرەسە مودێرنەکانی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خەریکی سەرهەڵهێنان بوون. ئەم هەڵسووراوانە لە ئەستەموڵی پایتەختو باقیی شارەناوەندییە گرینگەکاندا، خەریکی رێکخستنو دەرکردن بڵاوکراوە بوون. بزووتنەوەی تورکەگەنجەکان لە سەرەتای سەدی بیستەمدا، هەروەك بزووتنەوە میللی دێموکراتیکەکانی ئەورووپاو ئاسیا، دنەدەری بیری پێکهێنانی میللەتێکی مودێرنی کوردیو دەوڵەتی میللی بوون.

یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەساڵی ١٨٩٨ دا دەرچوو. دوابەدوای ئەو یەکەم رێکخراوی سیاسی لە ساڵی١٩٠٨ دا پێك هات. بەڵام رێبەرایەتیی ئەم چالاکییانە لە دەستی ئاریستۆکراسی خاوەن مڵکدا بوو.

شەڕی جیهانیی یەکەم، بووە هۆی ماڵوێرانی زۆر گەورە لە کوردستان. دەوڵەتی عوسمانی بەدوای جینۆسایدی (گەل کوژی) ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥ دا چەند سەد هەزار کوردیشی بەرەو رۆژئاوای تورکیا دوورخستەوە. زۆربەی ئەوانە پێش ئەوەی بگەنە شوێنی نیشتەجێبوونیان لەبەین چوون. بەڵام ئەو ئیمپرایورییە لەشەڕدا شکستی خواردو زۆربەی سەرزەمینەکانی لە نێوان دەسەڵاتە ئوروپاییەکاندا دابەش کران.

دەوڵەتە نوێکانی سووریاو عێراق لەلایەن بەریتانیاو فەڕانسەوە دامەزراونو، لە ئاکامدا کوردستانی عوسمانی لە نێوان دەوڵەتە تازەکانو هەروەها تورکیادا دابەش کرا. سەرکەوتووەکانی شەڕ، لە پەیمانی سێڤر(Sevres)، ساڵی ١٩٢٠دا بەڵێنی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیان دا. بەڵام پێش دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە، عوسمانییەکان پاش تێکشکان خۆیان کۆکردبووەوەو بەهێزی دووبارە رێکخراوەو بەدەستی مستەفا کەماڵ، دەسەڵاتێکی کارامەیان لەسەر پاشماوەی سەرزەمینی ئیمپراتوری، واتە تورکیای ئێستا، دامەزراند.

لە ژێر کارتێکردنو ئاڵوگۆڕ لە ترازووی هێزەکاندا، پەیمانی سێڤر، جێگای خۆیدا بە پەیمانی لۆزان(Lausanne)، کە تێیدا ناوێك لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نەبراوە. ساڵی ١٩٢٣ تورکیا، کۆماری راگەیاندو دەستبەجێو بە زۆر سیاسەتی تواندنەوەی کوردەکانیان لە ناو ئەو رێژیمە ناسیونالیست - قەومییەی کە خەریکی سەرهەڵێنان بوو، گرتەبەر. خەباتی کوردەکان بۆ دەسەڵاتدارەتی لە ژێر فەرمانرەوایانی مودێرنو چڕکراودا (متمرکز)، پاش شەڕیش هەر بەردەوام بوو. زنجیرەیەك شۆرشی گەورە کەلە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٥ تا ١٩٤٢ لە ئێران، تورکیاو عێراق بەرپا کران کەلە لایەن رێژیمە تازەکانەوە ، بەتوندی سەرکوت کران. لە عێراقی داگیرکراوو لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا، دەوڵەتێکی خودموختار بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود، کە رێبەرێکی ئایینیو فیئۆداڵێکی خاوەن زەویی زۆر بوو، لە کۆتایی ساڵەکانی١٩١٠و سەرەتای١٩٢٠ دا بەدەسەڵات گەیشت. شێخ مەحموود، بەرامبەر بەو سنوورانەی بەریتانیاییەکان لەبەردەمیان دادەنا، راوەستاوە خۆی کرد بە پاشای کوردستان. بەڵام دەوڵەتەکەی ئەویش لە چەشنی میرنشینەکانی قەدیمو سەرەڕای کابینەو لەشکرێك کە بەشێکیان خولی پەروەردەیان دیبوو، هەروەها سەرەڕای هەبوونی بڵاوکراوەی دەوڵەتی، لەباری رێکخستنەوە، فیئۆداڵی بوو. حیزبێکی سیاسی لە ئارادا نەبووو دەسەڵاتیش لە دەستی شێخ مەحموودو بەشێکی بەربڵاوی ئاغاوبەگی خاوەن مڵك دابوو کە ئەو خۆی دایەنابوو لە ژیانی جووتیارانو ژنان دا کە زۆربەی نفووسیان پێك دەهێنا، هیچ ئاڵوگۆڕێك پێك نەهات.

دابەشبوونی دووبارەی کوردستان، شوێنەواری دژبەیەکی لەسەر گەشەی کوردەکان وەکوو میللەتێك دانا. لە کاتێکدا کە فیئۆدالیسم لە لادێکانی کوردستان زاڵ بوو، کۆمەڵگای کوردەکان لە ئەرمەنستانی سۆڤییەت لە قەرەباغی ژوورو خەریکی ئەزموونی ئاڵوگۆڕی سوسیالیستی بوون، لە ناوچە خودموختارەکەی خۆیان(١٩٢٩ -١٩٢٣)، لە کاتێکدا کە ئێرانو تورکیا کوردەکانیان بە توندترین شێوە خستبووە بەرزمان کوژیو قەوم کوژی، لە عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاو لە ژێر چاوەدێری کۆمەڵی نەتەوەکان، بەکوردەکان ئەو ئازدییەیان دابوو کە زمانی خۆیان لە پەروەردەو فێرکردنو لە بڵاوکراوەکانیاندا بەکاربێنن. هەرچەند زۆربەی کوردەکان هەتا ئەم دوایانەش نەخوێندەوار بوون، کوردەکانی سۆڤییەت هەتا ساڵی ١٩٣٠ هەموویان بەتەواوی خوێندەوار بوون.

میللەتی کورد لە ساڵی ١٩١٨وە لەژێر دەسەڵاتدارەتیی سیستەمگەلی سیاسیی جۆراوجۆر دابوون. هەر لە ژێر دەسەڵاتی فەرانسە(سوریا ١٩٤٦- ١٩٢٠)و بەریتانیاوە(عێراق ١٩٣٢ - ١٩٢٠) بگرە هەتا پاشایەتی سیکۆلار(نائایینی، عیلمانی) (ئێران ١٩٧٩ - ١٩٢٥، عێراق ١٩٥٧ - ١٩٣٢)، هەتا دەوڵەتی ئایینی (ئێران لە ساڵی١٩٧٩وە) هەتا رێژیمە نائایینیو ناسیونالیستەتوندرەوەکان

(تورکی لەساڵی ١٩٢٣وە، عێراق لە ١٩٦٣وەو سوریا لە ١٩٦٣).

کاتێك کە یەکەمین دەوڵەتی خودموختار لە چەشنی مۆدێرن، واتە کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ لە ئێران دامەزرا، کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی کۆمەڵگەیەکی لادێنشین تێکەڵ لەگەڵ سیستەمی پێشکەوتووی پەیوەندی فیئوداڵیو ڕێکخستنی عەشیرەتی هەرچەند روو لە فەوتان، بەڵام بەهێز، کۆمەڵگای ناوشار روو لە گەشەی بەردەوام هەرچەند بە ئەسپایی، بۆرژوازیی بچووكو بازەرگانیو رووناکبیرانێکی سێکۆلار (نائایینی) کە خەریکی سەرهەڵدان بوون. هیچ شوێنەوارێك لە گەشەی پیشەسازیی مودێرنو پرۆلیتاریا جگە لە ناوچە پەراوێزەکانی کوردستان لە کەرکوكو کرماشان دیار نەبوون. پارچەپارچە بوونی بزووتنەوەی میللی، بەهۆی سنوورەکانی دەوڵەتە میللیەکانەوە، پرۆژەی دامەزراندنی میللەتو دەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی میللی کورد، ئاڵۆزتر کردبوو.

## سەرهەڵدان و رووخانی کۆماری کوردستان:

دامەزرانی دەوڵەتی کوردی کەلە ژێر ئەو هەلومەرجە، ژێئۆستراتێژیکەی لە سەرەوە باس کرا، داڕێژرابوو لەوە دەچوو، دەست نەدا. بەڵام شەری جیهانی دووهەم، ترازووی هێزەکانی لە ناوچەکەدا تێك داو، زەمینەیەکی لەباری بۆ بزووتنەوەی میللیی کورد لە ئێران، پێك هێنا. ڕێك پاش ئەوەی کە ئەڵمان ساڵی ١٩٤١ هێرشی بردەسەر سۆڤییەت، دوو هێزی هاوپەیمان، واتە بەریتانیاو سۆڤییەت بەمەبەستی پێشگرتن لە داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەڵمانەوە، هێرشیان بردەسەر ئەم وڵاتە کە ئەوکاتە لە ژێر دەسەڵاتی رەزاشادا بووو پشتی بە ئەڵمانەوە بەستبوو. هێزەکانی سۆڤییەت لە باکوورەوە ئێرانیان داگیر کردو بەریتانیا باشووری گرتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیو، لە نێوانیاندا ناوچەیەکی بێلایەن پێك هات.

کوردەکان لە باکوور بەشێك لەبەر ئەوەی ئەمکارە خێرا بوو بە هۆی رووخانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی رەزاشا، واتە پۆلیس، ئەرتەشو ژاندارمیری لە کوردستان، بەرەوپیری ئەرتەشی سوورەوە چوون. لەگەڵ لاواز بوونی دەوڵەتی پەهلەوی وشیاری میللی لەناو کوردەکانو تورکەکانی ئازەربایجان ئاشکرا سەری هەڵدا. هێزەداگیرکەرەکانی سۆڤییەت، دەستەبەری ئەوەبووەن کە هەتا ئەوکاتەی کە شەڕ بەردەوامەو ئەوان خاکی ئێرانیان داگیر کردووە، ڕێزبگرن لە یەکپارچەی خاکی ئەم وڵاتە. لە هەمانکاتدا ئەوان پێیان خۆش بوو هێمنایەتی لە کوردستانو ئازەربایجان بپارێزن چونکوو ئەو ناوچانە لەلایەن بەریتانیاو ئەمریکاوە بەکار دەهێندرا بۆ گەیاندنی یارمەتی مانو نەمان بە مەیدانەکانی شەڕ هەر لە ستالینگرادەوە بگرە هەتا لینینگراد. کەوابوو یەکیەتیی سۆڤییەت، نەیدەهێشت کە بزووتنەوەی میللیی کوردەکانو ئازەرییەکان هیچ هەنگاوێك هەڵگرن بەتایبەت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥. سەرەڕای ئەو سنووردانانە ناسیونالیسمی کوردەکانو ئازەربایجانیەکان ژیانەوەیەکی بەخۆوە بینی.

ئەمریکا تەنانەت پێش کۆتایی هاتنی شەڕیش، خەریکی یارمەتیدان بوو بە شای تازەی ئێران بۆ تەیارکردنی ئەرتەشو ژاندارمری. خەڵك لە سەرانسەری وڵات بۆ دێموکراسیو سەربەخۆیی دژ بە زاڵبوونی رۆژئاوایی و بەتایبەت ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدا کە شکستی ... 

هێزە رۆژئاواییەکانو بەتایبەت ئەمریکا لەگەڵ ئەودا کە شکستی ئاڵمانیان پێخۆش بوو، لە هەمان کاتیشدا لە سەرکەوتنەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان لە وڵاتانی یونان، ئاڵبانی، یۆگوسلاویا، چینو باقی شوێنەکانی دیکەی جیهان هەستیان بە مەترسی دەکرد. بەهۆی ئەم سەرکەوتنانەوە بزووتنەوە رزگاریبەخشە میللیو دێموکراتیکەکان لە ئێرانو وڵاتانی دیکەی ئاسیا کە کەوتبوونە بارودۆخێکی لەبارتر. دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان لە هەلومەرجی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ساڵەکانی کۆتایی شەڕدا تێدەکۆشان پێش بە تەقینەوەبگرن لە بزووتنەوە دژ بە کۆلۆنیالیەکان دا ئێران، تورکیاو یونان لە روانگەی ئەمریکاوە وەکوو ناوچەی گرینگی ستراتیژیك دژمێردران بۆ دامەزراندنی پێگەکانی لە بەرامبەر یەکیەتیی سۆڤییەت داو بۆ دەستبەسەرداگرتنی بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکانو رۆژهەڵاتی ئاسیا. ململانێی دیکەی نێوان سۆڤییەتو دەسەڵاتە رۆژئاواییەکان، هێندێك کۆنو هێندێکیش نوێ لە ئەورووپاو ئاسیا، بە کۆتایی هاتنی شەڕ لە ساڵی ١٩٤٥دا ئاشکرا بوون.

لە وەها هەلومەرجێك دا یەکیەتیی سۆڤییەت پاش کۆتایی هاتنی شەر ئامادە نەبوو هێزەکانی لە باکووری ئێران بباتە دەر. جگە لەوەش مۆسکۆ ناسیۆنالیستە خودموختاریخوازەکانی لە کوردستانو ئازەربایجان هان دەدا بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختار لە چوارچێوەی دەستوور (قانوونی ئەساسی) ئێران دا."حکوومەتی میللی ئازەربایجان" لە دێسامبری ١٩٤٥دا دامەزراو"کۆماری کوردستان" لە ٢٢ی مانگی یەکی ١٩٤٦دا لە شاری مەهاباد راگەیاندرا. هەر دوو ڕێژیمی خۆدموختار بوون بە مەیدانی کێشمەکێشی نێوان رۆژئاوا بە ڕێبەرایەتی بەرێتانیاو ئەمریکاو پاشایەتی لە لایەکەوەو سۆڤییەتو کوردەکانو ئازەربایجانیەکان لە لایەکی دیکەوە. ئێران بە یارمەتی رۆژئاوا پرسی خۆدۆزینەوەی سۆڤییەت لە بردنە دەری هێزەکانی لە وەڵات بردە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تازە دامەزرا بوو. دواهێزەکانی سۆڤییەت لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٤٦دا خاکی ئێرانیان بەجێهێشتو شەش مانگ پاش ئەوەش ئەرتەشی ئێران بەناوی ئەوەی کە دەیهەوێ هێمنایەتی بپارێزێ لە کاتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلەماندا کە قەرار بوو لەو نزیکانەدا بکرێ، هێرشی بردەسەر هەردوو حکوومەتەکە. سۆڤییەت هەر دوو رێژیمە خودموختارەکەی واڵێکرد کە بەرگری نەکەنو لە ئاکام دا لە دێسامبری ١٩٤٦دا بە چالاکیی چەکداریو هەروەها بە ئێعدام کردنی سەدان کەس لە رێبەرانو بەشدار بوانی بزووتنەوەکان ئەم دوو رێژیمە رووخان.

## ژنانی میللەت:

کۆماری کوردستان، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (ح.د.ك)ەوە، دامەزرا کە خۆی لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٤٥دا بە هەڵوەشانەوەی حیزبی ناسیۆنالیستی"کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" کە بە کۆمەڵەی"ژ.ك "دەناسرا، دامەزرا بوو. ئەم رێکخراوەیە نهێنی بووو بانگەوازی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکرد کە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە، بگرێتەوە. کۆمەڵەی ژ.ك راگەیاندراوی زۆری بڵاو دەکردەوەو هەڵوێستەکانی خۆی لەسەر بابەتە سیاسییەکان رادەگەیاند. هەروەها کاری چاپو بڵاوکردنەوەی نهێنی دەکرد. بۆ نموونە کاری بڵاوکردنەوەی شێعری میللی، رۆژژمێری کوردیو گۆڤارێکی زۆر بەنرخ بە ناوی"نیشتمان"زۆرجار کۆمەڵەی(ژ.ك) وەکوو یەکەمین حیزبی کوردی بە روانگەی مودێرنەوە، دادەنرێ. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، ئەندامانی پیاوی وردە

بۆرژوازیو بۆرژوازیی ناو شار بوون. له روانگەی ئەم رێکخراوەیەوە عەشیرەگەرىو فیئۆدالیسم یان به واتایەکی باشتر خاوەن ملکە دەرەبەگو عەشیرە نامیللیەکان کۆسپی سەر رێگای گەشەکردنی میللەتی کوردو بزووتنەوەی سیاسییەکەی بوون. ئەمان هەرچەند داوای رێفۆرمی زەویو زاریان نەدەهێنایە گۆڕ، له هەمان کاتدا یەکەمین رێکخراوی کوردی بوون که لەسەر پێداویستی باشتر کردنی باری ژیانی جوتیاران پێیان دادەگرت.

چوار دوژمنی سەرەکیی دەرەوەی کۆمەڵەی(ژ.ك) بریتی بوون له چوارحکوومەتی ئێران، تورکیا، عیراقو سوریا که دەسەڵاتدار بوون له کوردستانو مافی میللیی کوردەکانیان پێشێل دەکرد. دوژمنە سەرەکییەکانی ناوخۆش بریتی بوون له عەشیرەگەری، نەخوێندەواری، گەشەنەکردنی ئابووریو پیشەسازی. لەم چوارچێوەدا ژنان هەرتاوێ نه تاوێك بانگهێشتن دەکران بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاواندا رێك بکەونو له رزگار کردنی"دایکی نیشتماندا" بەشدار بن. له شێعرێك دا له ژێر سەردێڕی"ئاخافتنی خوشكو برایەك" که له گۆڤاری نیشتماندا (٤ـ٢٣، ١٩٤٤ـ ١٩٤٣) بڵاوکراوەتەوە، خوشکێك به براکەی دەڵێ که ئیتر نابێ ژێر دەستەیی قبووڵ بکاو لەبەر ئەوەی که هەموو گەلانی دیکە رزگار بوون ئەویش پێویستە ژیانو ماڵی خۆی بۆ ئامانجی دایکی نیشتمان بەخت بکا.

براکەی دەڵێ:

**"دێدە" گیان: کچی کوردی ژیکەڵە**
**داوێنی پاکت دورە له پەڵە**
**"لێنین" هەڵستا زوڵمی"چار" شێوا**
**تۆ هێشتا حەبسی له ژێر چارشێوا**
**کچی هەموو کەس ئێمرۆ سەربەستە**
**هەر حەقی کچی کوردە پێپەستە**
**بسپێنە لەپێت تۆ زنجیرو کۆت**
**"دێدە" به یاری برای خۆت**
**له ڕێی نیشتمان به هیوای خودا**
**خەریکی کار بین با خوشكو برا**
**له گوێن"ژاندارك" هەستە وەك مەردان**
**دوژمن وەدەرنێ له خاکی کوردان!**

ئەم ناوەڕۆکە بەدرێژایی سەدەیەك له شێعری ناسیۆنالیستی کوردیدا دووبارە کراوەتەوە. ژنی کورد شۆخو داوێن پاکە، بەڵام وەکوو پیاوان لەلایەن دوژمنەوە ستەمی لێدەکرێ. ئەو دەتوانێ به یارمەتیی پیاوان هەر وەك ژاندارك"دایکی نیشتمان" رزگار بکا. هەر لەم ژمارەیەی نیشتمان دا (٣٠ـ١٩٤٤،٢٩ـ١٩٤٣)، وتارێکی کورت سەبارەت به"حەیران خانمی دونبلی، ژنی شاعیری کورد"هاتوە. شێعرەکە به زمانی فارسییەو لەوە دەچێ که نووسینەکەی هەر لەبەر ئەوەیە که دەسکەوتەکانی ژنانی کورد له مەیدانی شێعردا نیشان بدرێن. دوایین ژمارەی نیشتمان (٩ـ٨ـ٧ـ هاوینی١٠:١٩٤٤)، وێنەی دوو ژنی کوردی تێدایە کەلە تورکیا ئێعدام کراون. شێعرەکانی ژێر وێنەکان نموونەی چۆنیەتی ناساندنی سیمای ژنە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە.

**هەر کەس جنێو بدا بەکەسێك پێی دەڵێ برۆ**
**بێغیرەتیت، وەکوو ژنی، دەرپێت ژنانە بێ**
**کوانێ له گیتیا وەکوو ئەو دوو کچە کوڕێك،**
**بۆ نیشتمان له داری سیاسەت نیشانە بێ!**
**ئەو دوو نەمامە بوون به فیدای نیشتمانی کورد،**
**ئەی خۆزگە بەو کوڕەی وەکوو ئەو دوو کچانە بێ!**

ئەم شێعرە بەم ژنانەدا هەڵدەڵێ که لەگەڵ دوژمندا شەڕ دەکەن، بەڵام هەموو ژنان دەخاتە بەر توندوتیژی سمبۆلێکی پیاوسالارانەوەو خۆیانو تەنانەت جلەکانیشیان وەکوو "خوێڕی" له قاو دەدا. ژنانو پیاوان هەر له کاتی خەباتکردندا بۆ رزگاریی میللەت، دەتوانن له ئاستێکی یەکساندا جێگایان بێتەوە، بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوەسەر ژنەکان خۆیان، جنسیەتی ژنانەیان جیا ناکرێتەوە له پرۆژەی دروستکردنی میللەتدا. پاکبوونی میللەتو توانایییەکانی له داوێنپاکی ژنەکانیان جیا ناکرێتەوە.ئەگەر قەرار وایە که"دایکی نیشتمان" له زاڵبوونی دەرەکی پاك بکرێتەوە، ژنی دڵخوازیش هەر بەم چەشنە دەبێ، کچێنیەکەی بمێنێتەوەو به شێوەی یاسایی داگیر بکرێ.

ئامانجی کۆمەڵەی(ژ.ك)، پێکهێنانی یەك میللەت بوو، له رێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکەوە بۆ فەرمانڕەوایی بەسەر کوردستانی گەورەدا. جەوهەری ئەم دەوڵەتە، ڕوون نەکرابووەوە هەرچەند که رێکخستنی"دێموکراسی" وەکوو بڕگەیەکی مەرامناکەکەیان راگەندرا بوو[٣]. هەر چۆنێك بێ، سەرقاڵی سەرەکی کۆمەڵی (ژ.ك) ڕێك وەکوو بزووتنەوە میللیەکانی دیکە، تەنها یەکێك له لایەنەکانی دێموکراسی، واتە سەربەخۆ بوون له دەسەڵاتی دەرەکی بوو. کۆمەڵەی (ژ.ك) له پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی دیمۆکراتیك واتە یەکسانی ژنو پیاو پشتگیریی سەرزارەکیی دەکردو بیری له نەهێشتنی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی نەدەکردەوە. ژنان ملكو دایکی داوێنپاکی میللەت بوون.

کۆمەڵە (ژ.ك)، جگە له پڕوپاگەندە لەو ڕێگای دەزگای چاپەمەنیو شێعرەوە، به شێوەیەکی سەرکەوتوانە کەڵکی له شانۆگەری وەردەگرت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی میللی. یەکەمین بەڕێوەبردنی شانۆ، له باکووری کوردستانی ئێران، که لەلایەن"کۆمەڵەوە" نووسراو چووە سەر شانۆ،"دایکی نیشتمان" بوو. لەم شانۆیەدا"دایکی نیشتمان" له زنجیردا یە، جلی رەشی لەبەر دایەو قژەکانی سپی بوونو لەبەر داماوی داوا دەکا له"کوڕەکانی" که لەژێر کۆتوبەندی دەسەڵاتدارانی ئێرانی، تورکوعێراقی رزگاری بکەن. لەم پەردەیەدا فرمێسك له چاوی بینەران دێتە خوار. له پەردەی دواتردا،کوڕەکانی"دایکی نیشتمان"، وەڵامی ئەم داخوازییە دەدەنەوە، چەك هەڵدەگرنو داگیرکەران ڕاودەنێنو ئەویش رزگار دەکەن، دوایین پەردەی شانۆکە، به دەسەڵات گەیشتنی دایکی نیشتمانە ـ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. پێنج بەشی شانۆکەو پشووەکان به شێعری حاجی قادری کۆییو سروودی میللی رازا بوونەوە. ئەم شانۆیە که پەیتا پەیتا له سالۆنی پڕلە بینەردا له مەهابادو شارەکانی دیکە نیشان دەدرا، کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو. ئەم شانۆیە وەکوو یەکێك له ساتە شکۆمەندەکان له بیری خەڵکی ناوچەکەدا ماوەتەوە. جێگای سەرسوڕمان نیە که کۆمەڵە، بەرهەمهێنەری ئەم شانۆیە بوو. نه هەوڵیدەدا نه دەشیتوانی شانۆگەرێکی ژن بۆ گێڕانی رۆڵی"دایکی نیشتمان"بدۆزێتەوە. تەنانەت بەشێك له پیاوانی گەنجی شانۆکەو بەڕێوەبەر لەلایەن باوکە ساماندارەکانیانەوە تووشی کۆسپ دەبوون، لەبەر ئەوەی بەچاوی سووکەوە سەیری شانۆیان دەکردو ئەم چەشنە شانۆگەریەیان بۆ چینەکانی خوارەوە دادەناو لایان وابوو ئەم شتانە لەگەڵ شەرافەتو متمانەی چینایەتیی ئەوان نایەتەوە.[٤]

### پێکەوەنانی میللەت له کۆماری کوردستاندا:

کۆمار که یەکەمین ئەزموونی دامەزراندنی حکوومەتی خودموختار له چەشنی مودێرن بوو، به کردەوە له دەوڵەتی ئێران سەربەخۆ بوو، دامەزرێنەری کۆمار، نەك سەرۆکایەتییەکی

←

عەشیرەتی‌و دەرەبەگانە، بەڵكوو رێبەری حیزبێكی نوێ بوو، لە چەشنی رێكخراوی ئاڵوگۆڕپێكراوی كۆمەڵە(ژ.ك) ئاڵوگۆڕی سەرەكی لە كۆمەڵەی(ژ.ك)دا لابردنی خواستی پێكهێنانی كوردستانی گەورە بوو. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر هەبوونی سۆڤییەت لە ناوچەكەدا، كە حكومەتەكانی ئازەربایجان‌و كوردستانی دەستەبەر كرد بوو، تەواوەتی خاكی دەوڵەتی ئێران بپارێزن.

لە باری خەڵكناسییەوە[دێمۆگرافی] شاری پایتەخت، واتە مەهاباد، كەوتبووە ژێر سێبەری ناوچە لادێ‌نشینەكان لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەت‌و دەرەبەگە خاوەن زەوییەكاندا بوون.ح.د.ك. بەكردەوە بۆ لەناو بردن‌و یان لانیكەم چاكسازی پەیوەندیی دەرەبەگایەتی زەوی‌وزار كە جوتیارانی كردبووە كۆیلەی زەوی، هیچی نەكرد. ئاكامەكانی سەرنەكەوتن لە نەهێشتنی پەیوەندیی دەرەبەگایەتیدا، كارەسات ئامێز بوون؛ لە باری سیاسییەوە زۆربەی خەڵك لە ژێر كۆنترۆڵی راستەوخۆی سەرۆك عەشیرەت‌و دەرەبەگەكاندا بوون؛ هەر بۆیە جووتیاران‌و شارۆمەندانی(Citizen)ی كۆمار، بە مافی یەكسان لەگەڵ دانیشتوانی شاری پایتەختدا نەبوون.

سەرەڕای ئەوەش، سەرۆك عەشیرەت‌و دەرەبەگەكان لە دامودەزگا لەشكری‌و مەدەنییەكاندا بوونە خاوەنی دەسەڵاتی گرینگ. هەر چەند زۆربەی ئەمانە لەلایەن حكومەتی رەزاشاوە(١٩٤١ـ١٩٢٥)، تووشی گوشاری زۆر ببوون, بەڵام بە بێمەیلییەوە چوونە پاڵ كۆمارو چاوەڕوانی رووخانی كۆمارو گەڕانەوەی حكومەتی ناوەندی بوون. ئەوان لە هەبوونی سۆڤییەت،هەڕشەی كۆمۆنیزم‌و سەربەرزكردنەوەی، سیاسەتمەدارانی كوردی ناو شارەكان‌و دەست تێوەردانە ناو كاروبارەكانیان دەترسان. ناسیۆنالیستەكانی ناوشار، هەرچەند خوازیاری نەمانی عەشیرەگەری‌و دەرەبەگایەتی نەبوون، رەخنەیان هەبوو لە هەلومەرجی ستەمكارانەی لادێكان‌و دلگرانی خەیانەتی سەرۆك عەشیرەتەكان بوون بە بزووتنەوەی میللی.

كۆمار ئەو سیستەمە ئیدارەیەی پێگەیشبوو كە لەلایەن حكوومەتی ئێرانەوە لە شاری مەهابادو ناوچەكە دامەزرا بوو. حیزب، بووڕۆكراسیی ئیداریی كورداندابوو، لە كاتێكدا كە ئەرتەش‌و ژاندارمیری چەك كرابوون‌و لە باتیی ئەوانە، ئەرتەشی میللی دانرابوو كە بە زۆری لە ژێر فەرمانی ئەو ئەفسەرە كوردانەدا بوون‌كە لەناو هێزە چەكدارەكانی ئێران‌و عێراقەوە ڕایانكردبوو. كابینەو شوورایەك پێك هاتبووو دامەزراوی فەرهەنگی وەك كتێبخانە، ئێزگەیەكی رادیۆ، سینەما، چاپخانەو رۆژنامە بەرپاكران. حیزب بە پێكهێنانی بەشی لاوان‌و رێكخراوێكی ژنان پەرەی‌دا بە چالاكییەكانی خۆی. بەمەبەستی باشتر كردنی بارودۆخی دوكان‌دارە بچووك‌و دەستەنگەكان چەند هەنگاوێك هەڵگیران. بەڵام سەرەڕای بەڵێنی خۆتێوەردان لە پەیوەندیی دەرەبەگایەتیی زەوی‌وزار بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی هەردوولا، خاوەن مڵكەكان‌و جوتیاران، ئەم پەیوەندییان هەر وەكوو خۆیان مانەوە.

## دایكی میللەت:

خاكی كۆمار، هەر بەشەكانی بەشەكانی باكووری كوردستانی ئێرانی دەگرتەوە. دانیشتووانی پایتەختەكەی، واتە شاری مەهاباد، نزیكەی ١٦٠٠٠ كەس بووو گرینگترین شارەكانی بۆكان، نەغەدەو شنۆ بوون. بەپێی ئاماری حكوومەتی دانیشتوانیی مەهاباد لە كۆتایی ساڵی ١٩٤٨ دا نزیكەی ١٦٤٥٥ كەس بوون كە ٨١٨٩ كەسیان ژنان‌و ٨١٨٩ كەسیان پیاوان پێك دەهێنا.[٦] ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە كە ساڵی ١٩٥١ لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە راگەیەندراوە ١٥٩٧١ كەس بوون.[٧] هەر هەمان سەرچاوە دانیشتوانی بۆ كان بە ٣٠٧٤ كەس‌و هی شنۆ ٢٢١٢ كەس دادەنێت.

لەبەر نەبوونی زانیاری سەبارەت بە سەرژمێریی ئەو سەردەمە، زەحمەتە باس لەسەر باری ژیانی ژنان بكرێ. بە دڵنیاییەوە ئاگاداری بدرێ. یەكەمین سەرژمێریی گشتی لە ئێران كە لە مانگی یازدەی ساڵی١٩٥٦دا، واتە رێك ١٠ ساڵ پاش رووخانی كۆمار، بەڕێوەچووە، ئامارێكی زیندوومان لەسەر شاری مەهابادو دەوروبەرەكەی دەخاتە بەردەست (سرشماری منطقه مهاباد).

سەرەڕای تێپەڕبوونی دەساڵ، سیمای رووبەدەرەوەی مەهاباد، ئاڵوگۆڕێكی بەرچاوی بەخۆوە نەدیوە. ژمارەی دانیشتووانی شار گەیشتۆتە ٢٠٣٢٢ كەس. بە پێی ئەم زانیارییانە، دەساڵ پاش كۆمار، تەنها ١٠٪ی ئەو ژنانەی كە تەمەنیان لە دە ساڵ زیاترە خوێندەوارن، واتە دەتوانن بنووسن‌و بخوێنن. بە كەڵك وەرگرتن لە زانیارییەكانی ئەم سەرژمێریە، دەكرێ، بڕوانینە ناوەڕۆكی رادەی نەخوێندەواریی ژنانی گەورەساڵ (١٥ ساڵ‌و گەورەتر) لە ساڵی ١٩٤٦دا. بۆ نموونە ئەوانەی لە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٦دا، تەمەنیان لە نێوان ٢٥ تا ٣٤ ساڵدا بووە، ساڵی ١٩٤٦لە نێوان ١٥ تا ٢٤ ساڵ بوون. هیچ لەوە ناچێ كە كارامەیی خوێندنی ئەم دەستە لە ژنان لە ماوەی دە ساڵدا، ئاڵوگۆڕێكی بەسەردا هاتبێ لە ساڵی ١٩٥٦دا تەنها ٦/٤٪ی ژنان‌و كچان (٨٥ كەس لە ١٣٢١ كەس) لە نێوان تەمەنی ٢٥ تا ٣٤ ساڵ خوێندەواربوون. رادەی نەخوێندەواری لە ساڵی ١٩٥٦دا بۆ تەمەنی نێوان ٣٥ تا ٤٤ ساڵ بە توندی گەیشتۆتە ٣/٧٪ (٢٧ كەس لە ٧٣٨ كەس)و بە ٠،٨٪(٦ كەس لە ٧٦٥ كەس) بۆ كەسانی نێوان تەمەنی ٤٥ تا ٥٤ ساڵ دەكەوێتە خوارەوە. ئەم ژمارانە ئەوە نیشان دەدەن كە رادەی نەخوێندەواری بۆ گەورەساڵانی ژن (١٥ ساڵ‌و گەورەتر) لە ساڵی ١٩٤٦دا زیاتر لە ٤٪نەبووە. هەروەها سەرچاوەكانی دیكە دەری‌دەخەن، كە زۆربەی خوێندەواران، لەو خوێندنگا مودێرنانەی كە پاش ساڵەكانی ١٩٣٠ دامەزرا بوون فێری خوێندن ببوون.

حیزبی دێموكراتی كوردستان لە پێڕەوی خۆی‌دا كە مانگی دوازدەی ١٩٤٥، واتە دوو مانگ پێش دامەزرانی كۆمار، بڵاوی كردۆتەوە رادەگەینێ كەلە كوردستان‌و هەروەها لەو ئوستانانەی دیكەی ئێران كە كوردیان تێدایە بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵانی خەڵك دەبێ لەسەر بناغەی دێموكراسی رەچاوبكرێن(بەشی دووهەم برگەی چوارەم). ئەم بەڵگەیە هەروەها هەر بەو زمانەی كە لە مەرامنامەی كۆمەڵەی(ژ.ك)دا هاتوە رادەگەینێ كە ئامانجی حیزب پەرەئەستاندنی دێموكراسی‌و بە پێی ئەوەش خەباتە بۆ خۆشبەزیەتیی هەموو مرۆڤێك(برگەی پێنجەم). یەكسانیی نێوان ژن‌و پیاو تا رادەیەك بە روونی راگەیەندراوە: ژنان دەبێ لە هەموو بوارێكی سیاسی، ئابووری‌و كۆمەڵایەتیدا مافی بەرامبەری وەكوو پیاوانیان هەبێ.(بەشی چوارەم برگەی ٢١).[٩]

حیزب لە ماوەی ژیانی كورت‌و پڕ لە گێژاوەی خۆیدا نەی‌توانی ئەو جۆرەی كەلە پەیرەوی خۆیدا بەڵێنیدا بوو كۆنگرە بگرێ. نەشی توانی هیچ چەشنە میكانیسمێك بۆ هەڵبژاردن‌و دێموكراسی پارلەمانی دابنێ. حیزب دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕێوەبەری‌و دادوەری بوو. سیاسەتی بەرابەریی جنسییەكەشی گرێ‌درا بوو بە روانگەی ناسیۆنالیستی رێبەرایەتیی پیاوانەوەئەو شێوەیەی كە رێبەران‌و ژنان تێ‌دەكۆشان لە چوارچێوەی هەلومەرجی كۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و سیاسیی ئەوكاتەدا ئاڵوگۆڕ پێك بێنن.

## حیزبی ژنان:

ئەگەر رێبەرایەتیی كۆمار زۆربەی جوتیارانی لە مافە دێموكراتیەكان بێبەش دەكرد، نیوەكەی دیكەی خەڵك واتە ژنان لە ژیانی پایتەختدا بە شێوەیەكی بەرچاو گرینگیان پێ‌درابوو. لە كاتی

بەڕێوەچوونی ئاهەنگی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٢ی مانگی یەکی ١٩٤٦ دا کە لە چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دا باس کراوە، ٢٣ کەس لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی کۆمار وتار پێشکەش دەکەن. لەو شازدە کەسەی کە قسە دەکەن دوانیان ژن بوون.[١٠] وتاربێژانی ژن کە هەردووکیان مامۆستای خوێندنگەی کچان بوون، ڕێزیان گرت لە سەربەخۆیی کوردستان و لە سەر پێداویستیی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتدا، پێدا دەگرن.

خەدیجەی مەجدی یەکێک لە مامۆستایان گوتی:

**"ئەلئان ئەی خوشکە خۆشەویستەکان با ئێمە چاو لە برا خۆشەویستەکانمان بکەین و دەستی ئیتیحاد بۆ یەکتر درێژ بکەین. چون دەبینم دایکی نیشتمان جاوەڕێی کچەکانی خۆمان، لە بەر ئەوەی دونیای ئەوڕۆ موحتاجی کچ و کوڕەکە بە خوشك و برایەتی دەست بدەینە دەستی یەك بۆ ڕزگارکردنی دایکی نیشتمان".**[١١]

ئەو هێڵە سیاسییە کە پێشتر لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) دا بە ڕوونی باس کرابوو، پەیتا پەیتا لە وتار خوێندنەوەی ژنان و پیاواندا و لە ڕۆژنامەکان و لە شێعردا دەگوترایەوە.[١٢]

نزیکەی دوو هەفتە پاشتر مامۆستاکانی خوێندنگەی کچان بۆ دەربڕینی شادیی خۆیان لە سەربەخۆیی و ناساندنی ڕێبەری کوردستان، کۆبوونەوەیەکیان ڕێك خست.[١٣] بە پێی ڕاپۆتی ڕۆژنامە (کە پاش پێکهاتنی حیزبی ژنان بڵاوکراوەتەوە)، یای پێشەوای کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئەندامی ح.د. ك و خەڵك لە هەموو چین و توێژەکان لەم کۆڕەدا بەشدار بوون. خانمی یەکەمی کوردستان، سەبارەت بە "پێشکەوتن و ڕێنوێنیکردنی ژنان" قسەی کرد. دواتر جووتێك گۆشەوارەی زێڕی پێشکەش کرد بە ویلما سیادیان بەڕێوەبەری خوێندنگەکە. خانم لە قسەکانی خۆیدا وەبیری هەموانی هێنایەوە کە ژنان پێویستە لە ژنانی بێگانەوە فێربن کە لەو شەڕە گەورەدا کۆمەکی گەورەی مێردی خۆیان بوون. هەروەها گوتی:

**"نابێ هەر چاوەنۆڕی پووڵ و لیباس و زێڕ بین لە مێردی خۆمان. یا یانی [خانمانی] خۆشەویست! مندالانی خۆتان لە چوار دیواری مالێدا بەدبەخت مەکەن و بیاننێرنە مەدرەسە کە وەکوو پیاو و ژنە نەخوێندەوارەکانیان بە سەر نەیەت و بتوانن دیفاع لە حقووقی میللی خۆیان بکەن و بە تایبەتی ژنانی کورد لە ڕیزی ژنانی خارجەی مەتەمەدین دا ڕاوەستن."**

وتاربێژی دواتر بەڕێوەبەری خوێندنگەی کچانە بوو کە پێیداگرت لە سەر پەروەردەکردنی ژنان و یەکگرتنی ئەوان لە گەڵ پیاوان بۆ ئەوەی میللەتەکەیان بتوانێت پێش بکەوێ. سێهەمین وتاربێژ عیسمەتی قازی کچی ڕێبەری کوردستان بوو کە گوتی ئێمە ژنان دەبوو چەندین جار جێژنی ڕزگار بوونمان بگرین بە چەشنێك کە تا هەموو دنیا تێگەیبیان کە ژنی کورد لەپیاوان ئازادیان پێخۆشترە. چوارەمین وتاربێژ کوبرا عظیمی کە مامۆستا بوو، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە ژنانی مەهاباد گرت:

"چونکە ئێمە زۆر لە پاشین کارمان گرانترو کۆڵمان قورستر دەبێ. ئەمما دەبێ بزانین کە ئەو بارو کۆڵە گرانە چلۆن لە سەر شانی ئێمە لا دەچێ. هەڵبەت ئەو بارە سەنگینە بە قووەی عەقڵ و عیلم لا دەچێ. ئەمما داخەکەم خەڵکی مەهاباد وانازانن. مەسەلەن ئەو کچە نەوجەوانانەی خۆیان بەدبەخت و بێسەوادا دەکەن. دەڵێن ڕۆڵە جووتێ گۆرەوی بچنە یا کڵاوێ بدروو یا خەیر دەڵێن: ئەمن کچی خۆم بۆ مەدرەسە نابەم بێ ئەدەب دەبێ. خانمانی عەزیز؛ دەبێ بێ ئەدەبی ئێمە چ بێ؟ ئەو کەسانەی کە ئەو فکرەیان کردووەتەوە لە ڕێگای ڕاستی دوورکەوتوونەتەوە و لێیان حاڵی نەبووە. مەسەلەن من شەخسی خۆم زۆر لە مەجلیسان گوێم لێبووە هەر وەخت کە ئێمە دەبینن دەڵێن ئەوە مەعەلیمەکانن و بە چاوێکی زۆر کەم تەماشای ئێمە دەکەن. ئەگەر ئێمە چاو لە زمان و کیتابانی خارجییەکان بکەین زۆر غەمگین دەبین و دەڵێن خودایا ئێمەش وەکوو ئەوانە عەبدین؟ بۆ دەبێ ئەلئان لە شارێکی وەکوو مەهاباددا لە قیسمەتی ژناندا نە جەڕراحێك، نە حەکیم و نە ددانسازێك یا مامانێکی ڕەسمی نەبێ؟"

وتاربێژ دواتر داوا دەکا لە ژنان کە خۆشحاڵ بن لە ڕووخانی دیکتاتۆریی ڕەزاشاو لە ناردنی کچی خۆیان بۆ مەدرەسە تەقسیر نەکەن تا ئەو جێگایەی کە بە زمانی دایکی خۆیان فێری خوێندن دەبن. پاشان بەشدار بوان یارمەتیی ماڵی دەدەن بە ح.د.ك ڕۆژنامە نێوی ٤١ ژنی نووسیوە کە پارەو زێڕیان داوە بە حیزب. سەمەرە ئەوەیە کە هەموو ئەم ژنانە بە ناوی مێردەکانیانەوە ناسێندراون. بۆ نموونە خانمی ئاغای سالح شاتری. هەفتەیەك پێش ئەوە، ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتێکی لە سەر دانیشتنێکی کۆنفرانسی خانمان لە مەهاباد نووسیوە:

کۆنفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کورد و شورەوی[سۆڤییەت]

**"ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١٢/١٧ (هەشتی مارسی ١٣٤٦) لە لایەن یای پێشەوای کورد کۆنفرانسێك بۆ بیر ئاجغ بوونەوەی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان لە یانەی فەرهەنگی کوردو شورەوی گیرا" لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لە یایەکانی (خانمەکانی هاوسەری) ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و ئامۆژگاران (مامۆستایان)و شاگردانی مەدرەسەی کچان و کارگەرانی حیزبی دێموکرات و ئیداراتی حکومەتی و کەسەبە، بە پێی بانگهێشتنی کە لە پێشدا کرابوون حازر بوون. دەپێشدا یای پێشەوای کوردستان لە بابەت ئەهمیەتی خوێندنی ژن و کچ و پێشکەوتنی ئیتیحادیەی ژنانی شورەوی و پێویستی شناسایی دەگەڵ وان ئیراد کرد. دوایە عیدەیەکی زۆر لە ئامۆژگاران و شاگردان و یایانی دی نگقو خگابەیان خوێندەوە و کۆنفرانس کە لە ساتی دووی پاش نیوەڕۆە گیرابوو لە ساتی پێنج دوایی هات.**[١٥]

**هیچ ناوێك لە هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بەردەوام بەڕێوە چووە نەبراوە. هەفتەی دواتر ڕێکخراوی ژنان پێك هات. ڕاپۆرتێکی کورت لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتوە":**

**"ساز کردنی حیزبی دێموکرات (لە لایەن ژنانی کوردستان)**

**ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١٢/٢٤ (١٥ مارسی ١٩٤٦) لە لایەن یای پێشەوای کوردستانەوە لە ژمارەیەکی زۆر لە یایانی تێگەیشتووی کوردستان گێردرایەوەو لە ساتی ٣ی پاش نیوەڕۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوەو بە سەرۆکایەتی یای پێشەوای کوردستان (مینا خانم [وشەیەك ناخوێندرێتەوە]) حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا و ژمارەیەکی زۆر لە یایان نێو نووسیان کرد و مانگانەی ئەندامەتیان تا دە تمەن وەئەستۆ گرت".**[١٦]

ناوی ڕێکخراوەکە لە ژمارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەکەدا جیاوازە؛ بۆ نموونە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان[١٧] و حیزبی یایان.[١٨]

ئەم ڕێکخراوە باڵی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. حیزبی ژنان کە بە هیچ شێوەیەك بەرهەمی بزووتنەوەیەکی فیمینیستی

نەبوو، لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسییەوە دامەزرا کە پیاوان دەسەڵاتی زاڵیان بەسەریدا هەبوو. سیمای بەڕێوەبەر"ی مینا" هاوسەری سەرکۆمار بوو.

حیزبی ژنان لە ڕواڵەتدا ڕێکخستنێکی شلوشەوێڵی هەبوو. پاش یای مینا کە ڕێبەری ڕێکخراوەکە بوو، سەرۆکی دە گەڕەکی مەهاباد بوون. ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە داهاتو مەسرەفی حیزبی ژنان لە سێهەمین مانگی بەهاردا(جۆزەردان)، ناوی ڕێبەرانو داهاتەکانی(مافی ئەندامەتی)ی هەموو گەڕەکەکان نووسراوە[١٩].

| | | |
|---|---|---|
| ١ـ کلثوم سلّطانیان | هەرمەنیان | ١٣٠٥,٠٠ |
| ٢ـ خورشید شاطری | بازار | ٢٨٢,٥ |
| ٣ـ خەدیجە قاضی | چۆمێ | ٢٢٧,٥ |
| ٤ـ سەید عایشە شاطری | حاجی حەسەن | ٨٢٢,٥ |
| ٥ـ صدیقە وەلیزادە | خرێ | ٩٣٦,٥ |
| ٦ـ زیبا خانم | قوڵەقەبران | ٢٣٠,٠ |
| ٧ـ ئامینە داودی | قیبلە | ٢١٠,٠ |
| ٨ـ زارای مەولەوی | ڕزگەیان | ٠,٢٠٠ |
| ٩ـ پیروزە موشیری | جامیعا | ١٢٠,٠ |
| ١٠ـ ماوزەر بلەزادە | یەهوودیان | ٩٥,٠ |
| | تێکڕا | ٤٤٢٩,٠ |

داهاتی دوومانگی هەوەڵی بەهار ٩٢٩١ قران بوو. مەسرەفەکان بریتی بوون لە کرێ (١٢٠٠ قران)، گۆڕینی کەلو پەلو رووميزيەکان (٢٥٠٠قران)، مانگانەی دوو مانگی کارمەندێکی ژن (٤٠٠ قران)، مانگانەی سێ مانگی کارمەندێکی دیکە (٦٠٠قران)، هاتوچۆو خەڵوز (٨٠قران)و جارچی شار (٦٠قران) کە سەرجەم دەبێتە ٧٥٤٠قران (٢٠). حیزب سەرەتا لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا نیشتەجێ ببوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە گواستیانەوە خانوویەکی بەکرێ. لە ئاگادارییەکی کوردتدا داوا دەکرێ لە یایانی خوێندەوار کە هەر کەس پێی خۆشە بۆ ئەم کارانەی خوارەوە داوای خۆی بنێرێ: حیسابدار، خەزنەدار، مونشیو سندوقدار.

یەکەمین ئامانجی حیزبی ژنان وەگەڕخستنی ژنانی گەورە ساڵ بوو بۆ پشتگیری لە کۆمارو میللەت. لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەم ژنانە نەخوێندەوار بوون، حیزب کلاسی فێرکردنی خوێندنو هەروەها کۆڕوکۆمەڵی نارەسمی بۆ ڕێکدەخستن. چالاکی دیکە بریتی بوون لە کۆکرنەوەی یارمەتیی ماڵیی بۆ ئەرتەشی میللی، بەشداری لە خۆپێشاندانەکان، ڕێپێوانەکانو نووسین لە ڕۆژنامەکاندا. یارمەتیی دان بە ئەرتەشی میللی بریتی بوو لە چنینی جلوبەرگو گۆرەوی بۆ پێشمەرگەکان. ڕێکخراوی ژنان لە کۆمار، سیمای حکوومەتێکی مۆدێرنی نیشاندەدا کە لایەنگری پێشکەوتنی ژنان بوو.

ناسیۆنالیستەکان لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە پەروەردە کردن گرینگترین مەرجی ڕزگاری میللییە. بەدرێژایی سەدەی بیستەم، زۆرێك لە رووناکبیرانی هەر دوو جینسەکە، خوازیاری ئەوە بوون کە- دەراوی پەروەردە ئامادەبکرێ بۆ ژنان. سەرەڕای ئەوەش، هێندێك لە دایكو باوکەکان، لەوانە دایکانی مەهاباد لە بەرامبەر ئەو شاڵاوی ناردنی کچان بۆ خوێندنگەدا ڕادەوەستان. ڕەخنەی کوبرا عەزیمی لەو دایكو باوکانەی کە ئامادە نەبوون کچەکانیان بنێرنە خوێندنگە، هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ململانێیەك نیشاندەدا لە نێوان ناسیۆنالیستەکانی لایەنگری بەشداریدانی ژنان لە ناو میللەتداو ئەو بۆچوونە نەریتییەی کە تێیدا سازگاریی کۆمەڵایەتیی پێش سەرمایەداریو پەیوەندیی دوو نێوان جینس دووبارە دێتەوە بەرهەم. لە ڕاستیدا ڕێبەرایەتیی تەواوپیاوانەی کۆمارو بە تایبەت خودی سەرکۆمار، زیاتر لە زۆرێك لە ژنەکان، لایەنگری پەرەپێدانی فێرکردن بوون لە ناو ژناندا. بۆنموونە بەرپرسی ح.د.ك. لە شنۆ یەکەمین خوێندنگەی کچانەی ئەم شارەی کردەوە. لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەم خوێندنگەیە(٢٢) کە لە لایەن حەسەن کاظمی بەرێوەبەری خوێندنگەکەوە نووسراوە، کە پێویستە هەموو خەڵکی شار سوپاسی ڕێبەری ح.د.ك. بکەن، بۆ ئەم خزمەتە گەورەیەو بە خۆشیو مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە. جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە کوردستانێکی ڕزگار کراو، پێویستی بە ژنانی پەروەردەکراو هەیە. ئازادی، ڕزگاریو پەروەردە لێك جیا ناکرێنەوە. گەورەترین دەسکەوت ئەوەیە کە وەکوو پیاو بن. ژنێکی نەخوێندەوار بارێکە بەسەر شانی میللەتو خوێندەوارەکەیەو پیاوێك لە وتارێکدا سەبارەت بە حامڵاندنی[فێرکردنی] ژنان نووسی:

**"ڕۆژێك لە ئیدارەی فەرهەنگەوە بۆ ماڵێ دەچوومەوە. دیتم ژنێك لەبەر دەرکی کانگای**
**حیزبی دێموکراتدا ڕاوەستاوە. ڕووی تێکردمو بە لەهجەیەکی ژنانە کە مەخسووسی**
**ژنی نەخوێندەوارو سادەی وڵاتی ئێمەیە لێی پرسیم"ئەرێ براله ئێرە کوێیە؟ دیتم**
**ئەگەر بڵێم کانگای حیزبی دێموکراتە، نە لە کانگا دەگاو نە لە حیزبو نە لە دێموکرات.**
**ناچار سەرم بەرداوەلە پاش کەمێك بیر کردنەوە گوتم: لێرە چەند کەس لە گەورە**
**گەورانی کوردی کە لەکن یەکەوە خڕدەبنو لە کاروباری نیشتمان بیر دەکەنەوە."**

نووسەر پاشان وایلێکدەداتەوە کە تا ئەو کاتەی ژنان خوێندەوار نەبنو سەبارەت بە مافی کۆمەڵایەتیو سیاسیی خۆیانو وشیار نەبنەوە، کوردان نابێ پێیان وابێ کە هەنگاوێکی گەورەیان لە ڕێبازی ئازادیو شارەستانیەتدا هەڵگرتوە.(میکائیلی،٤،١٩٤٦)

ئەندامانی حیزب لە ڕێگای یارمەتیی ماڵیو کۆکردنەوەی پارە لەو کەسانەی کە ئەندام نەبوون پشتیوانییان لە حکوومەت دەکرد. جارێکیان سەرکۆمار بە یای مینای گوت کە شاژنی فەرانسە ئەنگوستیلەکەی خۆی بەخشی بە خەڵکی فەڕانسە. ئەی تۆ بۆ واناکەییت. من دڵنیام کە ئەمکارە ژنانی دیکەش هاندەدات کە یارمەتیی ماڵیی بدەن بە کۆمار.

وەرگیراو لە سایتی www.jinnama.org

# ژنی کورد له بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەی بێلایەن نەبووە

عیسمەت نستانی



کوردستان له مێژه وەک سەنگەری ئازادی ناسراوە و لەم دەورە پێرۆزەدا هیچ کاتێک ساتێک سەریان بۆ زۆرداری و ستەم و چەوسانەوە نەوی نەکردوە. خەڵکی خاوەن ئیرادەو بە بیروباوەڕو شۆڕشگێری کوردستان لە زۆر قۆناغ دا ڕاپەڕینی گەورەیان وەڕێخستوە و بە ژن و پیاوەوە بە گژ داگیرکەران و پەلامارەدەرانی کوردستان دا چوونەتەوە بۆ ڕزگاری نەتەوە و خاکی کوردستان لەخۆبوردوویی و فیداکاریان لەخۆ نیشان داوە شانازی زۆریان خولقاندوە، لاپەرەکانی مێژوو شاهیدی تۆماری حەماسەتەکانیان، خەڵکی کوردستان بەپێی ئەو ستەمە مێژووییەی کە لێکراوە سروشتێکی ئازادیخوازانەو خاوەن هەڵوێستی هەبووە هەر بە پێی ئەم سروشتەش بۆ خاشەبڕکردنی نیزامە سەرکوتکەرو کۆنەپەرستەکان پێشەنگ بووە و ئێستاش هەر پێشەنگە.

ئەگەر چاو لە لاپەرە زێڕینەکانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بکەین گەلێکی ئازادیخوازو دژی چەوسانەوەو زۆرداری بووە و هەمیشە هەوڵی داوە بیرو فکری لەگەڵ ڕەوتی سەردەم ڕێک بخا. بە تایبەت لە بواری عەدالەتی کۆمەلایەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا دەتوانین بڵێین بە نیسبەت ناوچەکانی تری ئێران پێوەندی له نێوان ژن و پیاو لەسەر ئەساسێکی پێشکەوتوودا دامەزراوە و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی سەردەم دا ڕۆیشتوە.

هەرچەندە کوردستانی ئێران ناوچەیەکی دواکەوتووو لەناو وڵاتێکی دواکەوتوودا بووە و هەمیشە لەلایەن چەوسێنەرانی کوردستان هەوڵ دراوە کە خەڵکی کوردستان گیرۆدەی دابونەریتی کۆن و دواکەوتوو بنو له دواکەوتوویی دا بمێننەوە و پێش نەکەون، کە زۆر جار لە ئەنجامی زاڵ بوونی ئەم دابوونەریتانە بەسەر خەڵکی کوردستان هەڵوێستی چەوت و نارونن له پێوەندی لەگەڵ ژنان هەڵگیراوە سروشتییە کە ژنانی کوردستانیش کەم زۆر لە بەشێک لەو ناعەداڵەتیانەی کەلە پێوەندی نێوان ژن و پیاودا بەرچاو دەکەوێ بێبەش نەبوون.

بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە ژنی کورد سەرەڕای هەمووی ئەوانەش تارادەیەک ئازادی هەبووە و هیچ کات وەک مەوجوودێکی بێدەسەڵات لە ماڵدا دانەنیشتوەو لە گشت بوارەکانی ژیان دا موچەومەزرا بگرە تاوبوری بەرهەمهێنان و کار لە دامەزراوە گشتییەکان...... هتد بە شان بە شانی پیاوان سەرەڕای ئەرکی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ کاری کردووە و زەحمەتی کێشاوە، دەتوانین بڵێین کە ژنان لە ئیدارەی کۆمەڵی کوردەواری دا سەهمیان لە پیاوان زیاتر بووە (ئەگەر بێنە مەیدانی خەبات ژنی کورد لە ناو تاڵی و ناسۆریەکانی ژیان دا قاڵبووە و قوربانی داوەو بەشێکی گەورەی ـــەرگەســـاتو نەهـــامـــەتیەکانی بەرکەوتوە)و لەهـــەر پەلاماردانێکی کوردستاندا یـــەکەم قوربانی ئەو پـــەلامارو دەســـت درێژی و جەرگ سووتاوی و ماڵ لێ شێواویە بووە.

ژنـــی کـــورد جـــگە لـــە زوڵمی کـــۆمـــەڵایەتیی زوڵـــم و ستـــەمی نەتەوایەتیشی لەسەر بووە و ئاسەواری قورس و تووڵی بریـنی بەسۆی لە دەروونیدا جێهێشتوە. هەر بۆیە ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران هیچ کات لە ڕزگاری و چارەنووسی گەلەکەیان بێلایەن نەبووە و هەرکاتێک بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە وڵات بەتایبەتیی لە کوردستان سەری هەڵدابێ پێشەنگی ئەو بزوتنەوەیە بوون و بە بەشداری کردنیان لە ڕاپەڕینەکان و لە خەباتی سیاسی و چەکداری بەنهێنی و بە ئاشکرا ڕۆڵی بەرچاویان بووە و لە یارمەتیدان بە شۆڕشگێران و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری قەت دەریغیان نەکردوە. ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران دەزانن بۆچی خەبات دەکەن و چیان دەوێ، ئامانجیان ڕوون و دیاریکراوە.

ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران لەلایەک دەیانهەوێ گەلەکەیان لە ژێر باری چەوسانەوەی میللی ڕزگاری بێ و وەک گەلێکی خاوەن شەخسیەت و هوویەت بناسرێ و لەلایەکی دیکەش ژنانی کوردستان ئازادی خۆیان دەوێ چونکە ئەوان باش ئەوە دەزانن کە کاتێک گەلەکەیان لە ستەم ڕزگاری بێ گەیشتن بەمافــو ئازادییەکانیان مسۆگەر دەبێ بەڵام کاتێک گەلەکەیان لە ژێر ستەم و چەوسانەوەدایە ئەوانیش

←

بەشێکی چەوساوەی ئەم گەلەن.

هەر بۆیە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ژنانی کوردستانی ئێران دوو بەرەیان بۆ خەبات هەڵبژاردوە، یەکەم خەبات بۆ ئازادیو سەربەرزی گەلە کە ژنان لەو بەرەیەدا وێڕای پیاوان لە خەباتێکی سیاسیو شێلگێرانەدا بەشدار بوون کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران رێنوێنی دەکرێ، ژنان لەو بەرەیەدا وەك کورد خەباتیان کردوەو خەبات دەکەنو تەنیا قازانجو بەرژەوەندی گەلەکەیان لەبەر چاو بووە چونکە سەلمێندراوە رادەی پێشکەوتنو سەرکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگیدا بەرادەی بوونی بەشداری ژنان لە خەبات دا بەستراوەتەوە چونکە لە هەر کۆمەڵگایەك ئەگەر نیوەی کۆمەڵ لە مەیدان دا نەبێ ئەو کۆمەڵگایە قەت ناتوانێ پێشکەوتووو بەختەوەر بێ.

بەرەی دووەمی خەباتی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی ژنانو پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە کۆمەڵگادا بە قازانجی ژنان بووە کە بە هەوڵو تەقەلای خۆیان رێگای رزگاریو گەیشتن بە مافە رەواکانیان مسۆگەر بکەنو مەرجی سەرکەوتن لەو بەرەیەش دا خۆی لە رێکخراوەیەکی ژنان دەبینیەوە هەر بۆیە ریزەکانی خۆیان لە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك رێکخراوەیەکی داکۆکیکەر لە مافو ئازادییەکانی ژنان پتەوتر کردەوەو ئێستاش بەردەوامن لە خەبات بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان.

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستانی ئێران لە قۆناغی ئەو دواییەی شۆرشەکەمان کە نزیك بە ٢٧ ساڵە دژی ماف زەوتکەرانی کوردستان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرێوەیە هەر لەسەرەتای شۆرش بینیمان کە ژنانی کوردستان چلۆن لە بەرامبەر ماف زەوتکەرانی کوردستان دا بە خۆراگریو فیداکاریو لەخۆ بووردوویییەوە هاتنە مەیدانو شاهیدی حەماسەتەکانیان بووین.

کام پێشمەرگەی ئەم کوردستانە نیە کە شاهیدی فیداکاریو دڵسۆزیو بەپەرۆشی ژنانی کورد لە کوردستانی

**جێیخۆیەتی میدالیای خۆراگریو فیداکاری وەك سەمبۆلی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران لەبەرۆکی یەکەیەکەی ژنانی دێموکرات بدەین کە ماوەی ٢٧ ساڵە لە سەنگەری خەباتو بەرخوداندا دور لە زێدو کەسو کارو دیدار ئاخرەتی لە خۆشەویستانو بێبەش بوون لە ژیانی سەردەم، سەلماندوویانە لە بەرامبەر شەم شەمە کوێرەکانی جەهلو نەزانی کەلە ماوەی ٢٧ساڵ دەسەڵاتی سەرەرۆیی لە ئێران دا کە بە هەموو جۆرێك ویستوویانە دەنگە ئازادیخوازەکان لە گەروودا کپ بکەن بە چۆك دا نایەنو هەر ورەیان بەرزو دەنگیان زولاڵە.**

ئێران نەبووبێ ئەو شێرە ژنانەی کە بەئازایەتییو بوێری خۆیان پیلانەکانی دوژمنیان پوچەڵ کردۆتەوەو هاوکاریو رێنوێنیو رێ نیشاندەری پێشمەرگە بوونو لە کاتی تەنگانەو لە ژێر رەهێڵەی تۆپو خۆمپارەبارانی پەلاماردەرانی کوردستان خۆراكو پۆشاكو تەقەمەنیان گەیاندۆتە پێشمەرگەو نەیان هێشتوە رۆڵەکانیان تووشی برسیەتیو تینویەتی بنو بەرامبەر دوژمنی دڵ پڕلە قین ورەیان بەرزو پیرۆزبێ کە زۆرجار لەو پێناوەدا گیانیان کردۆتە قوربانییو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون یان کەوتوونە بەردەستی بێئەمانی دوژمن تووشیو ئازارو ئەشکەنجەو بێحورمەتی بوون.

کەم نین ئەو شێرە ژنانەی کە لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شان بە شانی براکانیان لە سەنگەری خەباتو تێکۆشاندا سەنگەر بە سەنگەرو دۆڵ بە دۆڵی شارو گوندەکانی کوردستانیان نەپێوابێو لە پێناوی ئازادی گەل دا ئازاریان نەکێشابێو شەهید نەبووبن.

کەم نین ئەو شێرە ژنانەی بە شانازییەوە کوڕو کچو هاوسەری ژیانیان لە گەرمەی خەباتو بەربەرەکانی دژی کوردنەویستان ناردۆتەوە ریزی شۆرشگێرانو بۆخۆیان سەرپەرستیو پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ گرتوە یان تووشی جەرگ سووتانو ماڵ وێرانیو دەربەدەری هاتوون.

هەر بۆیە جێی خۆیەتیی لە یادی شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران میدالیای شانازیو سەربەرزی لە بەرۆکی هەموو ژنانی کوردستانو خێزانی سەربەرزی شەهیدانو زیندانییە سیاسییەکان کە سەربەرزانەو رووسوورانە سەرپەرەستیو پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دوور لە سۆزی باوکیان لە ئەستۆ گرتوە، بدەین.

جێیخۆیەتی میدالیای خۆراگریو فیداکاری وەك سەمبۆلی ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران لەبەرۆکی یەکەیەکەی ژنانی دێموکرات بدەین کە ماوەی ٢٧ ساڵە لە سەنگەری خەباتو بەرخوداندا دور لە زێدو کەسو کارو دیدار ئاخرەتی لە خۆشەویستانو بێبەش بوون لە ژیانی سەردەم سەلماندوویانە لە بەرامبەر شەم شەمە کوێرەکانی جەهلو نەزانی کەلە ماوەی ٢٧ساڵدەسەڵاتی سەرەرۆیی لە ئێران دا کە بە هەموو جۆرێك ویستوویانە دەنگە ئازادیخوازەکان لە گەروودا کپ بکەن بە چۆك دا نایەنو هەر ورەیان بەرزو دەنگیان زولاڵە. سلاو لە ئێوە ئەی ژنانی دێموکرات کە شیاوی هەموو رێزێکن.

## هەستو روانگەی جۆراوجۆر بەرامبەر

# ٢٤ی رەشەمەو تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات

شنۆ مێهرپەروەر

**هاورێی بەڕێز خۆت بەخوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنەو لەپاش کۆنگرەی یەکەم ئێوە چ ئەرکو بەرپرسیاتێکتان کەوتۆتە سەر شان؟**

لە پێش هەموو شتێك دا سوپاسی گۆڤاری ژنان دەکەم کە ئەو هەلەی بۆ رەخساندم. نەسرین حەداد، لە کۆنگرەی یەکەم دا وەك ئەندامی بەرێوەبەریی هەڵبژێردرام و لە بەرێوەبەریش دا وەك ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردرام پێشتر وەك مەسئوولی مالی یەکیەتیی ژنان کاریان پێ‌ئەسپاردمو لەگەڵ ئەوکارەش دا هەر کارێکی لە دەستم هاتوە کردومە لەم دوایەش دامەسئولیەتی بەشی ئاموزشییان پێ‌ئەسپاردم لە پەنای ئەوەش دا هاوکاری گۆڤاری ژنان دەکەم.

**٢٤ی رەشەمەی ئەمساڵ ٦٠ ساڵ تەواو بەسەر دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تێپەڕدەبێ، ئێوە وەك ئەندامێکی بەرێوەبەری چ پەیامێکتان بۆژنانی هاوخەباتتان هەیە؟**

بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ژنانی ئەندامو سەرجەم ژنانی کوردستان دەکەم، داوا لە ژنان دەکەم هەتا دەتوانن هەوڵ بدەن بۆ بردنەسەری زانیاری خۆیان، باوەڕیان بە خۆیان هەبێ، باوەڕ بەخۆبوون زۆر گرینگە ژنانی کورد هیچیان لە ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو کەمتر نیەو هەروەها لە پیاوانیش. ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان بێ‌و نەترسین دەتوانین سەرکەوتووبین لەگەڵ هەر توندوتیژیێك بەربەرەکانی بکەین ئیمانمان بەوە هەبێ کە جێگای واقیعی خۆمان لە کۆمەڵگادا دەدۆزینەوە، ژنان نابێ بەهیوای ئەوەبن کە پیاوەکانیان مافیان بۆ وەربگرن، ئەگەر ژنان لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا ئەکتیف نەبن پیاوەکان بۆ خۆیان یاسای کۆمەڵایەتی بە قازانجی خۆیان دادەڕێژن.

دوبارە داوای سەرکەوتن بۆ هەموو ژنان.

**خۆت بناسێنەو لەسەر کارو ئەرکەکانتان لەو یەکیەتیەدا باس بکە؟**

خەجیج پوورمەند ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی‌ژنانم لەنێو ئەندامانی بەرێوەبەریی‌دا هەرکەسەو کاری خۆی دیارە. ئەمن کە بەشێك لە کاری ئاموزشی دەکەمو بەپێی ئامانجەکانی یەکیەتیی ژنان کە دەیهەوێ ئاستی وشیاری ژنان بەرێتە سەرو کار بۆ فێربوونو پێگەیاندنیان لە هەموو بوارێك دا دەکا، منیش بەپێی پێویستو ئیمکاناتی یەکیەتیی ژنان هەوڵی دانانی کلاسو دەورەی جۆراوجۆر دەدەم، هەروەها لە پشووی هاوینیش دا ئەوەندەی لە توانامان دابێ کار بۆمندالانو مێرمندالان دەکەین. هەروەها هاوکاری بەشی کۆمەڵایەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بۆ بەدواداچوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەم.



**بەبۆنەی ٢٤ی رەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان چ پەیامێکت بۆ ژنان هەیە؟**

هەر وەك روونو ئاشکرایە ئەگەر کۆماری کوردستان نەبایە قەت ژنان لەو سەردەمەدا ئەو یەکیەیان بەخۆوە نەدەبینی بۆیە لە پێش دا دەبێ شانازی بە کۆمارەوە بکەین دوایە بە یەکیەتیی ژنانەوە. پەیامی من بۆ ژنان، پێم وایە ژنان دەبێ زیاتر بێنە مەیدان زیاتر لە بوارەکانی خەبات دا بەشداری بکەن چونکە ئەرکی سەرشانی ئێمەی ژنانە هەم بۆ مافی نەتەوایەتی هەم بۆ مافی یەکسانیمان هەوڵ بدەین پێشم وایە تا نەتەوەکەمان ژێردەست بێ‌و نیشتمانەکەمان داگیرکراو بێ، نە ژنانو نە هیچ چینو توێژێکی دیکە ناتوانێ سەربەست بێ. جا بۆ ئەوەی ئامانجی نەتەوەییو ئینسانیو یەکسانیمان بێتەدی، داوام لە هەموو ژنانی کوردە لە هەر جێگایەك هەن بێ‌تەفاوەت نەبن، خۆ بەکەم نەگرن، هەرچەند بەداخەوە ژنان زۆر کەم خۆ لە کێشەکان دەدەن دڵنیام ئەگەر باوەڕیان بەخۆیان بێ زۆرکاریان لەدەست دێ.

بەهیوای هاتنەدی هەموو ئاواتەکانمان.

**خۆت بناسێنەو چ بەرپرسایەتیەکت لە یەکیەتیی ژنان دا هەیە؟**

پەروین رەمەزانی ئەندامی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنانم هەروەها لە بەشی ئاموزشیی یەکیەتیی ژنانو هاوکاری بەشی تەشکیلاتیش دەکەم.

**بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێزتان چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنانو خوشکانی هاوخەباتت؟**

بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ژنانی کوردستانو خوشکانی هاوخەباتم بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی دەکەم هیوادارم جەژنی داهاتوو لە ئێرانێکی ئازاددا بەرێوەبەرین.

پەیامم بۆ خوشکانی هاوخەباتم ئەوەیە هەروەك هەموومان ئاگادارین کەلەم سەدەیەدا سەدەی پێشکەوتنو دێموکراتیزە کردنی دونیاو پاشە کەشە پێ‌کردنی دیکتاتۆریی مل هۆڕو لە جێگای ئەوان دامەزرانی حکومەتە دێموکراتو ئازادیخوازەکانە

کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە. بەڵام بەداخەوە لە هێندێك وڵاتان کە لە یەکێك لەوان وڵاتی ئێمەیە ڕێژیمی دیکتاتۆرو دواکەوتووی ئاخوندی بە توندترین شێوە بەرەنگاری ئازادیەکانو مافە سەرەتایەکانی کۆمەڵ دەبێتەوەو پێشلیان دەکا بێگومان هەموومان باش دەزانین بە تایبەتی وەزعی خوشکان لە ئێران دا چۆنە ژنان دووقات زوڵمیان لێدەکرێو مافەکانیان پێشێل دەکرێو کەوابوو داوام لە خوشکانی هاوخەباتم ئەوەیە لەوەی کە ئێستا هەیە با زیاتر خۆماندو


پەروین ڕەمەزانی

کەینو با خەباتەکەمان بە گوڕوتین تر بکەین بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوت کراوەکانمان هەروەها ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە ژنان دەبێ بڕوایان بە خۆیان هەبێ لەوە دڵنیام کە ژن خاوەنی هێزو توانایەکی زۆر کارامەن بڕوابەخۆبوون زۆر گرینگە ئێمە هیچمان لە ژنانی دنیا کەمتر نیە تەنانەت لە پیاوانیش، ئەگەر باوەڕمان بە خۆ هەبێو بە سەرترسی دەروونمان دا زاڵ بینو ڕادەی زانستیمان ببەینە سەر دەتوانین لە هەموو بوارەکانی ژیان دا سەرکەوتوو بین.

**خوشکە ڕووناک خاتوونی ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی نیشتەجێبوونی ژیانتان لە ناوەندی ٢ی کوردستان کاروچالاکیەکانتان چین؟ کەمێك لەو بارەوە بدوێن؟**

کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە زەوی سپی تەقسیمی کاریان کردوە. کارەکان بریتین لە بەشی ئاموزشی - بەشی تەشکیلات - بەشی پەیوەندیەکان.

بەشی ئاموزشی: ئەو بەشە ئەرکی ڕاهێنانو بارهێنان یا بە واتایەکی‌تر پەروەردەکردنو پێگەیاندنی ئەندامانی لەسەر شانە.

یەکەم: خوێندەوار کردنی ئەو بەشە لە خوشکان کە بەهۆی دواکەوتوویی وڵاتەکەمان نەیاتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەن.

سازدانی ژنان بۆ بەشداری کردن لە دەورەهای جۆراوجۆر وەك: دەورەی سەرەتایی کادرو دەرمانی - وەرزشی - کومپیوتێرو خەیاتی...هتد

بەشی تەشکیلات: بێگومان بەردی بناغەی هەر ڕێکخراوێك شانەیە. کۆمیتەی ژنانی ناوەندی٢ی کوردستان بەچەند شانە دابەشو هەرکام لە وانە ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبەن. ئەرکەکان بریتین لە: پێکهێنانی کۆبوونەوە لەسەر مەسایلی جۆراوجۆر لانی کەم لە مانگ دا دوجار.

**دووهەم:** تەبلیغ کردن بۆ یەکیەتیی ژنانو هاندانیان بۆ نێو ریزەکانی خۆی بەپێی بڕیارو پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنانو بۆ ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەداو تەبلیغ کردن بۆ ویستو داخوازە ئینسانیو ئازادیەکانیانو گەیاندنی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەو یەکیەتییە، بەهێزکردنی پێوەندی نێوان ژنانی کوردستانو یەکیەتیی ژنانو وەرگرتنی زانیاری لەسەر گیروگرفتەکانی ژنانو تەبلیغ کردن بۆ لە نێوبردنی بیروبۆچوونی دواکەوتووانەو هاندانی ژنان بۆ بردنە سەری ڕادەی هوشیاریو کۆمەڵایەتی.

**ئەو کاروچالاکیانەتان چەندە کاریگەر بوون لەسەر ئاستی زانیاریو هۆشیاری ژنانی ئەو کەمپە؟**

هەوڵدانو ماندووبوون لە هەر پیشەیەك دا کاردانەوەیەکی موسبەتی دەبێ کاروچالاکیەکانی ئێمەش تەئسیری زۆرباشیان لەسەر ژنانی ئەو کەمپە هەبووە، بەگشتی لە هەموو دەورەکان کەلەسەرێدا ئیشارەم پێکردوە بە تایبەت لە دەرە سەرەتایی کادرو دەرمانیو بەشداری کردن لە کلاسە دەرسیەکان ژنان پلەیەکی مومتازیان وەدەست هێناوە ئەو خولانە کردنەوەی دەلاقەیەك بوو بۆ بردنەسەری زانیاریو تێگەیشتووی خۆ پێگەیاندنی ئەندامەکانمانو هەرکەس بەپێی علاقەمەندی خۆی خەریك موتالەعاتەو هەم بۆ ڕێکخراوەکەمانو هەم بۆ بنەماڵەکەشیان سوودمەندە.

**لە یادی ٦٠ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان؟**

لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بە دووشتی ئەساسی کە دەبێتە مەرجی سەرکەوتنو چارەسەری زۆربەی گیروگرفتی هەر ژنێك بکەم.

یەکەم: باوەڕ بەخۆبوونی خۆیان هیچ کات لە دەست نەدەن.


ڕووناك خاتوونی

دووهەم: دەبێ لە هێزو تواناو کارکردن بۆ گەیشتن بەسەر بەخۆیی ئابووری کەڵك وەرگرنو هەروەها دەبێ گرینگی تایبەت بە بارهێنانی منداڵەکانیان چ کوڕو چ کچ بدەن چونکە لەسەرەتای لە دایك بوونی هەر کۆرپەلەیەك نابێ جیاوازی لە هیچ بوارێك دا لە لایەن دایكو باوکەوە بە نیسبەت منداڵ بەدی بکرێ.

بێشك فەرق نەکردن لە نێوانیان دا لە داهاتوودا تەئسیری موسبەتیان دەبێ لەسەر ڕۆڵی کەسایەتی بەتایبەت ژنان لە نێو کۆمەڵگادا.

لە کۆتاییش دا داواکارم کە هەم لە نێوخۆی کوردستانو هەم لە دەرەوە ژنان دایکان - کچان - هاندەرو پاڵپشتێك بن بۆ خۆیان بۆ دەروویەرو بە مەسئولییەتەوە بڕواننە مەسەلە نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیو مافەکانی خۆیانو لەوە زیاتر نەبنە ژێر چەپۆکەی کۆمەڵگاو بنەماڵە.



**خاتوو پەروین شەکوری ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی نیشتەجێ بوونی ژیانتان واتە ناوەندی سێ کوردستان دەکرێ لەسەر چالاکی‌یەکانتان بدوێن؟**

پەروین شەکووری ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە کۆنگرەی یەکەم دا ئەو بەرپرسایەتیەم پێ‌ئەسپێردرا. خەبات‌و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانیش بەستراوەتەوە بەبارودۆخی سیاسیی لە قۆناغی‌ئێستاداو بە نیسبەت کارو تێکۆشانمان لە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەکانمان سەبارەت بە وەزعی ژنان مەسایلی سیاسی رۆژ، بەشداری کردن لە رێورەسمەکانی حیزبی بە شێوەی پەیام‌و کاری هونەری، گۆرانی، سروودو شانۆ، کاری رێکخستنی ژنان لە ریزی یەکیەتیی ژنان، دەرکردنی رۆژنامەی دیواری بە نێوی "تەوار" کە مانگانەیە، وشیار کردنەوەی ژنان لە بردنەسەری زانیاری‌و خۆپێ‌گەیاندنیان دا.

**لە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان چ پەیامێکت هەیە؟**

زۆر خۆشحاڵم کە بەرەوپیلی جێژنی ٦٠مین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکیەتیەکەمانەوە دەچین کە دیاری کۆماری کوردستانە لەو سەردەمەدا واتە ٦٠ ساڵ پێش ئێستا دامەزراوە جێی خۆیەتی سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین کە پشتیوانی لێکردوەو هەوڵی بەرەوپێش چوونی داوە، پەیامم ئەوەیە کە ژنان بێنە مەیدان‌و بۆ داکۆکی کردن لە مافە رەواکانیان هەوڵ بدەن لە کۆتایی‌دا لە ٦٠مین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هەموو ژنان‌و پیاوانی یەکسانیی‌خواز پیرۆزبایی دەڵێم.

**هاورێ گیان خۆت بناسێنەو ئەرك‌و کارت لە یەکیەتیی ژنان دا چیە؟**

من عیسمەت حەسەن پوور، جێگری کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم‌و لە بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان دا بەرێوەبەری دەورەکان‌و کارەکانی‌تری ئەو لقەی ئاموزش.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٤ی رەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە دەورانی کۆماری کوردستان دا دامەزراوە لەو رێکەوتەوە تا ئێستا ٦٠ ساڵی تەواو تێپەڕ بووە، ئێوە وەك ئەندامێکی جێگری بەرێوەبەری چ پەیامێکتان بۆ ژنان هەیە؟**

پێم خۆشە هەر لە رێگای ئەو گۆڤارەوە پیرۆزبایی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش بە هەموو ژنانی کورد لە کوردستانی ئێران‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان بکەم وەهەروەها دەست خۆشی‌و ماندوو نەبوونی لە بەرێوەبەرانی یەکیەتیی ژنان



دەکەم.

پەیامی من بۆ ژنان بە گشتی‌و بە تایبەتی ژنانی کوردستان ئەوەیە کە ئەو هەموو زوڵم‌و ستەمە ناڕەوایەی کە دەرهەق بە ژنان دەکرێ قەبووڵ نەکەن‌و هەوڵ بدەن بۆ نەهێشتنی دابونەریتە دزێوەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان، هەوڵ بدەن بۆ خۆ پێگەیاندنی خۆیان.

سەرکەوتن بۆ ئێوەو بۆ گۆڤاری ژنان



فەریبا وەیسی ئەندامی جێگری بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنان‌و سەرپەرستی بەشیی ماڵی یەکیەتیی ژنان.

**ئێوە چ پەیامێکتان هەیە بەبۆنەی شەستەمین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران؟**

پێشەکی رێزو سلاوی خۆم پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەم کەلە رۆژانی سەرەتای دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لەو یەکیەتی‌یەدا تێکۆشانیان هەبووە. جێی خۆیەتی سلاو بنێرین بۆ رووحی پێشەوای هەمیشە زیندووی گەلی کورد، پێشەوا قازی محەممەد کەلە پێش هەمووان دا خێزانی‌و بنەماڵەکەی خۆی هان دا کەلە ریزی یەکیەتیی ژنان دا تێ‌بکۆشن. بە بۆنەی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەوە پەیامم ئەوەیە کەخوشکان‌و ژنانی شۆرشگێڕی کورد بۆ داکۆکی لە مافە رەواکانیان لە دەوری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆببنەوەو بەم جۆرە ئەرکی خۆیان بەجێ‌بگەیەنن. تەنیا زامنی سەرکەوتنی ئێمە ژنان لە خەبات دژی چەوسانەوەو نابەرابەری‌دا، یەکگرتوویی‌و یەك دەنگی‌و سوور بوون لە سەرمافی بەرحەقی خۆمان وەك بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵی ئینسانی‌یە.

**دەکرێ لەسەر کارو چالاکییەکانتان لە کەمپی نیشتەجێ بوونتان بدوێن؟**

لەسەرەتادا زۆر سوپاستان دەکەم‌و دەستخۆشی بە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ژنان دەڵێم کە زۆر زەحمەت دەکێشن بۆ بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەمان.من کوبرا ئەحمەدپوور ئەندامی جێگری بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستانی ئێران. وەک کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ناوەندی ٣ی کوردستان دوای کۆنگرەی یەکەم‌و پاش سازماندەهی کۆمیتەکەمان دەستمان بە کارو چالاکییەکانمان کردوە پێکهێنانی کۆبوونەوە لە لایەن



کوبرا ئەحمەدپوور

ئەندامانی بەڕێوەبەریی‌و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان. هەروەها پێکهێنانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی٣ بۆ باشتر بەرەوپێش بردنی کاروباری کومیتەکەمان. هەروەها بەڕێوە بردنی چەندین چالاکی وەک: کۆبەرکێ فیکری‌و زانستی‌و دانانی دەورەی خەیاتی‌و دانانی کلاسی زمانی کوردی بە پیتی لاتینی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانمان‌و.... هتدو هەروەها بەشداری کردن لە پێشبڕکێی ڕۆژنامە دیواری کە ساڵانە لە ناو حیزب پێک دێ‌و سەر ئاستی حیزبی لە نێو ڕۆژنامە دیواریەکان پلەی دوهەممان بەدەست هێناوە.



**هاوڕێی بەڕێز تکایە خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنەو کاری پێ‌ئەسپێردراوت لە یەکیەتیی ژنان دا باس بکە؟**

ناوم نازەنین قادرییە، جێگری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم، کاری ئێستام بلاوکردنەوەو تەوزیعی گۆڤاری ژنانە واتە بەشی ڕاگەیاندن.

هەروەک هەموولایەک دەزانین ٢٤ی رەشەممەی ئەمساڵ ٦٠ ساڵی تەواو بە سەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا تێپەڕ دەبێ وەک جێگری ئەندامی بەڕێوەبەری چ پەیامێکتان بۆ ژنانی هاوخەباتت هەیە؟

و: پێشەکی پیرۆزبایی شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتییەکەمان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گشتی لە هەموو ژنانی ئێران‌و کوردستان بە تایبەتی ژنانی دێموکرات‌و قاڵبووی نێو کورەی خەبات‌و تێکۆشان دەکەم. پەیامم ئەوەیە کە هەموو ژنانی نێوسەنگەری خەبات:

بۆ هاودەنگی‌و هاوفکری‌و تەبایی‌و پتەوتر کردنی نێو ریزەکانی یەکیەتییەکەمان تێبکۆشن‌و بە پێی توانا بۆ بردنەسەری رادەی زانیاری خۆیان هەوڵ بدەن‌و بە هەوڵ‌و تێکۆشانی بێوچانی خۆیان دیفاع لە مافە رەواکانیان بکەن‌و شان بە شانی پیاوان لە کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا بەشداری بکەن.

لە کۆتایی‌دا هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەو بۆ گۆڤارەکەمان بەئاوات دەخوازم‌و هیوادارم گۆڤارەکەمان تەمەن درێژ بێ و هەردەم لە بلاو بوونەوە دابێ.

**لە یادی ٦٠ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان چ پەیامێکت هەیە؟**

بە بۆنەی ٦٠ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕبەدڵ گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە ئەندامان‌و لایەنگران‌و هەموو ژنانی کوردستان دەکەم.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە رێکخراوەیەکی سینفی‌یەو هەموو کەندوکۆسپانەی کە بۆی هاتوو پێشبەردەوام توانیویانە بەسەر گیروگرفتەکانیان دا زاڵ بێ‌و ببێتە پێشەنگی ژنانی کوردستان هەرچەند ئێستا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی دوری لە نیشتمان دەرەتانی خۆنواندن لە زۆر بواری کاروباری نێو کۆمەڵی‌دا نیە بەوحاڵەش لە بەرامبەر رووداوەکان دا بێ‌لایەن نەبووەو بەرامبەر بە چارەنووسی گەلەکەی هەستی بە بەرپرسایەتی‌یەکی زۆرکردوە. بۆیە داوا لە ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان دەکەم بۆ ئەوەی بتوانین لەداهاتوودا هەنگاوی چالاکترو باشتر هەڵێنین دەبێ لە بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا زیاتر خۆیان پێ‌بگەیەنن بۆ ئەوەی لە مەیدانی خەبات‌و هەموو بوارەکانی ژیان دا هاوشانی پیاوان دژ بە زوڵم‌و زۆریی درێژە بە خەباتەکەمان بدەین. بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانمان.

لە کۆتایی‌دا زۆر سپاسی ژنانی کوردستانی ئێران دەکەم کە زۆر بوێرانە هاتوونە مەیدانی خەبات دژی دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە چەندین ساڵە گەلانی ئێران دەچەوسێننەوە.



**خۆت بناسێنەو کاری ئەسپێردراوەت لە پاش کۆنگرەی یەکەم لە یەکیەتیی ژنان دا چیە؟**

ناوم زولەیخا جەشنی‌و بۆماوەی نزیك بە ٢٤ساڵە لەگەڵ حیزبی دێموکرات‌و شۆرش‌و خەباتی رەوای گەلی کورد بە رێبەری ئەو حیزبە ئاشنام، لەو ماوەیەدا لە ژێر رۆشنایی بیروبۆچوونەکانی حیزب زیاتر لەگەڵ مافی ژنان ئاشنا بووم، لە دەست بەکار بوونەوەی دووبارەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ساڵی ٦٧ ـ ٦٨ بوومە ئەندامی ئەو رێکخراوەیەو چیم لەدەست هاتوە کردوومە.

لە کۆنگرەی یەکەم وەك راوێژکاری بەرێوەبەری هەڵبژێرام، لە زۆربەی کاروچالاکی‌یەکانی یەکیەتیی ژنان دا چالاکی دەکەم‌و کاری پێئەسپێردراوم کاری تەبلیغی لەنێو ژنان دایە.

**بەبۆنەی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ پەیامێکتان بۆ ژنانی خەباتکار هەیە؟**

رەنگە ئەو ئیجازە بە خۆم نەدەم کە من پەیام بنێرم بۆ ژنانی خەباتکار، بەڵام سەرەتا پیرۆزبایی ئەو رۆژەیان لێدەکەم کە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە ٢٤ی رەشەممەدا لە ژێر رۆشنایی‌و تەدبیری پێشەوای مەزنی کوردو رێبەری حیزبی دێموکرات، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دایك بوو.چ ئەودەم‌و چ ئێستا بوونی ئەو رێکخراوەیە هەنگاوێکی گرینگەو لەوە گرینگتر ئەوەیە کە ئێمەی ژن لە دەوری ئەو رێکخراوەیەدا کۆبینەوەو چالاك بین‌و ئیمانمان بە خۆمان بێ کەلە خەبات دا سەردەکەوین بە تایبەت کە ژنی کورد تا ئێرەشی لەگەڵ دابێ دوو خەباتی لە پێش دایە خەباتی میللی‌و نەتەوەیی کە دەبێ شان بەشانی پیاوان هەوڵی بۆ بدەین‌و تا لوتکەی سەرکەوتن نەسرەوین‌و تا گەیشتنی گەلی کورد بە مافەکانی خۆی کۆڵ نەدەین‌و لەو لاشەوە خەبات بە دژی ئەو داب‌و نەریتە کۆنانەی کە بوونە ئاڵقە لە دەست‌و پێی ژنان‌و هەروەها داوا دەکەم ژنان خۆیان پێش قەدەم بن بۆ وەرگرتنی کارو راپەڕاندنی ئەرکەکان‌و خۆیان سەلمێنەری ئەو راستیە بن کە ژن نیوەی کۆمەڵەو لە هەمان حاڵدا نابێ چاومان لە بەزەیی پیاوبێ کە حەقێك‌و مافێك بۆ ئەو نیوەی کۆمەڵە حیساب بکا بەڵکوو بە گرتنەبەری رێگای دروست‌و زانستی‌و ناسینی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژین هەنگاو بۆ مافەکانمان هەڵێنینەوە. لە کۆتایی‌دا سەری کڕنۆش بۆ هەموو ئەو ژنە خەباتکارانە دادەنوێنم کە خۆیان وەك مۆم سووتان هەتا کۆمەڵەکەیان بەختەوەرو رووناك بێ.

**هاورێ نافعە رەحیمی موشاویری بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی نیشتەجێ بوونتان واتە ناوەندی یەکی کوردستان دەکرێ لەسەر کاروچالاکی‌یەکانتان بدوێن؟**

من وەك بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ناوەندی یەکی کوردستان کارو چالاکی‌یەکانمان بریتین لە گرتنی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی‌و هەروەها دانانی دەورەهای جۆراوجۆر وەك دەرمانی‌و خەیاتی... و بەشداری کردن لە مەراسیم‌و بەرنامە هونەریەکانی حیزب‌و چەندین چالاکی‌ترو هەروەها بردنەسەری زانیاری ژنان‌و دانانی کەلاسی دەرس واتە خوێندەوار کردنی‌و دەرکردنی رۆژنامە دیواری، پەیوەندی ژنان لە ناوەوە لە رێگای



تەشکیلاتمان‌و....هتد.

**لە یادی ٦٠ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستانی ئێران چ پەیامیکت هەیە؟**

لەیادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، سەرەتا پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی سەرجەم ژنانی حیزبی دێموکرات دەکەم‌و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بەئاوات دەخوازم چونك ئەم رۆژە رۆژێکی پیرۆزە بۆ یەکیەتیی ژنان‌و ئەو ژنانەی لە ناو ئەو چوارچێوەیەی کە داب‌و نەریتی کۆن کێشاوییەتی بیشکێنن‌و دەنگی خۆیان بگەیەنە هەموو جیهان چونکە ژن نیوەی کۆمەڵەو پێویستە شان بە شانی پیاو بەرەو پێشەوە بڕوات‌و دووبارە پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەموو ژنان دەکەم، هیوادارم لە کارەکانیان دا سەرکەوتووبن.

## قادر وریا:

# یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دەبێ هەوڵ بدا جێگای شیاوی خۆی لە نێو بزووتنەوەی ژنانی کوردستان دا بەدەست بێنێ



**بەرێز کاک قادر وریا! جەنابتان وەك هاوکارو دەستەی دامەزرێنەری گۆڤاری ژنان لە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دا کە یەکێك لە دەسکەوتە گرینگەکانی کۆماری کوردستان بوو بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان چی دەڵێن؟ ئایا پێتان وایە کە لە ماوەی ئەم ٦٠ساڵ خەبات و تێکۆشانەدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەو پێشچوونێکی وای بە خۆیەوە دیوە کە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی ـ نەتەوەیی کوردستان دا ڕۆڵی هەبێ؟**

سەبارەت بەم بەشەی پرسیارەکەت کە پێوەندی بە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا هەیە دەڵێم ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو کە سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، نای. هاندانی ژنان و بوار بۆ ڕەخساندنیان بۆ ئەوەی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان هەبێ، نیشانەی پێشڕەوو پێشکەوتنخواز بوونی پێشەواو کۆماری کوردستان بوو. بەڵگەی ئەوەیە ئەوان گرنگیی پلەو پایەی ژنان و پێویستیی بەشداریی ئەم توێژە لە ژیان و تێکۆشانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خەڵکی کوردستانیان دا بۆ دەرکەوتبوو.

ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و ئەو ژنانەی بە هاندان و دڵگەرمیی قازی محەممەدو ڕێبەرانی دیکەی کۆمار، یەکیەتیی ژنانیان دامەزراندو هاتنە نێو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو سەردەمەوە، شانازییەکی گەورەیان بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کرد. چونکە ڕچەیان شکاندو لە نێو نەتەوەو وڵاتی خۆیان و ناوچەکەیان دا بوون بە پێشەنگ بۆ کارێك کە هەموو کەس نەیدەوێرا خۆی لێبدا. لە ڕاستیدا پێشەواقازی محەممەدو ئەو ژنانەی بە هاندانی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی نەتەوەکەمان لەو سەردەمەدا هاتنە مەیدانەوە، بوون بە سەمبوڵ بۆ پیاوان و ژنانی ئەو سەردەم و سەردەمی داهاتوو. ئەوان بەم دەست پێشخەری و نەترسییەی خۆیان بە خەڵکی ئەوکات و بە نەسلەکانی دواتری نەتەوەکەیان گوت دەبێ باوەڕمان بە ماف و ئازادییەکانی ژنان هەبێ و وەك مرۆڤ سەیریان بکەین. دەبێ ئازایەتی و ئامادەیی ئەوەمان هەبێ لە خۆمان و بنەماڵەی خۆمان ڕا دەست پێبکەین. لە پێش دا لە نێو بنەماڵەکەی خۆمان دا بۆ بەرابەریی ژن و پیاوو نەهێشتنی جیاوازیی نێوانیان، تێبکۆشین. لە دەرەوەی ماڵ و لە نێو کۆمەڵیش دا دەبێ دێموکرات بوونی خۆمان بە ڕێزدانان بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان و داکۆکیی نەترسانە لە ویست و داخوازەکانی ژنان، نیشان بدەین.

لە یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، سڵاو بۆ دامەزرێنەرانی ئەو یەکیەتییە دەنێرم. سڵاو لە هەموو ئەو ژن و پیاوانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستان و قۆناغە جۆربەجۆرەکانی دیکەدا، لە پێوەندی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی ژنان دا پێشڕەوو ئاڵاهەلگر بوون. پیرۆزبایی گەرمی خۆشم پێشکێش بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەو ژنانە دەکەم کە لە ڕیزەکانی ئەو یەکیەتییەدا بۆ ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیان و بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییە ڕەواکانی خۆیان خەبات دەکەن.

لە بارەی ڕۆڵی یەکیەتیی ژنان لە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و، ڕادەی بەرەوپێشچوونی لەم ٦٠ ساڵەدا، ئاماژە بە چەند خاڵ بە پێویست دەزانم. یەکەم خاڵ ئەوەیە ڕاستە ٦٠ ساڵە یەکیەتیی ژنان دامەزراوە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی ئەم یەکیەتییە بە کردەوە نەبووە. چونکە هەلومەرج بۆ تێکۆشانی گونجاو نەبوو. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیشەوە کە ئەم یەکیەتییە دەست بەکار بۆوە، چەند قۆناغ لە ژیانی ئەو یەکیەتییە دا هەن:

قۆناغی یەکەم: کار کردنی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە شارو لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان دا (ساڵانی١٣٦٠ ـ١٣٥٨). لەو قۆناغەدا ئەگەرچی تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان هەموو شارو ناوچەکانی کوردستانی نەگرتەوەو تەنیا لە ناوەندی کوردستان چالاك بوو، بەڵام توانی ڕۆڵێکی باشی هەبێ لە کۆکردنەوەی کچان و ژنانی دێموکرات لە دەوری خۆیدا، یارمەتی بەبەرەو ژوور چوونی ئاستی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و سێنفیی ئەوان بکا، بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنانی هەبی و یەك دوو ژمارەی لێدەر بکا. ئەم قۆناغە بە زاڵبوونەوەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستان دا، کۆتایی هات.

قۆناغی دووهەم: لە دەست بەکار بوونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ساڵانی سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی (٩٠ی زایینی)ڕا دەست پێدەکا تا ئێستا، لەم قۆناغەدا، یەکیەتیی ژنان

کۆمەڵێك سەرکەوتنو بەرەو پێشچوونی هەبووە، چەند کۆنفرانسی گشتی گرتوە، یەکەم کۆنگرەی خۆی پێك هێناوە. لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨١ەوە بە بەردەوامی گۆڤاری"ژنان"ی بڵاو کردۆتەوە. سنووری تێکۆشانی لە نێو کەمپە حیزبییەکان دەرچووەو لە نێو کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشووری کوردستان گیرساونەوە، ڕێکخراوو کۆمیتەی هەیە. لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە سێنفیو سیاسییەکان پێوەندی دۆستانەی هەیە. ئەمانە بەگشتیو بەسەرنجدان بە هەلومەرجی تێکۆشانی ئەم یەکیەتییە، بەرەو پێشچوونن.

**خاڵی دووهەم:** کە پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەو پێویستیو چاوەڕوانییە کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوانە کە لێرە لە باشووری کوردستان دەژین، هەروەها لە نێوخۆی کوردستانو لە دەرەوەی کوردستان، لە بواری جۆراوجۆردا، لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتیان هەیە بە بڕوای منو بە وەبەرچاوگرتنی ئەم پێویستیو چاوەڕوانییانە، کارو هەڵسووڕانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، جێگای ڕەخنەیە. ئەم یەکیەتییە دەبێ هەوڵ بدا وەڵامدەری لانی کەم بەشێك لەو چاوەڕوانییانە بێ. ئەم یەکیەتییە دەبێ هەوڵ بدا نەترسترینو ئاگاترین ژنان، بەتایبەتی ئەوانە کە ئیدەو پلانو بەرنامەیان بۆ چالاکترکردنی ئەو یەکیەتییە لە کوردستانو دەرەوەی وڵات هەیە، بباتە نێو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریو بڕیاردان. دەبێ بەرنامەی جیددیی بۆ وەرێخستنی جموجۆڵی سیاسی، فەرهەنگی لە نێو ژنان دا هەبێ. دەبێ بە ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆتینی(وەك پێکهێنانی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەری، دەرکردنی گۆڤارو کردنەوەی دەفتەری کار، ڕۆژێ بۆ چەند ساعەتێك) ڕازی نەبێ، بەڵکوو بایەخ بدا بە ڕۆشنبیر کردنی ژنانو پێگەیاندنی دەیانو سەدان مۆرەو کادری ڕێکخەر، بەرنامەڕێژو ڕەوشنبیر کە وابکەن ئەم یەکیەتییە جێگای شیاوی خۆی لە نێو بزووتنەوەکانی ژنانی کوردستان دا هەبێ.

من دڵنیام ئەگەر یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بڕوانێتە تێکۆشانی خۆیو، ئەگەر کەڵك لە تواناو ئەزموونو زانستی سەدان کچو ژنی پێگەیشتووی کورد لە کوردستانو دەرەوەی وڵات وەربگرێ، ئەگەر بۆ خۆی بیهەوێ چالاکترو کاریگەرتر بێ، زۆر هۆکاری یارمەتیدەر هەن. بۆ ئەم مەبەستە هەم یەکیەتیی ژنانو هەم حیزبی دێموکرات کە پاڵپشتی ئەم یەکیەتییە لە هەموو قۆناغەکان دا بووە، دەبێ بەو لاوەتر لە تابلۆیەك بۆ ڕازاندنەوەی ویترینی حیزبێك یا جووڵانەوەیەك، سەیری یەکیەتیی ژنانو خەباتی ژنان بکەن. هەتا ئەم یەکیەتییە زیندووتر، سەربەخۆترو پشت بەخۆ بەستووتر بێ، ڕۆڵێکی گرنگتری دەبێ هەم لە خەباتی سیاسیو نەتەوەیی گەلەکەیداو هەم لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان دا. لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە پیرۆزبایی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم یەکیەتییەو هەروەها پیرۆزبایی ٨ی مارس لە ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو لە خوێنەرانی گۆڤاری"ژنان" دەکەمو هیوادارم ئەم قسانەم بە ڕەخنەی دڵسۆزانەو دۆستانە وەربگرن.

**بەڕێز مەهدی مێهرپەروەر:**



**ئەوەی کە دەڵێن ژنان لاوازوبێتوانان بۆچی دەگەڕێتەوەو کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژنان لە خەباتیان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان چینو بەگشتی تا چەند توانیویانە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیدا ڕۆڵیان هەبێ؟**

سەرەتا بەبۆنەی ٦٠مین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران جوانترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەمو هیوادارم ئەم یەکیەتییە، بتوانێ بە مەبەستەکانی واتە دەستەبەر کردنی مافە زەوتکراوەکانی ژنان بگا.

سەبارەت لە وەڵامی پرسیارەکەت دا دەبێ بڵێم ئەم مەسەلەیە واتە باس لە لاوازیو بێ توانایی ژنان تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ کوردستان بەڵکوو لە تەواوی کۆمەڵگاکان دا بەوجۆرە ڕوانیویانەتە ژنان. عەرەبەکان کچەکانیان زیندە بەچاڵ دەکرد، لە هێندێك شوێنی هیندوستان ئەگەر پیاوێك بمردایە لە کاتی سووتانیدا ژنەکەشیان لەگەڵیدا دەسووتاندوهتد....

کۆمەڵگای کوردستانیش کەلە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونی مەزهەبی دابووەو سیستمی عەشیرەیی باڵادەست بووەو بەگشتی کۆمەڵگایەکی سوننەتی بووە، پلەو پایەی ژنان لە ئاستێکی نزم دا بوو. لە کوردستان بەهۆی زۆر هۆکار کە بەشێکی گرینگی سیاسەتی پڕ لە فەرقو جیاوازی حکوومەتی ناوەندی بووە خەڵکی نەخوێندەوار بووە ئەوانیش کە خویندویانە بێگومان پیاو بوون. فەرهەنگی پیاوسالاری بە تەواوی لە کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ بووە. سەرەڕای ئەوانەش ژنان بەدەست کۆمەڵێك دابو نەریتی کۆنەپەرەستانەوە ناڵاندویانە. تەنانەت کاریگەریی ئەو دابونەریتە سوواوانەو بە کەمگرتنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە بەرادەیەك بووە کە خودی ژنانیش زۆرجار بڕوایان بەوە هێناوە کە موستەحەقی ئەو وەزعەن.

بە درێژایی مێژوو گەلی کورد ستەمی نەتەوایەتی لێکراوەو لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، سەرباری ئەو ستەمەش، ژنانیش لە نێو خێزانو کۆمەڵگادا وەك ژن چەوساوەتەوەو لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیان بێبەش کراون. پاش شەڕی دووەمی جیهانیو دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی بچووکی

کوردستان دەرەتانێك بۆ ژنان رەخسا کە بتوانن داخوازەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ کە ئەویش بەهۆی کورتی تەمەنی کۆمارو کۆمەڵێك بەربەست نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ دابنێ بەڵام دەکری بڵێین دەسکەوتێك بوو بۆ ژنان،

بـــە گـــەشەکردنی شارەکان لە کوردستـــان دامـــەزرانی قوتابخانەو ناوەندەکانی فێرکردن تارادەیەك کچـــان چاویان بەو ناوەندانە روون بۆوەوە هەرچەند هەمیشە کوڕان بۆ خوێنـــدن"موقەدەمـــتر بـــوون ئەگەر بنەماڵـــەکان دەرەتـــانیان بـــووایە کچانیشیان بۆ خوێندن دەنارد.

بەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران‌و روخانی رژێمی سەرەڕۆی پاشایەتی‌و ئاوەڵا بوونی فەزای سیاسیی وڵات‌و ئاشکرا بوونی چالاکیی حیزبەکان‌و دامـــەزرانی رێـــکـــخراوە سێنفی‌و پیشەییەکان‌وهتد.... جموجۆڵێکی زۆر باش لە نێو ژنان دا هەست پێ‌کرا. هەر وەك دیتمان بە دوای هێرشی مـــەغوول ئاســـای رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان ژنان لە ریـــزی پێـــشمەرگەکانی کوردستان قارەمانانە ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوی خۆیـــان بەجـــێ‌گەیاند. لەو رێگایەدا ژمارەیەکی زۆریـــان شـــەهید بووو ژمارەیەکی زۆریش لە کچان‌و ژنانی شۆڕشگێر لە سیاچاڵەکانی رێژیم دا بوێرانە دیفاعیان لە مافە رەواکانی گەلی کورد کردوە.

لەسەردەمی ئێستاش دا کە ســـەردەمی پـــیـــشکـــەوتـــن‌و ســـەرسوڕهێـــنەری تێـــکنۆلۆژی‌و ســـەردەمـــی پێوەندی‌و زانیارییە کۆمەڵگای کوردستان گۆڕانی زۆری بەســـەر داهـــاتوە، رێژەی کچانی خوێندەوار ئەگەر لە کوڕان زۆرتر نەبێ لەوان کەمتر نیە، نەوەی نوێ بەلەبەر چاوگرتنی رەوتی خێرایی بە جیهانی بوون، ئامادە نیە مل بۆ دابونەریتە کۆن‌و سواوەکان راکێشێ.

لە هەموو روویەکەوە کچان‌وژنان سەلماندوویانە کە ئەگەر دەرەتانیان بۆ برەخسێ دەتوانن لە هەموو بوارەکان دا چالاکانە خزمەت بکەن‌و رۆڵی کاریگەری خۆیان بگێڕن.

هەرچەند وەزعی شپرزەو نالەباری ئابـــووری، کۆمـــەڵایەتی، سیاسی‌و هتد.... کۆماری ئیسلامی گەلانی وەزاڵە هێنا بەڵام قوربانی سەرەکی ژنان. هـــەر بۆیـــە گۆڕینی رێژیمی کـــۆمـــاری ئـــیـــسلامـــی دەتـــوانێ دەرەتانێکی باش بۆ ژنان برەخسێنێ هەتا ئەمجار بە بەرنامەو ئامادەگیی زیاترەوە ویست‌و داخوازەکانی خۆیان فۆرموولە بکەن‌و بۆ پیادەکردنیان تێ‌بکۆشن.

***

وتوویژی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا

# لەگەڵ خەدیجە مەعزوور، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری ژنان

**خوشکە خەدیجە مەبەستی ئێوە لە دەرکردنی گۆڤاری ژنان چیە؟**

لە یەکێك لە خاڵەکانی ئەساسنامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا گونجاوە کە ئەو یەکیەتییە دەبێ گۆڤاری تایبەتی خۆی هەبێ، یەکیەتیی ژنان چەند ساڵ لەوەپێش لە کۆنفرانس هەستی بەوە کرد کە حەتمەن دەبێ گۆڤارێك هەبێ تا مەسەلەکانی ژنان لەو گۆڤارەدا رەنگ بداتەوە. هەر بۆیە ساڵی ١٣٨٠ بەرامبەر ٢٠٠٢ زایینی هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو گۆڤارە بڵاو بێتەوەو بە خۆشی‌و بەشانازی‌یەوە یەکەم گۆڤاری ژنانە کە بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران دەردەچێ. لەو گۆڤارەدا لە بارەی هەموو ژنانی دنیاو ژنانی ئێران‌و کوردستان‌و هەروەها ئەو موشکیلات‌و مەسەلانەی کە پێوەندیدارن بە ژنان، ئێمە لەگۆڤارەکەمان دا مونعەکیسی دەکەینەوە. مەبەستیشمان زیاتر لە بڵاوکردنەوەی، ئاشناکردنی ژنان بە تایبەت ژنانی کوردستان بە مافەکانیان بووو پێیان بڵێن ئەوە مافەکانتان‌و هەوڵی بۆ بدەن. دیارە لەو گۆڤارەدا بابەتی دیکەش بڵاو دەبێتەوە، وەك لە بارەی وەزعی منداڵان، مەساحیبە لەگەڵ ئەفرادی ساحەب نەزەر، لەسەر وەرزش، لەسەر بێهداشت‌و لە سەر ژنانی ناوداری سەرانسەری دونیاو ئەم گۆڤارە لە کوردستانی ئێران‌و کوردستانی عێراق‌و لەسەر سایتیش بڵاو دەبێتەوە. دیارە بەخۆشی‌یەوە ئیستقباڵێکی زۆر لەو گۆڤارە کراوە. یارمەتی لە پیاویش وەردەگرێ بۆ بابەت نووسین بێ‌جیاوازی دانان.

**لەو گۆڤارەدا دروشمێکی سەرنج راکێش هەیە کە دەڵێ: ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ‌دەکرێ شی‌کردنەوەیەکتان لەسەر ئەو دروشمە هەبێ؟**

ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە ئەگەر ژن لە کۆمەڵدا ئازادو سەربەست نەبێ لەسەر رێگای‌دا بەربەست پێك بێ،ئەو جامعەیەی کە تێدا دەژی، کەمبوودی هەیەو بەختەوەر نیە، یانی چ ژن‌و چ منداڵ بەگشتی هەموو مرۆڤ سەربەست نیە، بەڵام ئەگەر ژن لە هەموو بوارێك دا ئازادو سەربەست بێ، ئێمە پێمان وایە کۆمەڵ بەختەوەرو خۆشبەخت دەبێ، هەر بەو تێبینی‌یەوە ئەم شوعارەمان هەڵبژاردوە.

**ئێوە ئاماژەتان کرد بە گیروگرفتی ژنان، دەکرێ بڵێن ژنان لەگەڵ چ گیروگرفتێك لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا بەرەوروون؟**

لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا ژنان لەگەڵ زۆر گیروگرفت بەرەوروون، ئەگەر بۆ نموونە ژنان لە ئێران دا چەند ستەمیان لەسەر بێ ئەوە حەقیقەتێکە، ژنی کورد لە کوردستانی ئێران دا ستەمێکی زیاتری لەسەرە، ئەویش ستەمی نەتەوایەتی‌یە کە ئەوە بۆ خۆی موشکلێکی هەرە گەورەیە. بەڵام لەسەر یەك لە کۆمەڵگایەك دا کە قانوونی ئەساسی‌یەکەی پڕە لە ناتەبایی‌و دواکەوتوویی، لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێران کە دابونەریتی کۆن زاڵە، لە کۆمەڵگایەك دا کە مەزهەب قسەی یەکەم دەکاو لە کۆمەڵگایەك دا کە پیاوسالارەو لە نێو بنەماڵەو داموو دەزگاکان دا ئەو دیاردە ناحەزە حاکمەو تەنانەت دەمهەوێ ئیشارە بەوە بکەم ئەو

فەرهەنگە لە هەموو شوێنەکان دا زاڵەو ئێستاش مافی بەرامبەر لە نێوان ژنو پیاودا لە ئێرانو کۆمەڵی کوردەواریدا بۆتە ئاواتێکی دووردەست. لە هەمووی گرینگتر لە روانگەی پیاوانەوە چاولە مەسەلەکانی رۆژانەی ژنان دەکرێ، بەرخوێنی دەدەن، بە شوویان دەدەن لە تەمەنی منداڵیداو مافی هەڵبژاردنیان نیەو لە بواری ئابووریەوە ژنان لە ئێرانو کوردستان دا سەربەست نینو بەستراوە بە پیاون. دیارە بە خۆشیەوە ئەوەش لە کاتێک دایە کە ئێستا تێگەیشتنی کۆمەڵ بە تایبەت ژنان بەرەو ژوور چووە، بە مافو ئازادیەکانیان ئاشنا بوونو ئێستا لە زۆر بواردا قسەی یەکەم دەکەن. بۆ وێنە لە بواری سینەماو تئاتر، لە بواری شێعر، چیرۆك نووسی، لە بواری حوقووقزانیەوە دەستێکی باڵایان هەیە هەروەها لە زانستگەکان دا جێگایان دیارە. بەڵام دیسانەکە موشکیلاتیان زۆرە، بەتایبەت لە کوردستان دا.

**ئێستا لە کوردستانی ئێران دا دەبینرێ کە هێندێك لە ژنان خۆیان دەسووتێنن ئێوە لەم بارەوە چۆن دەروانن ئەم مەسەلەیە؟**

ئەوە کارێکی زۆر ناحەزو دزێوە، ئێمە هەمیشە تەوسییە دەکەین بە ژنان کە نابێ خۆیان بسووتێنن، نابێ خۆیان زەعیفو دەستەوەستان لە مقابیل موشکیلات دا نیشان بدەن. دەبێ هەموو رێگاکان بپێون، سەرلە هەموو رێگایەك دەربێنن بۆ ئەوەی موشکیلاتیان حەل کەن. دیارە لەو بوارە لە گۆڤارەکەمان دا زۆر بابەتمان لەسەر بڵاو کردۆتەوە. هۆی ئەو خۆسووتاندنانەش زاڵ بوونی فەرهەنگی پیاوسالاریە پیاو لە جیاتی ژن قسە دەکاو لە جیاتی ژن بیر دەکاتەوە، تەنانەت لە جیاتی ژن هەڵدەبژێرێ نایەڵن ژن بۆخۆی هەڵبژێرێو لە هەڵبژاردن دا بنەماڵەو تەنانەت رێژیمیش دەخالەت دەکا ئەوە حەقیقەتێکە ژن ناتوانێ بە ئازادی ئەوەی دەیهەوێ پێی بگاو وەدەستی بێنێ لە نەتیجەدا ژن بە بن بەست دەگاو خۆی دەسووتێنێ. ئێمە ئەوە دیسانەکە بە دەستە وەستانی ژنان دادەنێین.

**لە دوایین ژمارەی گۆڤاری ژنان دا بابەتێك هەیە سەبارەت بە دووهەمین فیستیڤاڵی منداڵان کە بەرێوە چووە، مەبەست لە فیستیڤاڵی منداڵان لێرەدا چیە؟**

ئێمە کەلە تاراوگە دادەژین، ژیانێکی وامان نیە کە بۆ منداڵان تەرخانی کەین. ئێمە هاتووینە سەر ئەو باوەرە کە فیستیڤاڵێك لەگەڵ هێندێك ئۆرگانی دیکە بەرێوە بەرین تا هەم منداڵان سەرگەرم بکەین، هەم ئەو ئیستعدادو تواناییانەی کەلەو منداڵانەدا هەیە لە بواری جۆراوجۆری، وەك شێعر خوێندنەوە، شانۆ، وەرزشو ئەیدیکە دەرکەوێو لە داهاتوودا یارمەتیان بدەینو ئەو منداڵانەی لەو لقەی کە ئیستعدادیان هەیە پێبگەیەنین دیارە ئەمساڵ ئەوە دووهەمین فیستیڤاڵ بوو کەلە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو دنیای منداڵان بەرێوە چووو بە خۆشیەوە منداڵان پێشوازیەکی باشیان لێکردو خۆیان دەرخست.

**خۆشکە خەجیج ئێوە تاچ رادەیەك بۆ گەیشتنی ژنان بە مافەکەیان لە کوردستانی ئێران دا خۆشبینن؟**

بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازیو مافخوازی لە کوردستان دا لە ئارادایە، هەرچەند لە سەر رێگایان دا لەمپەر هەیە، بەڵام ژنان ئازایانە خۆیان پێیگەیاندوە خەریکی تێکۆشانو ئازایانە هاتوونە مەیدان، بە تایبەت دەتوانین ئیشارە بە خانمی رۆئیا تلوعی بکەین کە یەکێك لەو ژنە چالاكو رووناکبیرو بوێرانەیە کە وێرای هێندێك ژنی دیکە رێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی" ناوەندی ژنانی کورد بۆ داکۆکی لە ئاشتیو مافی مرۆڤ" بەڵام لەلایەن بەشی حیفازەتی ئیتلاعاتی هێزە ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە هەڵوەشاوە راگەیەندراو پێش بە چالاکیەکانی گیراو ئەو خانمە دەسگیر کراو زیندانی کرا پاشان بە زەمانەتی سەد میلیون تمەن ئازاد کرا. کەوایە ژنی فەعالمان لە کوردستان دا زۆرەو بەڵام هەموویان کەلە پەنایەك نینو هەر یەکەی لە شوێنێکن. ئەمن بەش بەحاڵی خۆم خۆشبینم کە ژنانی کوردستان بۆ دیفاع کردن لە مافەکانیان رێکخراوێکی خاوەن ئارمان بەوجوود بێنن.

**خاتوو خەجیج مەعزووری لە بەرێوەبەری گۆڤاری ژنانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران گەڵێکتان سوپاس دەکەین.**

منیش سوپاسی ئێوە دەکەم.

## گۆڤاری ژنان

**پێشوازی دەکا لەهەر چەشنە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕان و بابەتێکی ئەدەبیو هونەری کە لە روانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەو دێموکراتانەوە دەڕوانێتە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنان لە کوردستان، ئێران و جیهان.**

**لە خوێنەرانیش دەخوازێ لە هەر جێیەك کە هەن بین بە هەواڵنووسو پەیامنێری ئەو گۆڤارەو لە ناردنی هەواڵ، راپۆرتو وێنەی تایبەت بە ژیان و کارو تێکۆشانی ژنانی کورد درێغی نەکەن.**

## ڕۆئیا تلووعی تاوانی چیبوو؟

# بزێوو چوستو چالاك، ئازاو ڕاستگۆو بەهەڵوێست

کوێستان فتووحی

دوکتور ڕۆئیا تلووعی تێکۆشەری مافەکانی ژنانو خەباتکاری ڕێگای ئازادیو سەرنووسەری مانگنامەی "ڕاسان" (کە داخراوە)، بە ناچاری نیشتمانەکەی بەجیٚهێشت. خاتوو ڕۆئیا تلووعی لە مانگی گەلاوێژی ٨٤دا بەدوای خۆپیشاندانەکەی شاری سنە کە بە مەبەستی پشتیوانیو هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی شاری مەهاباد لەسەر کوژرانی شوانە سەید قادر ڕێك خرابوو، لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ئازادیخوازانی کوردستان گیراو نزیکەی ٣ مانگ خرایە زیندانو بە دڕندانەترین شێوە ئازارو ئەزییەتیان دا. ئەم خاتوونە پیشەی سەرەکیی خۆی، دوکتوری تاقیگایە. بەڵام چالاکیی بواری مەسەلەکانی ژنانیشەو زۆر ماندووە بە کێشەی ژنانو کێشەی نەتەوەکەیەوە. نووسەری دەیان بابەتو وتاری سیاسیو کۆمەڵایەتییەو هەموو هەوڵی ئەوەیە کێشەو بیٚمافییەکانی ژنانو میللەتەکەی بە کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان ڕابگەیەنیٚ.

خاتوو ڕوئیا یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی "ژنانی کورد بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ئاشتی" لە کوردستانی ئێران کە ماوەیەکی کەم لە دامەزرانی تێنەپەڕیبوو لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمەوە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندراو مۆڵەتی چالاکیی لیٚئەستێندراوە هەڕەشەیان لە ڕۆئیا کرد کە واز لە چالاکیی ڕێکخراوەیی بێنیٚ. بەڵام ناوبراو نەترسانە پێی ڕاگەیاندن کە ئەوان درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەنو دژی ئەو هەڵوێستەی کاربەدەستان دەوەستنەوە. ئامانجی ڕێکخراوەکەی خاتوو ڕۆئیا بریتی لە پێك هێنانی هەماهەنگی لەنێوان ژنانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانداو ئاشناکردنی ژنانی جیهان بە کێشەی ژنانی کورد بوو. دەیویست هەموو کارەکانیشی بە شێوەیەکی هێمنانەو دوو لە توندوتیژیو ڕاستگۆیانە ئەنجام بدا. بەڵام نیزامی کۆماری ئیسلامی، نیزامێکە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە کە بناغەکەی لەسەر درۆو ریا دامەزراوە، دژی مافەکانی مرۆڤو دژی هەر چەشنە ڕەوتێکی ئازادیخوازانە بووە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی سەرکوتی ئەو ژنانەی داو کەندو کۆسپی خستە سەر ڕێگای کارکردنیان. ڕۆئیای ئازاو ئازادیخوازیش نەیوست کۆڵبداو بیٚ گوێدانە هەڕەشەو گوڕەشەکانی دەسەڵات بەدەستان، درێژەی بە چالاکییەکانی دەداو لە لایەن کۆڕو کۆمەڵە بیانییەکانیشەوە وەك چالاکێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، بەردەوام پێوەندیی پێوە دەگیریٚو ئەویش ڕاستگۆیانە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییەی دەرهەق بە ژنانو نەتەوەکەی بۆ ڕاگەیەنە گشتییەکان لەقاودەدا. ئازایەتییەکەی ڕوئیا بە شێوەیەك بوو کە بە داخەوە ژمارەیەك لەو خەڵکانەی کە پیشەیان ئەوەیە تۆمەت لەو تێکۆشەرانە بدەن، تۆمەتی ئەوەشیان لەو ژنە تێکۆشەرەدا کە گۆیا ڕۆئیا "جاش"ەو دەستی لەگەڵ ڕێژیم هەیە، بۆیە دەوێریٚ ئەو قسانە بکا. تەنانەت ئەو گومانە لەنێو حیزبەکانی کوردستانیش دا پەیدا ببوو. بەڵام ڕۆئیا تلووعی لە بەرامبەر هەموو ئەوانە کە ئاوا بیٚویژدانانە ئەو تۆمەتەیان لیٚدەدا، زۆر بە لەسەرەخۆیی دەیگوت: "من ئەو ڕۆژە کە هاتمە نێو کاری فەرهەنگییەوە زانیم بە بیٚئەخلاقم ناودەبەن، ئەگەر هاتمە نێو کاری سیاسیشەوە، زانیم تۆمەتی جاش بوونم لیٚدەدەن، هیوادارم چۆن ڕێژیمی سەدام حسێن ڕووخاو فایلەکان دەرکەوتن، ڕێژیمی ئێرانیش بگۆڕدریٚو فایلەکانی ئەوێش دەرکەونو من دڵنیام، سەربەرزمو ئاواتەخوازی ئەو ڕۆژەم".

بەڵام زوو گومانەکان ڕەوینەوەو ڕۆئیا لە لایەن دوژمنانەوە، ڕۆژی ١٠ی مانگی گەلاوێژ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان کە لە خۆپیشاندانەکان دا بەشدارییان کردبوو، گیراو خرایە زیندان. هەرچەند پاش ماوەیەك بەشێك لە گیراوەکان ئازاد کران، بەڵام ڕوئیاو چەند کەسێکی دیکە هەروا لە زیندان دا ڕاگیرانو کەوتنە بەر ئازارو ئەشکەنجەو دەیانویست لەژێر ئازارو ئەزییەت دا لەسەرخۆی ئیعتراف بکا، کە ڕێبەریی ئەو خۆپیشاندانانەی شاری سنەی کردوەو هەروەها بە تاوانی شێواندنی هێمنایەتیو تەبلیغ دژی نیزامیی کۆماری ئیسلامی دەیانویست دادگایی بکەن. سەرەنجام دوای ٦٦ ڕۆژ مانەوە لە زیندان دا، ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەر بە بارمتەی سەد میلیۆن تمەن ئازادکرا، ئەو دەیزانی سەرنجام هەر دەیگرنەوەو بە تاوانی خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی نەتەوەکەیو مافی مرۆڤ دادگایی دەکەن، ئەو داخوازییەش لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمەوە کە ٢٧ ساڵە بە هەزاران کەسی لەنێو بردوە، تاوانێکی گەورەیەو بۆیە لە هەلێك کەڵکی وەرگرتو بە ناچاری نیشتمانەکەی بەجیٚ هێشت.

ڕۆئیا هەر ئەوەی لیٚ چاوەڕوان دەکریٚ، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بیٚ مافی ژنان - کە مافی مرۆڤیشە -و میللەتەکەی هەرگیز لەیاد نەکاو هەر تێکۆشەری ئەو ڕێگایە دەبیٚو بە هیوای ئەو ڕۆژە کە ئامانجەکانی ڕۆئیا تلووعیو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری وەدی بیٚ.



ڕوئیا تلووعی

# کارو چالاکی یەکانی یەکیەتیی ژنان و چەند هەواڵ و ڕاپۆرتێك لەسەر ژنان

## پێکهێنانی کۆڕێك بۆ بەڕێز کاك حوسێن مەدەنی



حوسێن مەدەنی



بەشی ئامووزشیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکییە رووناکبیری و یاسییەکانیدا لە ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٨٤ کۆڕێکی بۆ بەڕێز"کاك حوسێن مەدەنی" سیاسەتڤانی بە ئەزموون لە ژێر ناوونیشانی (کێشەی نەتەوەی کوردو قورسایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە) پێك هێنا.

شایانی باسە کۆڕەکە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی هەتا یەکی پاش نیوەڕۆ درێژەی کێشا. بەڕێز کاك حوسێن کرۆکی باسەکەی بە هەستیار بوونی ئەم قۆناغە لە بواری سیاسییەوە بۆ کوردستان دەست پێکردو پاشان ئاوڕێکی کورتی لە رابردوو دایەوەو خاڵە خاڵە لاوازەکانی بزوتنەوەی کوردی دەستنیشان کردو دواتر خۆگونجانی لەسەر ستراتیژییەکانی دەوڵەتی ئەمریکای خستە بەرباس. دوایین باسی بەڕێزیان لەسەر شۆڤینیزمی عەرەب، تورکو فارس قسەی کردو ژنانی ئاگادار کردەوە بۆ بەهێز کردنی کلتووری بیرکردنەوەیان و زیاتر ئینتمایان هەبێ لە ئاست نەتەوەو دێموکراسی.

دوایین تەوەر پرسیاری بەشدار بووان بوو کە لەلایەن کۆڕگێڕەوە وەڵامیان درایە.

## باسێك لەسەر مەسەلەی سایکۆلۆژی مرۆڤ



شەماڵ تەرغیبی

ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانبار بەشیی ئاموزشیی یەکیەتیی ژنان کۆبونەوەیەکی گشتی بۆ ژنان پێك هێنا بابەتی کۆبوونەوەکە لەسەر مەسەلەی سایکۆلۆژی مرۆڤ بوو کەلە لایەن هاوڕێ شەماڵ تەرغیبی پێشمەرگەی حیزب لە هێزی پارێزگاری پێشکەش کرا.

## هەیئەتێکی ئەندامانی کۆمەڵەی ژنانی کورد لە سوئێد، سەردانی یەکیەتیی ژنانیان کرد

ڕێکەوتی ١ی بەفرانباری ١٣٨٤ بەڕێزان خاتوو شادیی حەیدەری و پەروانە حەیدەری ئەندامی کۆمەڵەی ژنانی کورد لە یۆتۆبووری سوئێد سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن بەڕێزان عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، خەدیجە مەعزوورو نەسرین حەداد ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنان، پێشوازییان لێکرا لەم دیدارەدا باس لە کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو پێوەندیو هاوکاری لە نێوان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو کۆمەڵەی ژنانی کورد کرا.

## بەشداریی یەکیەتیی ژنان لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا

ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەزی ١٣٨٤ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بریتی لە فەریبا وەیسی جێگری بەڕێوەبەری، شنۆ مێهرپەروەر ئەندامی راوێژکاری یەکیەتیی ژنان بەشدارییان لە کۆڕێك لە هۆتێل پالاسیکۆیە کرد کە لە لایەن سەنتەری چالاکییەکانی هاموون لقی کۆیە بۆ بەڕێز کاك سەلاح موهتەدی پێك هاتبوو.

* ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەزی ١٣٨٤ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان پێکهاتوو لە خەدیجە پوورمەند ئەندامی بەرێوەبەری، فەریبا وەیسی جێگری کۆمیتەی بەرێوەبەری و نەسرین حوسێنی ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەشدارییان لە کۆڕێك دا کرد لە ژێرناوی"چەسپاندنی دێموکراسیەتو هەڵبژاردن" کەلە لایەن تۆڕبەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیەو بەهاوکاری سەنتەری کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی دێموکراسیەت پێك هاتبوو.

## کردنەوەی دەورەیەکی دەرمانی بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان



ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانباری ١٣٨٤ بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنان بە هاوکاری نەخۆشخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەورەیەکی سەرەتایی دەرمانی بۆ ژنانی ئەندام لە یەکیەتیی ژنان کردوە کە دەورەکە لە دووبەشی تێئۆریو عەمەلیدا کە زیاتر لە مانگێکی خایاند. ئەو دەورەیە لە لایەن بەڕێز سەید جەلال سالحی کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی ئازادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سوپاسی نەخۆشخانەی ئازادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا لە بەڕێوەبردنی دەورەی دەرمانی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات.

## پێکهاتنی کۆبوونەوەیەک بە بۆنەی ٨ی مارس، لە لایەن کۆمیتەی ژنان لە ناوەندی ٣ی کوردستان

ڕێکەوتی ٨ی مارسی ١٣٨٤ی هەتاوی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە ناوەندی ٣ی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ ژنان پێک هێنا کە ئەم کۆبوونەوەیە سەبارەت بە مەسەلەی ژنان لە لایەن بەڕێز کاک ئەحمەد صادق پوور کادری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا، هەروەها پێویستە بگوترێ لەو کۆبوونەوەدا لە لایەن هاوڕێ پەروین شەکووری بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان بەم بۆنەوە خەڵات بەسەر چەند ژنی ناو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دابەش کرا.

## پێکهاتنی ڕێورەسمێک بە بۆنەی ٨ی مارس، لە ناوەندی١ی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٤ی هەتاوی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ١ی کوردستان بە بۆنەی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات مەراسمێکی پێک هێنا، لەو مەراسمەدا پەیامی ناوەندی ١ی کوردستان لەلایەن بەڕێز سەید عیزەت حوسێنی ئەندامی ناوەندو پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە لایەن نافعە ڕەحیمی موشاویری بەڕێوەبەری بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە ناوەندی ١ی کوردستان پێشکەش کراو لە درێژەی بەرنامەکاندا چەندین سروودو گۆرانیو پەخشان پێشکەش کرانو دوابەشی مەراسیم بە هەڵپەڕکێ کۆتایی پێهات.

# بەڕێوەبردنی چەندین چالاکی لە لایەن ژنان بەبۆنەی ٨ی مارس( ١٧ی ڕەشەممە )

لە ڕێکەوتی ١١و١٢ی ڕەشەمە بەشی وەرزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان چەندین پێشبڕکێی وەرزشی گۆڕەپانو مەیدان لە بوارەکانی هاویشتنی دیسک، هاویشتنی نێزە، هاویشتنی قورسایی‌و راکردنی ئیستقامەتی ٢ کیلۆمیتری بۆ دوو ئاستی تەمەنی ١٦ تا ٢٠ ساڵو ئاستی تەمەنی گەورەساڵان بە گشتی بەڕێوە برد لە ئاکامی ئەم پێشبڕکێیانەدا ئەم پلانە وەدەست هاتن.

**ـ هاویشتنی نێزە:**

پلەی یەکەم: خەدیجە محەممەدی ١٦ میترو ٢٠سانت

پلەی دووەم: شەونم حەقبین ١٦ میتر

پلەی سێهەم: سەفین قادری ١٤ میترو ٤١ سانت

**ـ هاویشتنی قورسایی ٣ کیلۆگرمی:**

پلەی یەکەم: شەونم حەقبین ٧ میترو٨٠ سانت

پلەی دووهەم: سنوور خزری ٧ میترو ٧٥ سانت

پلەی سێهەم: سەفین قادری ٧ میترو ٦٦ سانت

**ـ هاویشتنی دیسک:**

پلەی یەکەم: سەفین قادری ١٤ میترو ٨٠ سانت

پلەی دووەم: کوبرا شامرادیان ١٣ میترو ٦٠ سانت

پلەی سێهەم: سەفین قادری ٧ میترو ٨٦ سانت (قۆناغی دووەم)

ـ باشترین یاریزانانی ئەم دەورەیە بەرێزان:

شەونم حەقبین

سەفین قادری

ـ سەرکەوتووانی پێشبڕکێی راکردنی ئیستقامەت ١٦ تا ٢٠ سال:

پلەی یەکەم: کەژاڵ ئەمینی

پلەی دووەم: شەونم حەقبین

پلەی سێهەم: سنوور خزری

**ـ گەورە ساڵان بەگشتی:**

پلەی یەکەم: خەدیجە محەممەدی

پلەی دووەم: نەسرین ئۆفتادە

پلەی سێهەم: عالیە مەردۆخی

### بەشداری هەیئەتێکی ژنانی دیمۆکرات لە سیمینارێکدا لە شاری کۆیە

رۆژی ٨ی مارسی ٢٠٠٦ بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژنان کاتژمێر ١١ی سەرلە بەیانی رۆژی چوارشەممە کۆنفرانسێك لە ژێر ناوی (ژنان تایبەتن) لە لایەن کایرۆسی نێودەوڵەتی لە هۆتێل کۆیە پالاس بەرێوە چووو تا کاتژمێر٤ی دوانیوەرۆیەی خایاند، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگهێشت کرا بوو، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە سەرۆکایەتی عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لەم کۆنفرانسەدا ئامادە بوون.

### کۆڕێك لە ژێر ناوی "هەنارەکانی ژێر باران" بۆ خاتوو سوهەیلا قادری



پاشنیوەڕۆی رۆژی ٨ی مارس بە بۆنەی رۆژی نێونەتەوەیی ژنان لەلایەن بەشی راگەیاندن‌و رووناکبیری مەڵبەندی ١٤ی رێکخستنی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کۆڕێکی شێعر بۆ خاتوو سۆهیلا قادری لە ژێر ناوی (هەنارەکانی‌ژێر باران) رێکخرا یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کە بۆ ئەم کۆڕە بانگهێشت کرابوو، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کۆڕەدا بەشدار بوون.

## کۆبونەوەی ئارام‌و بەرینی ژنانی تاران لە رۆژی ٨ی مارس دا، کەوتە بەر هێرشی توندوتیژی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی رێژیمی ئێران

هانا



رۆژی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانە. ئەو رۆژە هەلێکی باشە بۆ هەموو ژنانی زوڵم لێکراو تا داواو خواستەکانیان باس بکەن‌و تێبکۆشن بۆوەدەستهێنانی‌مافە زەوتکراوەکانیان. زۆر جێگای خۆشحاڵی‌یە ژنانی ئێرانیش سەرەڕای پێشگرتن‌و رێگری لە لایەن کۆنە پارێزانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، چەند ساڵێکە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە بەپێشوازی ئەم رۆژە مێژوویی‌یەوە دەچن‌و لە رۆژی ٨ی مارس دا دەنگیان تێکەڵ بەدەنگی هەموو ژنانی زوڵم لێکراوی جیهان دەکەن.

ئەمساڵیش لە شاری تاران هەزاران ژنی چالاك لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پیاوی ئازادیخواز لە پارکی خوێندکاران، بۆ رێزگرتن لە رۆژی جیهانیی ژنان کۆبوونەوەیەکی ئارامیان وەڕێخست‌و جارێکی دیکەش خواستەکانیان دووپات کردەوە کە بریتی بوون لە:"جیهانێکی دیکە ئیمکانی هەیە"، ئێمە ژنان ئاشتی، ئازادی‌و دادپەروەریمان دەوێ"،"ئێمە ژنان خوازیاری مافی بەرامبەرو ئینسانین"، جیهانێکی دیکە بەبێ هەر جۆرە توندوتیژی‌یەك ئیمکانی هەیە"و....

سەرەڕای ئەوەی دروشمەکانی ئەوان هیچ جۆرە توندوتیژییەکیان پێوە دیار نەبوو، بەڵام هەر لە سەرەتای کۆبوونەوەکەیان لە لایەن هێزە ئینتیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە هێرشیان کرایە سەرو بە دڕندانەترین شێوە سووکایەتییان پێکراو لێیان درا.

لەو هێرشە دڕندانەیەدا چەندین وێنەگرو راپۆرت نووسی چەند کاناڵی بیانیش لێیان دراو دروبینەکانیان شکێنراو دەستیان بەسەردا گیرا.

خاتوو سیمین بیهبەهانی شاعیری خۆشەویست‌و بەناوبانگی ئێرانی کە وەك هەمیشە لە پێشەوە لە شوێنی کۆبوونەوەکە ئامادە بوو، لە لایەن هێزە نیزامی‌یەکانەوە،هێرشی کرایە سەرو زۆر نامرۆڤانە ئەم ژنە بەساڵداچووەشیان نەبوارد، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بە خێرایی لەبەر دەستیان لابچێ دڕندانە لێیان دا. بەهۆی ئازاری زۆر ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

ئەم شاعیرە بەڕێزە لەم بارەیەوە گوتی:" بەڕاستی من زۆر تووڕەم.... لە هاونیشتمانانی لاوم تووڕەم. بۆچی دەبێ ئەوانە رەفتاری حەیوانی خۆیان لە یونیفۆرمی پۆلیس دا ئەنجام بدەن. بەراستی زۆر جێگای داخە ئەو لاوانە ئەو شێوە رەفتارە ئەنجام دەدەن. بەڵام ئێمە ژنان بەو هێرشانە پاشەکشە ناکەین."

رفتاری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رۆژی جیهاینی ژنان دا، نیشانەی بەدرەفتاری حاکمانی ئەورێژیمە مەزهەبی یە بەرامبەر بە خۆپێشاندانی هێمنانەی ژنان. ئەوە نیشانەی ئاشکرای پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە. ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی هێزەکانی رێژیمی ئیسلامی، جارێکی دیکە بە هەموو دنیای رادەگەیاند کە ماهییەتی رێژیمەکەیان دژایەتی هەیە لەگەڵ مافی مرۆڤ، ئازادی، بەرابەری، ئاشتی‌و دادپەروەری‌و....

# ڕێزگرتنی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ژن!

**دایکی ئاران**

هەروەك لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی دنیاوە ڕاگەیەندراوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ڕۆژی مێژوویی ژن کراوەتەوەو ڕێزی لێگیراوە. لە پاش ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار ڕێزگرتن لەو ڕۆژە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەرێوە چوو و لە ساڵی ١٩٧٥ بەو لاوە ئەم ڕۆژە لە لایەن ئەو ڕێکخراوەوە بە ڕۆژی جیهانی ژن ناودێر کرا، هەموو ساڵێك لە ڕۆژی ٨ی مارس دا لە لایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە ژنانو لایەنە پێشکەوتنخوازەکانەوە بە پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناڕو کۆنفرانس یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە. لە وڵاتی ئێران و لە شاری تارانیش بە سەدان ژنو پیاو لە پارکی "دانشجو" بە پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە هەر بەو بۆنەوە لە دەوری یەك کۆبوونەوە، بەڵام پۆلیس و مەئموورانی لیباس شەخسیی ئێران هێرشی مەغوول ئاسایان کردە سەر چالاکانی مافی ژنان و ئازارو ئەزییەتیان پێ گەیاندن، چونکە ئەوە پیشەی هەمیشەیی ڕێژیمە دژی گەلییەکانە کە چاویان بەرایی دیتنی هیچ کۆبوونەوەیەکی خەڵکی تەنانەت هێمنانەش کە لە پەسنی کۆماری ئیسلامی دا نەبێ، نیە. لە نێو ئەو کەسانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون دەتوانین ئاماژە بە خاتوو"سیمین بهبهانی" شاعیری بەناوبانگی هاوچەرخ بکەین، بە پێی قسەکانی ئەو کەسانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون، شاهیدی دەدەن کە بهبهانی بەباتوم لێی دراوە و خەڵك نارەزایەتی دەردەبڕن سەبارەت بەوەی کە زۆر بە نارەحەتی بە چاوی گریان و تەمەنی ٧٠ ساڵەوە دەیبینن. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین ڕۆژنامەوانی خاریجی کە سەرقاڵی وێنەگرتن و فیلمبەرداری لە کۆبوونەوەکە بوون دەسگیر دەکەن و پێش لەوەی کە ئازادیان بکەن، فیلمەکانی وێنە هەڵگرتن و دوربینەکانی فیلمبەرداریان لێ وەردەگرن تا فیلمەکانیان دەربێنن و پاکی بکەنەوە.

یەکێك لە بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە بە چاوەدێری مافی مرۆڤی گوت: ئەم کۆبوونەوەیە تەواو هێمنانە و



*ڕزگارکردنی سیمین بێهبەهانی لە دەست گۆپاڵ بەدەستەکانی ئەحمەدی نەژاد*

ئاشتیخوازانە بوو و بە بێ هیچ دروشمێکی سیاسی بەڕێوە چووو هەروەها زیادی کرد کە تەنیا لە هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی نێونەتەوەیی مافەکانی ژنان لە وڵات دا هێماو نیشانەیان پێ بوو. یەکێك لە بەشداربووان بە چاوەدێری مافی مرۆڤی گوت: لە دوای چەند دەقیقەیەك ڕاست پاش ئەو کاتەی کە مەئموران لە بەشداربووان وێنەو فیلمیان هەڵدەگرت، پۆلیس دلوای لە خەڵکەکە کرد کە بڵاوە بکەن. لە وەڵام دا بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە دەستیان بە وتنەوەی سروودی بزووتنەوەی مافی ژنان کرد. مەئموورانی ئەمنییەتی زبڵ و زاڵیان بە دەموچاوی ژناندا کرد و بە باتۆم کەوتنە گیانیان و ناچاریان کردن کە پارکەکە بە جێ بێڵن.

یەکێك لە چالاکانی ژنان لە تاران گوتی: کاتێك کە دەستیان بە هەڵاتن کرد و بە دوای سەر پەنایەك دا دەگەڕان، ئەوان هەر بە دوامانەوە بوونو درێژەیان بە ئازارو ئەزییەتمان دەدا. هاونیشتمانانمان ئێستاش لە گەڵ نیزامی (قرون وسطایی) سەدەکانی نێوەڕاست ژیان تێپەڕ دەکەن و ژنانیش لە ڕوانگەی یاساوە بە مەوجوداتێکی "ناقص العقل" بە حسێب دێن. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و یاساکانیشی لە سەر بنەمای جیاوازی و هەڵاواردن و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دانراوە. مەسەلەی حیجابی ئیسلامی بە سەر ژنان دا سەپاوە و هەر ژنێك ئەویاسایە بەڕێوە نەبا، بەتوندترین شێوە سزا دەدرێ. ژنان لە ئێران دا سەرەتاییترین مافەکانیان لێزەوت دەکرێ، دڕندانەترینو دواکەوتووانەترین ڕەفتاریان لە گەڵ دەکرێ، مافی سەفەر کردنیان نیە و مافی هەڵبژاردنی پیشە (کار) یان نیە بە بێ ئیزنی هاوسەر یان باوکیان، لە ٩ ساڵانەوە بە چاوی ژن لێیان دەڕوانن. ژنانی وڵاتەکەمان نە مافی تەڵاقیان هەیە و نە مافی ڕاگرتنی منداڵ، سەنگسار دەکرێن و بە پێی یاسا دواکەوتووانەو پڕ لە فەرق و جیاوازییەکانی کۆماری ئیسلامی، ژن دەبێ گوێڕایەڵ و فەرمانبەری مێردو باوکی بێ، ئەگەر وا نەکا بە هۆی یەکێکیانەوە یان دەکوژرێ یان دەکەوێتە بەر توندوتیژی. هەر بۆیە زیاتر لە پیاوان ژنان کەوتوونەتە بەر هێرش و پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی ڕژێم و دەستو پێوەندەکانی. هەر ئەوەی کە کار بە دەستانی ڕێژیم پاش ٢٧ ساڵ سەرکوت و زەبرو زەنگ بە هۆی ڕەچاو نەکردنی حیجابی ئیسلامیو ئەخلاقی ئیسلامی لە لایەن ژنانەوە وەزاڵە هاتوون، نیشانەی خۆڕاگریو کۆڵنەدان و خەباتی بەردەوامی ژنانە لە بەرامبەر سیاسەتی خانەنشین کردنی ئەوانداو نیشانەی ناکام بوونی سیاسەتی دواکەوتووانەی عەسری حەجەریی ڕێژیمە. نەك لە شاری تاران بەڵکوو لە زۆربەی شارەکانی ئێران و لە کوردستانیش ڕێز لە ڕۆژی ژن گیراوەو ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کردوە.

ئەمڕۆ ڕێژیمی ئاخوندی چەندە بە دژی ئاشتی و تەناهی و لایەنگریو پشتیوانی کردن لە تیرۆریزمو تیرۆریستپەروەریو پەرەدانو دەوڵەمەند کردنی چەکی ناوکی ناوبانگی دەرکردووە هەر بەو ڕادەیەش بە دژایەتیکردنی ژن ناوبانگی دەرکردووە. ئەوەش لەبیر نەکەین تەنیا ژنان نین کە دەچەوسێنەوە، بەڵکوو هەموو گەلانی ئێران بە ژن و پیاوەوە لە لایەن ڕێژیمی دژی ئینسانییەوە سەرکوت دەکرێن. بێ گومان بەشێکی هەرە زۆر لە بەش مەینەتی=و ڕۆژڕەشیی ژنان بە هۆی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامییەوە خوڵقاوە. هەر بۆیە بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و هاتنە سەر کاری حکومەتێکی دێموکراتیك هەموو گەلان بە ئازادی دەگەن و هەم ژنانیش بە بەشێکی زۆر لە مافەکانیان شاد دەبن.

## خۆپیشاندانی هەزاران ژنی پاکستانی بۆ وەدەستهێنانی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان

هەزاران ژن لە پاکستان لە خۆپیچشاندانێك دا لە شاری"مولتان" لە ئوستانی پەنجاب، خوازیاری مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بوون. ڕێبەریی ئەو خۆپێشاندانانە کە ڕۆژی چوارشەمە ٨ی مارس بە بۆنەی ڕۆژی ژنانەوە ڕێك خرا بوو، خانمی"موختاران مای" بوو. موختاران مای ئەو ژنەیە کەلە ساڵی ٢٠٠٢ بەبڕیاری ڕەئیسی عەشیرەیەك، کە مێشەیان بوو لەگەڵ بنەماڵەی ناوبراو، لەلایەن ١٤ پیاوەوە زۆر نامرۆڤانە دەستدرێژی کرایە سەرو ناوبانگی جیهانی دەرکرد.

ـ لە ئەفغانستان حامید کەرزای سەرکۆماری ئەو وڵاتە، خوازیاری کۆتایی هاتنی بەشوودانی زۆرەملیو توندوتیژی دژی ژنان بوو، کەرزای کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە قسەی دەکرد، گوتی سەرەڕای ئەوەی هەنگاوی گەورە نراوە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی تالیبان، بەڵام ئێستاش ژنان لە ئەفغانستان سەرکوت دەکرێنو لە ژێرفشاردان.

## ڕا پۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵرۆژی ڕۆژی جیهانی ژن دا

ڕۆژی چوار شەممە بە بۆنەی ڕۆژی ژنانەوە، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بڵاو بۆتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە کە دەڵێ سەرەڕای هەڵبژاردنی ژنان لە پۆستە بەرزەکان دا لە چەند وڵات دا، بەڵام ئێستاش لە چوار قوژبنی جیهان دا ژنان پێشکەوتنێکی پێویستیان لە پۆستی ڕێبەری‌دا بەدەست نەهێناوە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش دا ژنان لە بەدەستهێنانی پۆستە بەرزەکان لە کۆمپانیاکان، لە بواری سیاسەت، دامەزراوە ئاکادیمی‌یەکان، لە پیاوان لە پاشترن.

ڕاپۆرتەکە ئیشارە بەوە دەکا کە ئەگەرچی لە دەساڵی ڕابردوودا ڕێژەی ژنان لە پارلمانەکان دا زیادی کردووە، بەڵام هاوسەنگی ژمارەی ژنو پیاو تا ساڵی ٢٠٤٠ بەدەست نایە.

کوفی ئەننان سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەد دا کە بەبۆنەی ڕۆژی ژنانەوە بڵاوکرایەوە ڕایگەیاند نەخشی ژنان لە پۆستی بڕیاردان دا خاڵێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی ژنانو بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی.

سەرچاوە: سایتی VOA Newos

## ئاکامی لێکۆڵینەوەیەك لە سنە دەری‌خستوە سەدی ٨٨ی خۆکوژی‌یەکانی ژنان بە شێوەی خۆسووتاندنە



ئاکامی لێکۆڵەرێکی کورد لەسەر هۆو شێوەی خۆکوژیی ژنان لە سنە لە نەخۆشخانەی"تەوحید"، بەشی سووتان نیشانی‌دا کەلە ساڵی ٨٢ دا سەدی ٨٨ی ژنان لە سنە بە شێوەی خۆسووتاندنو سەدی١٢یان بە هۆی ژار(سەم) خواردنەوە خۆیان کوشتوە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا، کە"ئیدریس ئەحمەدی" کارناسی راوێژکار بە شێوەی نموونە گرتن ڕێکەوتو شێوەی لێکۆڵینەوە پێوان لەسەر ١١٠ کەس لەو ژنانەی پەنایان بۆ خۆکوژی بردوە، ئەنجامی‌داوە نێوەنجی تەمەنی ئەو ژنانەی خۆکوژییان کردوە، ١٦ تا ٢٤ ساڵ دەست نیشان کراوە. ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە نیشانی داوە کە ٥٧/٤ لەو ژنانەی ئەو کارەیان کردوە، کەوتوونەتە بەر توندوتیژی جیسمیو سەدی ٨٠یان لەلایەن بنەماڵەوە، سەدی ٨٥ یان لەلایەن کۆمەڵگەوە بووە، ٦٨/٥ لە سەدیان لەلایەن خزمو کەسیانەوە، ٣٧/٢ لەسەدیان لەلایەن دۆستانو ٦٠لەسەدیان لەلایەن برای خۆیانەوە کەوتوونەتە ژێر فشارو جیاوازیو بوغزاندنەوە. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەروەها ٥٣/٣ لەسەدیان لەو ژنانە بەهۆی نەبوونی بروا بەخۆیی، ٥٧/١ لە سەدیان بەهۆی خۆبەکەمزانی، ٥٣/٣ لەسەدیان هۆی هەست کردن بە پووچی خۆیان لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگەدا، ٤٠ لەسەدیان بەهۆی بێبەش بوون لە ئیمکاناتی ژیان، ٥٤/٣لەسەدیان بەهۆی بێبەش بوون لەسەفەرو گەڕانو ٥٤ لەسەدیان بەهۆی بێبەش بوون لە ئیمکاناتو وەسایلی نێومالّ روویان کردۆتە خۆکوشتن. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ٥٧/١ لەسەدیان خێزاندارو ٤٩/٩ لەسەدیان سەڵت بوون کە لەو ڕادەیە ٧٧/١ لەسەدیان لەشارو ٢٢/٩ لەسەدیان لە دێ ژیاون. ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە کە دەڵێ ڕادەی خوێندەواری ٦٥/٧ لەسەدی ئەو ژنانە دواناوەندی،٢٢/٦ لەسەدیان سەرەتاییو ١١/٤ لەسەدیان خوێندەواریی ناوەندیان هەبوو.

ئەو لێکۆڵینەوەیە هەروەها نیشانی داوە کە ٤٨/٦ لە سەد لەو ژنانە پێشتر ڕابردووی ئەوەیان نەبووە، بەڵام ١٤/٣ لە سەدیان پێشتر دەستیان داوەتە خۆکوشتن. ئەو لێکۆڵینەوەیە نیشانی داوە کە ٤٥/٨ لە سەد لەو ژنانە بە قورئان، ٤٠ لەسەدیان بە ڕۆژی قیامەتو ٥١/٤ لەسەدیان بە ئەرکی ئایینیو دینی باوەڕیان کەم بووە.

سەرچاوە: سیروان

## مەهاباد

### خۆکوژیی کچێك لە ناوچەی مەهاباد

سوهەیلا ئاغاوەلی خەڵکی ئاوایی کەلبی رەزاخان لە ناوچەی مەهاباد خۆی ژەهرخوارد کرد. بە گوێرەی هەواڵ، هۆکاری خۆکوژیی سوهەیلا دەگەرێتەوە بۆ دابونەریتە ناحەزەکەی (ژن بە ژن)ە سوهەیلا لە ئاوایییەکەی خۆیان کوڕێکی خۆش ویستوەو ویستوویەتی لەگەڵ ئەو کوڕە زەماوەند بکا، بەڵام براو باوکی سوهەیلا گوتوویانە تۆ دەبێ شوو بکەی بە کەسێك کە خوشکی هەبێ بۆ ئەوەی (ژن بە ژن)ە بکەین، بەڵام ئەو کوڕەی کە سوهەیلا خۆشیویستوە، خوشکی نەبووە. بۆیە ئیزنیان نەداوە کچەکەیان شوو بە کوڕە بکا. بۆیە ناوبراویش سەمی خواردەوەو کۆتایی بە ژیانی هێنا.

* هەر لە مانگی سەرماوەزی ١٣٨٤ی هەتاوی‌دا، کچێك بە ناوی شەهێن عەباسی کچی رەحمان خۆی بە پەت هەڵواسیو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

## مەریوان

### خۆسووتاندنی کچێك لە ناوچەی مەریوان

بە گوێرەی هەواڵێك کچێك بە ناوی بەهارە تەمەن ١٥ساڵ خەڵکی"رەشە دێی" ناوچەی مەریوان ئاگری لە خۆی بەرداو رۆژی ١٣٨٤/٩/٢٣ بەهۆی زۆریی سووتاوییەکە گیانی لەدەست دا.

هەر لە ناوچەی مەریوان لە مانگی سەرماوەزی ٨٤ ژنێکی دیکە بە ناوی سومەییە ئەمینی‌نیا تەمەن ٢٠ ساڵ ئاگری لە خۆی بەرداوو ٦٥ لەسەدی لەشی تووشی سووتاوی بوو.

## پیرانشار

لە ناوچەی بەرنبەری پیرانشار لە گوندی کۆلیج هەواڵمان پێگەیشتوە کە رۆژی ١٣٨٤/١٠/٥ی هەتاوی کچێك بە ناوی چیمەن ئیبراهیمی کچی موڕادی ئیبراهیمی ناسراو بە موڕادی حوسێن خۆی خنکاندوە.

گوایە هۆی خۆخنکاندنی ئەو کچە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کوڕێکی خۆشیویستوە سەرەتا باوکی رازی نابێ، پاشان کە رازی دەبێ، کوڕەکە لە هێنانی کچە پاشگەز دەبێتەوە. چیمەن لە داخان خۆی دەخنکێنێ.

* رێکەوتیی ٨٤/١١/٢١ ئەفسانەی مریەمی کچی حەمەی فەقێ ساڵحی سیچان بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك هەبووەو بنەماڵەکەی نارەزایەتیی خۆیان دەربڕیوەو ئەفسانەش خۆی دەخنکێنێ.

## کرماشان

### لە کرماشان کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ ئاوری لە خۆی بەردا

رۆژی چوارشەممە ١٣٨٤/٩/٩ی هەتاوی کچێکی ١٧ ساڵان بەناوی سۆهەیلا، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. دوای ئەوە گەیاندیانە نەخۆشخانە، بەڵام بە هۆی رێژەی بەرزی سووتاوییەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

## بۆکان

بە پێی هەواڵێك لە بۆکانەوە، رۆژی ١٣٨٤/٩/٩ لە شارۆچکەی میراوای بۆکان، ژنێك بە ناوی نوسرەت کچی ئیبراهیم ئاوری لە جەستەی خۆی بەرداو گیانی لە دەست دا.

## سەردەشت

بە پێی هەواڵێك کە لە شاری سەردەشتەوە بەدەستمان گەیشتوە رۆژی ١٢/١٨/ ١٣٨٤، ژنێك بە ناوی"شیوا زەمانی" کچی کەماڵ زەمانی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. پاش ئەوەی گەیاندیانە نەخۆشخانە، بەهۆی زۆری سووتاوییەکەی دوای دوو رۆژ لە نەخۆشخانەی ورمێ گیانی لە دەست دا.

پێویستە بگوترێ، شێوا زەمانی بە هۆی ئەوەی مێردەکەی دڵپیسی لێکردوە، لەم بارەیەوە ژیانی لێ تاڵ کرد بوو، بەداخەوە کۆتایی هێنا بەو ژیانەی.

هەر لە شاری سەردەشت، ژنێکی دیکە بە ناوی"جەمیلە محەممەد جانی"، کچی سدیق، خۆی ئاگر تێبەرداو بەهۆی ئەوەی رێژەی سووتاوی‌یەکەی ٧٠ لە سەد بوو، لە نەخۆشخانەی ورمێ گیانی لە دەست دا. ناوبراویش بە هۆی ئازارو ئەزیەتی هاوسەرەکەی دەستی داوەتە ئەم کارە.

بەداخەوە خۆکوژی لە ناو ژنان دا لە هێندێك لە ناوچەکانی کوردستان رووی لە زیاد بوون کردوە.

هۆی خۆکوژی ئەم ژنانە توندوتیژی لە رادەبەدەرو گوێنەدان بە خواستەکانیان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوەیە.

### پیاوێکی پاکستانی سەری چوار کچی خۆی بڕی؟!

پیاوێکی پاکستانی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە کچێکی تازە بووکی خۆی سەری هەر چوار کچەکەی بڕی.

ئەو پیاوە دڵرەقە بەناوی نازر ئەحمەد رۆژی ٤ی بەفرانبار سەری چوار کچی ٦، ٨، ١٢و ٢٥ ساڵەی خۆی بڕیو پاشان خۆی تەحویلی پۆلیس‌دا. بە پێی ئەو هەواڵە ئەو پیاوە کچە گەورەکەی لەگەڵ کوڕێك کە بەدڵی خۆی بوو، زەماوەندی کرد بوو، بۆیە لە رقوتووڕەیی ئەو کارەو بۆ ئەوەی ئەو کچانەشی ئەو کارە نەکەن هەموویانی بەو شێوەیە لە ناوبردو خۆی بە پۆلیس ناساند. پۆلیسیش پاش ئاگادار بوون لەو کارەساتە پیاوەکەی گرت.

بە قسەی پۆلیس لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەرساڵە نزیك ٤٠٠٠ کەس لە پاکستان زۆربەیان بە بەهانەی پاراستنی ئابڕووی بنەماڵە، دەکوژرێن.

# ژنانی ئیدزی بە پشتیوانیی ئیدارەی ئیتلاعات لە گەماڕۆی لە داوخستنی لاوان لە کوردستان دان



بەپێی هەواڵێك ماوەیەکی زۆرە، ژنێك بەناوی"حاجی خانم" خـــەڵکی شاری سنە لـــەگەڵ چەند ژنێکی بەدرەوشتـــی دیـــکەدا کە هەموویان گیرۆدەی ئەو نەخۆشی‌یە کوشندەن، بە هاوکاری‌و پشتیوانیی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە کردەوەیەکی دژی گەلی‌یانەو بەتەواوی نامرۆڤانەدا بە نێو شارەکانی کوردستان دا دەگەڕێن‌و بەم شێوەیـــە دەیانهەوێ لاوانی کورد بە ویرووسی ئەم نەخۆشی‌یە مەترسیدارە تووش بـــکەن‌و لـــەم پێوەندیەدا بۆجێ‌بەجێ کردنی پیلانە دزێوەکانیان ڕوویان کردۆتە شاری سەردەشت.

شیاوی باسە کـــە ڕێژیمی دژی مرۆڤایەتی کـــۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدا بردنی لاوانی وشیارو بەهەستی کوردستان لـــە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانەو نائەخلاقی خۆی نابوێرێ‌و لەم پێناوەدا لە شێوەی جۆراوجۆر وەك بڵاوکردنەوەی مـــاددە هۆشبەرەکان، تووش کردنی گیانلەبەران بە ویرووسی ئیدزو بەرەڵڵا کردنیان بە نێو شارەکانی کوردستان دا ناردنی ژنانی بەدرەوشت‌و ئیدزی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بۆ کوردستان‌و....... بە مەبەستی پێکانی پیلانە دزێوەکانی کەڵك وەردەگرێ.

ئێمەش جارێکی دیکە داوا لە ژنان‌و لاوانـــی بــــەهـــەست‌و تێگەیشتووی کوردستان دەکەین کە فریوی پیلان‌و سیـــاسەتـــە ڕەنـــگاورەنـــگ‌و جۆراوجۆرەکـــانی ڕێژیـــم نەخۆن‌و بەوریایی‌یەوە هەنگاو هەڵگرن چونکە ڕێژیمی دژی ئینسانی‌و دژی کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ چەشنە فڕت‌و فێڵ‌و پیلان‌و تەڵەکەبازی‌یەك خۆ نابوێرێ.

## یەك لەسەر سێی ژنانی جیهان دەکەونەبەر ئازاری جیسمی

بە گوێرەی هەواڵنێری فارس لەهەر سێ ژن لە جیهان یەك ژن لە ژیانی‌دا دەکەوێتە ژێر ئازارو ئەزییەتی جیسمی‌و جینسی.

بە گوێرەی هەواڵی هەواڵدەری فارس: بە وتەی سەندووقی نێونەتەوەیی ژنان لە نەتەوەیەکگرتووەکان یەك لەسەر سێی ژنان لە جیهان لە ژیانیان دا دەکەونە ژێر ئازارو ئەزییەتیی بەدەنی‌و جینسی.

کۆڕی گشتی ڕێکخراویی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٩ لە پەسەندکراوێك ڕۆژی دووی نوامبری هەر ساڵێك وەك ڕۆژی جیهانی دژی توندو تیژی دژ بە ژنان ڕاگەیاند، هۆی دانانی ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠ی میلادی ئەو کاتەی کە سێ خوشك لە جمهوری دۆمێنیکا بە هۆی چالاکی سیاسی دەست درێژیان کرایە سەرو کوژران. ڕۆژی ٢ی نوامبر بۆ بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی ئەو قوربانیانەو هەروەها چوونە سەری ڕادەی زانیاری خەڵك لە جیهان سەبارەت بەو توندوتیژیانەی بەرانبەر بە ژنان دەکرێ هەڵبژێردرا.

ڕادەی توندوتیژی‌و دەستدرێژی بە ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا زیاترە.

دامەزراوەیەکی ناحکوومی لە پاکستان بە نێوی"مددگر هلپ لاین" لە وڵاتی پاکستان ئامارێکی بڵاو کردەوە کە بوونی توندوتیژی لە پاکستان بێ‌سنوورە ئەو سەرژمێری‌یە ٤٣٤٧ موردی لە توندوتیژی دژ بە ژنان لە ساڵی ٢٠٠٥ تۆمار کردوە کە لەو ڕادەیە ١٥١٣ تایبەت بە توندوتیژی بەدەنی‌و ٨٠٣ کەڵکی خەراپی جینسی‌و ٣١ مەورد لە هەردوو بواردا توندوتیژیان لەگەڵ کراوە.

سەرژمێری ئەیالتی‌یەکان نیشان دەدەن زۆربەیان لە ئایالتەکانی(پنجاب) بە ژمارەی ٢٦٦٢ مورد ئەیالتی(سند) بە ژمارەی١١٣٨لە ڕەدەیی دووەم، لە دوای ئەوان(NWFP) بە ٤٠٦ موردو لە ئاخیر ئەیالەت بلوچستان بە ١٣٨ مورد.

زانیاری‌یەکانی وەدەست هاتوو باس لەوە دەکەن کە لەو دوایە ٢٠٥٨ کەس خێزاندار، ٢٣ کەس تەڵاق دراو، ٨٧ کەس سەڵت، ٩٤ کەس ئەو ژنانەی جیهان ناتوانین بڵێین لە توندوتیژی ئەو وڵاتانە پەیدا بوون.

## توندوتیژی لە هەموو بوارەکانی ژیان دا هەڕەشە لە ژنان دەکا

"ایلنا" پەرەسەندنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سەرانسەری جیهان جێ نیگەرانی‌یە.

بە پێی ڕاپۆرتی" ایلناجان ایگلندی" جێگری سکرتێری گشتی‌و هاوکاری‌یەکانی مرۆڤ دۆستانە یەك لەسەر سێ ژنان لە زۆربەی جیهان دەکەونە بەر توندوتیژی وەك توندوتیژی جیسمی‌و جینسی کە ئەو توندوتیژییە زیاتر لە ناوچە شەڕ لێدراوەکانە، ڕاگەیاندراوەکان زیاتر بـــاس لـــەوە دەکـــەن کە ئەو توندوتیژییانە زیاتر لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچن.

لە چەند ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ١٠٠ میلیۆن کچی گەنج لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان بە بڕینی ئەندامی جینسی خۆیان مەحکووم بوون، ٨٢ میلیۆن کچی گەنج لە ژێر ١٧ ساڵ بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نەخوازراو بوون‌و نزیکەی ٨ لەسەدی هەموو ژنـــان‌و کـــچان قاچاخچییەتیان پێوەکراوەو فرۆشراون.

"ایگلند" لە کۆتایی‌دا دەڵێ: ژنان لە هەر تەمەنێك لە منداڵی‌دا قوربانی توندوتیژین ئەگەر هەوڵی پێویست بۆ پێشگـــیری لـــە بەڕێوەچوونی ئەو توندوتیژییانە نەدرێ مێژوو لە ساڵانی داهاتوودا لـــە بـــارەی ئێمەو کارکردەوەکانی ئێمەوە قەزاوەت دەکا.

سەرچاوە: سایتی "خبرروز"

# گەشەکردنی جنسیەت لە ئێران دا حەفتاو هەشت پلە لە دوای جیهانە



لێکۆڵەرێکی کاروباری ژنان ڕایگەیاند: ئێران لە دەرخەری پەرەپێدانی جنسیەت لەنێو سەدوچل وڵات دا لە پلەی حەفتاو هەشت دایە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی کەنداوی فارس لەو دیارخەرە لە هەلومەرجێکی باشتردان.

دوکتۆر ژاڵە شادی تەڵەب هەروەها گوتی: وڵاتانی بەحرێن لە بواری دەرخەری پەرەپێدانی جنسیەتی لە پلەی ٤٧، تورکیە ٧٠، کوێت ٣٩، عەمان ٦٠و عەرەبستان ٦٥ دایە، کەوا بوو دەبینین ئێران لەچاو هەموو وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس لەو دیارخەرە لە دواترە.

ئەو وێڕای ئەوە کە قانوونی ئەساسی وڵات"عەداڵەتی کۆمەڵایەتی" بۆ هەموو هاووڵاتیان بەبێ گوێدانە هیچ جۆرە جیاوازیەکی تەمەن، جنسیو نەتەوەیی بە ئاشکرا گوتراوە، ڕوونی کردەوە: عەداڵەتی جنسیەتی لە ژێر سێبەری عەداڵەتی کۆمەڵایەتیدا بۆ هەموو خەڵکی گرنگەو لە ڕووی جنسیەوە بۆ هەموو کەس بێلەبەرچاوگرتنی تەمەن، جنسیو نەتەوە بە مانای عەداڵەتی جنسیە.

ئەو وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵی بەرچاوی دایکایەتیو هاوسەرێتی ژنان ڕوونی کردەوە سەرەڕای گرنگی ئەو مەسەلەیە، ڕۆڵی ژنان لەچالاکیە ئابووریەکان دا بە دابەشکردنی کارەکان بۆکاری ژنانەو پیاوانە مەودای هەڵبژاردنی کار بۆ ژنان زۆر بەرتەسک بۆتەوە.

ئەو لێکۆڵەرەی مەسەلەکانی ژنان ڕوونی کردەوە: ژنان لە مەیدانی بەشداریی سیاسیدا تەنیا دەنگدەری چالاك بوون کە ئیجازەیان هەبوو دەنگ بدەنو دیارە ئیجازەیان هەبوو کە هەڵبژێردرێن، بەڵام کەس نیە کە دەنگیان پێبدا.

شادی تەڵەب ئەوەی بیرهێنایەوە: وڵات لەم قۆناغەدا لە ڕاگرتنی ژنان لە بەڕێوەبردنی ماڵێدا ڕازی بوو، دیارە فێرکردنی خاڵی بەهێزی ئەو قۆناغەی پێك دێنا، چونکە پەرەگرتنی فێرکردنی سەرەتایی لە ساڵەکانی ئەوەڵی شۆڕش دا وردە وردە کچانی بۆ خوێندنی بەرز هان دا.

بە وتەی وی ئەگەرچی کچان بە خوێندنی باڵا شانسی کاری زیاتریان دەبێ، بەڵام بێکاریی کچان بە خوێندنی بەرزو ناوەندیەوە لە هەلوومەرجی ئێستای کۆمەڵدا زۆر جیدیە، بە چەشنێك ڕادەی بێکاریی کچان بە خوێندنی باڵاوە لە کۆمەڵگای شاریدا ٢٨ لەسەدەو ڕادەی بێکاریی کچان بە خوێندنی ناوەندیەوە لە تەواوی وڵات دا نزیکەی٥٠ لەسەدە، دیارە ئەم ئامارە تەنیا پێوەندی بە کچانێکەوە هەیە کە ئیزنی کارکردنیان هەیە.

هەروەها گوتی: ڕادەی هەڵسەنگاندنی بەشداری ژنان لە کاروباری وڵات دا لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٤٥ تا١٣٨٠دا ١٢/٦ بۆ ٩ لە سەد کەم بۆتەوەو دیسان هەر ئێستا لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا لە١٤وە گەیشتۆتە ١٥ لەسەد.

پاشان گوتی: ڕادەی بەشداریی ژنان لە کاردا لە ساڵی ٦٥ پێوەندی بەبەشی پیشەسازیەوە هەیە. بە چەشنێك کەلە ماوەی ساڵانی ٥٧ تا ٦٥ هەرساڵەی ٢٤ هەزار ژن لە بەشی پیشەسازی دەرکراون، ئەوە لە حاڵێك دایە کە پیشەسازی بەشی پێشڕەوی وڵاتانەو چوونەدەری هێزێکی زۆر، کاریگەری لە گەشەکردنی ئابووریی وڵات دا لە بارودۆخی ئێستای ژنان دا هەیە.

شادی تەڵەب ڕادەی بەشداریی ژنان لە کاردا بە یەکێك لە لایەنەکانی عەداڵەتی جنسیەتی لە وڵات ناوبردو گوتی: چ جیاوازیەك ژنانو پیاوان لە ڕووی خوێندەواریەوە وەك هۆیەك بۆ ئامادە کردنیان بۆ کار هەیە، لە حاڵێك دا کەلە نێوان ئەو ژنانەی کە کاریان هەیە، کەسانی خوێندەوار زیاترن، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی لە بڕیاردان دا وەك کەسانی خوێندەوار بەوان نەدراوە. هەروەها گوتی: بەشی ژنان لە بەڕێوەبردنی بەشی دەوڵەتیدا لەم ٤٠ ساڵەی دواییدا بەبێ گۆڕان هەروا ٢/٨ لەسەدە، کەوا بوو خوێندەواری کاریگەری لەسەر بەشداری لە بڕیاردان دانەبوو.

ئەو کۆمەڵناسو توێژەرەوەی مەسەلەکانی ژنان ڕایگەیاند: هێندێك پێوانەی نابەرابەر بۆ دامەزراندنی ژنان لە چاو پیاوان هەیەو کرێی نابەرابەر لە

←

بەرامبەر کاری وەك یەکدا هەیە لە بەشی کشتوکاڵدا بە ئاشکرا دیارە. کە ئەو مەسەلەیە لە بەشەکانی دیکەی کاریش دا هەیە، هەرچەند بە پێی قانوون حەقدەستی بەرابەر لە بەرامبەر کاری وەك یەکدا دەبێ حەقی وەك یەکیش بدرێ، بەڵام ژنانو پیاوان پێکەوە دەست پێدەکەن، بەڵام خێرایی پێگەیشتنو بەدەستهێنانی ئیمتیازاتەکانیان وەك یەك نیە.

بەوتەی وی مەودای هەڵبژاردنی کاری ژنان لە نێوان ٨ ـ ١٠ قەتیس ماوە، لە کاتێك دا هەڵسوورانی پیاوان ٣٧ە.

شادیتەڵەب وێڕای ئاماژەکردن بە دەرفەتە نابەرابەرەکان بۆ پەروەردەکردنی تەکنیکیو پیشەیی لە نیوان ژنانو پیاوان دا لە پەیدا کردنی کاردا گوتی: دەست ڕاگەیشتنی ژنان بەسەرچاوەکانی بەرهەمهێنانیش لەبەر قانوونو پێکهاتەی فەرهەنگەیەکانی کۆمەڵگا نابەرابەرە، هەروەها بەشداری نابەرابەر لە بڕیاردانو دەرفەتی نابەرابەر لە بەرز بوونەوەی ئاستی کار لە نێوان ژنانو پیاوان دا هەیە.

ئەو کۆمەڵناسە وێڕای ئاماژە کردن بە پێوەندی نێوان بەشداریی ژنان لە بازاری کارو بڕیاردان داو پەرەگرتنی وڵاتان دا گوتی: لە بوارەکانی دیکەی بڕیاردانیش دا ژنان بەشدار نین. بە چەشنێك کە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان لە بەردەستی ژنان دا لە نێوان ١/٤ لەسەد دایە واتە ٩٦ لەسەد نوێنەرانی وڵات پیاوان پێکی دەهێننو هەرکاتێك پرسیارێك لە بارەی بەرقەرار کردنی عەدالەت دا لەم بوارەدا هاتەگۆڕێ، ژمارەیەك لە ڕیفۆرمخوازەکان ڕەخنەیان گرت کە نابێ ژنان داوای بەشی خۆیان بکەن لە حاڵێك دا وەك نیوەی کۆمەڵ مافی داواکردنی بەشی خۆیان هەیە.

ئەو وێڕای گوتنی ئەوەکە نابەرابەرییەکانو بێعەدالەتییەکان لە بارەی ژناندا هەر بەبواری گشتی نابڕێتەوە گوتی: هەڵسەنگاندنی کەمیی قورسایی منداڵانی ژێر ٥ ساڵی وڵات دەریدەخا کەلە هەموو ئوستانەکاندا کچان قورساییان لە کوڕان کەمترە. بە چەشنێك لە ئوستانی مەرکەزیدا ناوچەی شاریو گوندییەکان١١٪ کوڕانو ١٨٪کچان. لە ئوستانی سیستانو بلوچستان دا ١٨٪ کوڕان، ٣١٪ کچانی شاریو ٣٠/٩ لەسەد کوڕانو ٤٧٪ کچانی گوندی بەدەست کەمیی قورساییەوە دەناڵێنن.



ئەو وێڕای ئاماژە بە کێشەی زەماوەندەشەرعییە تۆمار نەکراوەکانی وڵات گوتی: زەماوەندە شەرعیو تۆمارنەکراوەکان لە ناسنامەدا بە تایبەتی لە ئوستانە سنوورییەکان دا دیاردەیەکە ئاکامی خراپی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوەو سلامەتی کۆمەڵایەتی وڵات دەخاتە مەترسییەوە. ئاکامەکەی هەزاران منداڵی بێناسنامەی ئوستانی سیستانو بلووچستان کەلە خوێندن بێبەشن.

ئەم لێکۆڵەرەوەی مەسەلەی ژنان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: نزیکەی ٩٪ لە بنەماڵەکانی وڵات ژنان بەرێوەی دەبەن کەلە ڕۆژهەڵاتی وڵات بە شێوەیەکی مانادار زیاترەو ٣٧٪ ئەمانە لە ریزی هەژارترین هەژاران دانو داهاتیان لە خوارەوەی بیستە.

شادیتەڵەب هەروەها وێڕای ئاماژە بە ئاکامەکانی گەڵاڵەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی توندوتیژی بنەماڵە دژی ژنان دا گوتی: ٦٦٪ ژنان لە بنەماڵەکانی وڵات دا توندوتیژی ماڵییان چێشتوە.

ئەو وێڕای دەربڕینی ئەوە کە ٦٤٪ی ئەو بنەماڵانەی کە ژنان توندوتیژیان تێدا چێشتوە، شووکردنی زۆرەملی بووە، گوتی فشارە رووحیو دەروونییەکان لە دژی ژنان لە بنەماڵەکان دا ٢١٪، سووکایەتی پێکردن ١٨٪، منەتبار کردنی بەردەوام بە هۆی دابین کردنی ژنان ١٨٪و پێشگرتن لە کار ١٧٪ بووە.

شادیتەڵەب هەروەها گوتی: بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ٢٥٪ی کچان لە جنسیەتی خۆیان رازی نینو ٦٣/٧٪ی کچانی قوتابی لە شاری ئیسفەهان ئاڵۆزی دەروونییان هەیە. هەروەها خەمۆکیی ژنان لەو بنەماڵانەدا کە پێکهاتەی دەسەڵات ئەستوو نییە ٢/٣ بەرابەری ژنانە.

سەرچاوە: هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران

# ژنانی کارداهێنەر جیاوازیدانانەکان بە جیددی ناگرن





بە گوێرەی ئەو راپۆرتە هەواڵەی کە کانوونی ژنانی ئێران نووسیویەتی زۆربوونی رادەی بێکاری ژنانی دەرچووی زانستگە، یەکێك لە گیروگرفتو قەیرانەکانی ئێستای کۆمەڵگاکەمانە. ئەمڕۆ زیاتر لە ٦٢ لە سەدی کچانی کۆمەڵگاکەمان چوونەتە زانستگەکان بەڵام بەم رادەیەو یەکسان لەگەڵ پیاوان بۆ بازارەکانی کار رانەکێشراون. رادەی بێکاریی ژنان هەر ئێستا دووقاتی پیاوانە. هەر ئەم مەسەلەیە یەکێك لە بیرۆکە سەرەکی‌یەکانی پێکهاتنی ئەنجومەنی ژنانی بەرپرسی کار داهێنەریشە.

بەو جۆرە کە فیروزەی سابر بەرپرسی ئەم ئەنجومەنە لە سەرێ بوونی رادەی بێکاریی ژنانی دەرچووی زانستگە بە بیرۆکەی سەرکیی دامەزراندنی ئەنجومەنی ژنانی بەرپرسی کارداهێنەر ناودەبا.

هەرچەندە ئەو کارداهێنەری لەگەڵ دابینکار هاوواتاو هاومانا نازانێ، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای وڵات دا یەکێك لە کاریگەری‌یە لاوەکی‌یەکانی دابینکردنی کار بۆ ژنان‌و لاوانی وڵات دەزانێ.

دەستەیەك لە ژنانی کار داهێنەر لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی باسی کار داهێنەریی ژنانیان هێنایە گۆڕو لەسەر ئەوە پێداگرییان کرد، کە ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی ناساندنی نزیکەی ٢٥٠ ژنی کار دهێنەر لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی شارو دێهاتەکانی وڵاتەکەمان.

ئەم ژنانە هەر لە سەرەتادا تێگەیشتن کە بۆ جێخستنی کارداهێنەریی ژنان لە وڵات داو جێکەوتنی ئەم باسە کە کاری بە مانای دابین کردنی کار لە بەشی دەوڵەتی‌دا نیە، بوونی دامەزراوەیەکی نادەوڵەتیان بۆ ژنانی کارداهێنەر بە پێویست زانی‌و لە پاشان هەنگاویان بۆ دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە هەڵگرت.

پێکهێنانی تۆڕێکی سەرانسەریی یارمەتیدانیش لە ئامانجەکانی ئەم ئەنجومەنەیە.

فیرووزەی سابر لەم پێوەندی‌یەدا دەڵێ: ئەم ئەنجومەنە بۆ یەکەمین جار لە ئاستی وڵات دا پێك هاتوەو مەبەستی سەرەکیشی بردنەسەری توانایی بەرپرسایەتی کارداهێنەریی ژنانە. یانی کەسانێك کاروکاسبی‌یەکیان پێکەوە ناوە، بەڵام لەگەڵ کەمو کوڕی‌یەکان دا بەرەوڕوون.

بردنەسەری توانایی‌یە زانستی‌یەکانی ئەم بەرپرسانەو هاندانی لاوانی داهێنەر بۆ بواری کارداهێنەریی‌و کارو کاسبی لە مەبەستەکانی ئەم ئەنجومەنەیە.....

هەروەها یەکێك لە ئەرکە گرینگەکانی ئەم ئەنجومەنە ناساندنی ژنانی کارداهێنەرە لەگەڵ یەکترو پێوەندی‌یان لەگەڵ رێکخراوە حیرفەییەکان‌و نیهادە گشتی‌یەکانی کۆمەڵگایە کە هەر کام بە شێوەیەك دەتوانن پشتیوانی پێویست لە کارداهێنەریی بەتایبەت کارداهێنەریی ژنان بکەن.

ژنانی کار داهێنەر بە پێچەوانەی هەموو کەندو کۆسپەکان دەتوانن لە هەبوونی پوتانسیەلەکانی سەررێگایان کەڵك وەرگرن‌و بیروبۆچوونی نوێ بخولقێنن یالە کاروپیشەی خۆیان دا وەك باشترین بناسرێن، یانی ئەوان توانای نەهێشتن‌و کەم کردنەوەی کەندو کۆسپەکانیان هەیە....

کارداهێنەران هۆی ئاڵوگۆڕن‌و بەشداریی ئەوان لە زۆربەی بوارەکان دا ئازایەتی‌و بوێری چوون‌و بەشداری لەو بوارەدا بۆ کەسانی دیکە ئامادەو پێك دێنێ. زۆرێك لە کارداهێنەرانی ژن گەیشتوونەتە رادەیەك کە سەرەڕای پەرەپێدانی کاروکاسبی، یارمەتی بە پەرەپێدانی ناوچەیی‌و ئوستانیش دەکەن. زۆرێك لەم ژنانە هەر ئێستا وەك سامان‌و سەرمایەی کۆمەڵایەتی ناسراون‌و دەتوانن موحیتی کۆمەڵایەتی‌یان بگۆڕن.

لە بەرپرسی ئەنجومەنی کارداهێنەر پرسیار کراوە کە بۆچی ئەم ئەنجومەنەتان تەنیا تایبەت داوە بە ژنانی کارداهێنەر نەك ژنان‌و پیاوانی چالاك لەم بوارەدا؟ بەرپرسی ئەم ئەنخوومەنە لە وەڵام دا گوتوویەتی: دیارە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ باسێکی زۆر بەرەو روویە چونکە ئەم ئەنجومەنە بۆ یەکەمین جارە لە وڵات دا پێك هاتووە، زۆر کەس بە تایبەت پیاوانی کارداهێنەریش لەو بڕوایەدا بوون کە ئەم ئەنجومەنە هەردوو رەگەزی ژن‌و پیاو

←

دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕادەی ژنانی کارداهێنەر لە وڵاتەکەمان دا لە پیاوان کەمترە ئەو مەترسی‌یە هەبوو کە ژنان بخرێنە پەراوێزەوە.

بەڵام ئێمە نەمان‌دەویست ژنان بکەونە پەراوێزەوەو بەشداری ئەوانمان لە چوارچێوەی ئەنجومەن دا دەویست، کەوابوو ئەنجومەنی ژنانی کارداهێنەر سەبارەت بە پیاوان لەو نموونانەی دیکەی پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنەیە بۆ ژنان.

بە بڕوای فیرووزەی سابر کارداهێنەران لەسێ بەشی تایبەتمەندی‌یە تاکە کەسی‌یەکان (بێ‌بەشبوونی بنەماڵەیی‌و تاکەکەسی)، موحیتی تایبەتمەندی‌یەکانی ڕێکخراوەیی‌و فەرهەنگی‌و مەسەلەی حقوقی لەگەڵ گیروگرفتی زۆردا بەرەو ڕوون کەلە بەشی تایبەتمەندی‌یە تاکە کەسی‌یەکان یانی ئەو بەربەستە بنەماڵەی‌یانەو گیروگرفتی فەرهەنگی کە بۆ ڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە ژنان زیاتر لە پیاوان لەگەڵ کەندو کۆسپ‌و گیروگرفت بەرەوروون. بەو پێیە ئەنجومەنی ژنانی کارداهێنەر بۆ سەرنجی زیاترو بردنە سەری باوەڕ بە خۆبوونی ئەوان دامەزراوە.

"هەرکات مەوداکانی جیاوازی‌دانانی نێوان ژنان‌و پیاوان هەڵگیرا ئەو کاتە ئەم ئەنجومەنە بۆ هەردوو ڕەگەز دەبێ، بەڵام تا کاتێك بەربەستە فەرهەنگی‌و بنەماڵەیی‌یەکان بۆ ژنان لە گۆڕێ‌دان تەنیا بۆ ژنانە...."

ژنانی کارداهێنەر لە لایەنی دەروونی‌یەوە تایبەتمەندیی زۆریان هەیە کە ئەوان لە ژنانی دیکە جیادەکاتەوە، بڕوا بەخۆ بوون‌و بە هێند نەگرتنی جیاوازی دانانەکان.

ئەم ئەنجومەنە هەروەها بە نیازە ویڕای پەرەپێدانی چالاکی‌یەکانی لە ئاستی میللی‌دا لە ئاستی نێونەتەوەیش دا چالاکی‌یەکانی خۆی پەرەپێبدا.

پێوەندی‌و گواستنەوەی ئەزموونەکانی ژنانی کارداهێنەری ئێرانی لە سەرانسەری جیهان‌و لەگەڵ ژنانی دیکەی دنیا دەتوانێ لە پێناوی بردنەسەری بڕوابەخۆبوونی ژنان‌و کچانی کارداهێنەرو ڕاکێشانی ژنانی دیکە بۆ ئەم بوارە هەنگاوێکی کاریگەر بێ.

# سەرکەوتنی ژنانی جیهان لە بواری سیاسی لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی‌دا

وەرگێڕانی: شنۆ مێهرپەروەر




ئاسۆشێتد پرێس لە ڕاپۆرتێك دا ڕای‌گەیاند: ژنانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی‌دا شاهیدی گەلێك سەرکەوتنی سیاسی بوون کە ئەم سەرکەوتنانە وەك هەڵبژێرانی یەکەمین سەرۆك کۆماری ژن لە ئافریقاو پێکهاتنی یەکەمین هەڵبژاردن لە عەرەبستانی سعودی بەبەشداریی دەنگدەرانی ژن بوو. لە عێراق‌و ئەفغانستان دا شاهیدی کێ‌بەرکێی ژنان لە هەڵبژاردن‌و هەوڵدانیان بۆ وەدەست هێنانی ڕاوێژکاری (صدر اعظم)، ژنانیان لە سەرووی پۆستە سیاسی‌یەکانەوە دانا. لە هەمان کاتیش دا، ژنان لە شاری"جدە"ی عەرەبستان، کاتێکی بێ‌وێنەیان وەدەست هێناو لە کێ‌بەرکێی هەڵبژاردن دا دوو کورسی‌یان لە هەیئەتیی بەڕێوەبەری ژووری بازرگانی ناوچەیی ئەم شارەیان بۆ خۆیان تەرخان کرد. هەروەها بواری هەڵبژێرانی یەکەم سەرۆك کۆماری ژن لە شیلی پێك هات. ژاپۆنیش لە مانگی ژانویە، بە گەڵاڵەیەك‌دا دەچنەوە کە بەهۆی ئەوەوە ژنانی بنەماڵەی ئیمپراتۆری دەتوانن میراتگری تاج‌و تەخت بن.

"کاریتارا مداس" بەرپرسی سندووقی جیهانی ژنان کەلە سانفرانسیسکۆ دایەو یارمەتی بەلایەن‌و گرووپەکانی لایەنگری مافەکانی ژنان لە سەرتاسەری جیهان دەکا، گوتی: ساڵی٢٠٠٥ی زایینی ساڵی پڕ لە سەرکەوتن بوو بۆ ژنان. هەروەها درێژەی پێدا ١٠ ساڵ لەوە پێش ئێمە دەمان‌گوت کە خوازیاری جێ‌بەجێ بوونی ئەو یاسایانەین کە پشتیوانی لە ژنان دەکا، بەڵام ئێستا دەڵێن کە ژنانێکمان دەوێ کە خۆیان یاسا دانەر بن. لەلایەك، ڕێکخراوی (بین المجالس) لە ژنێف ڕای‌گەیاند: ڕادەی نوێنەرانی ژن لە پارلمانی وڵاتانی سەرتاسەری دنیا لە ساڵی٢٠٠٥ی زایینی‌دا بە ٦٩٦٠ کەس گەیشتوە. لەم ڕاپۆرتەدا بە هێندێك لە گرینگترین دەسکەوتە سیاسی‌یەکانی ژنان لە ساڵی ڕابردوودا ئیشارە دەکەین.

## لیبریا

"ئالێن جانسۆن سێرلیف"لە دەورەی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری مانگی نوامبردا وەك سەرۆك کۆماری ژن لە ئافریقا هەڵبژێردرا. لە پێش دا کە وەزیری دارایی بوو، لە دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردن دا گوتی قۆناغی فەسادو دەسەڵاتی پیاوان لە وڵاتی شەڕلێدراوی لیبیریادا کۆتایی پێدێ.

ئەو هەروەها لە ژنانی سەرتاسەری ئافریقا داوای کردو خوازیاری بوو کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان دا بەشدار بن.

## ئەفغانستان

٦٨ ژنی ئەفغانی لە مانگی سێپتامبردا بە وەدەستهێنانی کورسی لە پارلمان ٢٤٩ کەسی ئەفغانستان دا یەکەمین پارلمان ئەم وڵاتەیە کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، بەشداری‌و بوونی خۆیان لە بواری سیاسەتی میللی ئەم وڵاتەدا نیشان دا. بە پێی یاسای بنەڕەتی نوێی ئەفغانستان،١/٤ کورسی‌یەکانی پارلمان بۆ ژنان تەرخان کراوە.

"صفیە صدیق" یەکێك لە کاندیدا سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنی پارلمانی ئەفغانستان دا گوتی: ژنان لە پارلمان دا دەنگی نیوەی خەڵکی ئەم وڵاتە دەبن کە ماوەیەکی زۆرە بێ‌دەنگ بوون.

## عەربستانی سعوودی

دوو بازرگانی ژن لە عەرەبستانی سعوودی لە مانگی نوامبردا بۆ یەکەمین جار لە هەڵبژاردنی هەیئەت مودیرەی ژووری بازرگانی شاری جەددەدا سەرکەوتن. ئەم سەرکەوتنە لە وڵاتێك دا کە ژنان بەبێ‌پرسی هاوسەریان یەکێك لە پیاوە خزمەکانی خۆی ئیزنی لێخوڕینی ماشێن یا سەفەر بۆ دەرەوەی وڵاتیان نیە، بە سەرکەوتنێکی گەورە چاوی لێ‌دەکرێ.

**ئاڵمان**

"ئانگێلا مێرکێل" لە مانگی نوامبردا وەك یەکەمین"صدراعظم"ی ژن لە ئاڵمان دا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت. ئەوە پێش لە وەدەستهێنانی ئەم پۆستە یەکێك لە لێکۆڵەرو ئوستادەکان بوو رێبەریی رێکخراوی پارێزگارانی دێموکرات مەسیحی لە ئەستۆ بووو یەکەمین"صدر اعظم"ی ئاڵمانە کەلە بەشی رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا لە دایك بووەو گەورە بووە.

**عیراق**

ژنانی عێراقی بە هۆی یاسای بنەرەتیی نوێ لە مافە سەرەتاییەکان وەك: مافی دەنگدان، مافی خاوەنداریەتی بە سەرداراییەکانو ملكو ماڵ کەڵکیان وەرگرت، بەڵام دڵەراوکێو نیگەرانی هەیە ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی لە یاسا ئیسلامی‌یەکان پێوەندیدار بە ژیانی هاوبەش، تەڵاق یان جیابوونەوەو میرات لە یاسای بنەرەتی ئەم وڵاتەدا لەوانەیە ئازادی‌یەکانی ژنان کەم کاتەوە یان بێتە هۆی بەربەست. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێشتا پێکهاتەی تەواوی پارلمانی عێراق دیاری نەکراوە، لانی‌کەم ٢٥ لە سەدی کورسی‌یەکانی پارلمانی نوێ ئەم وڵاتە بۆ نوێنەرانی ژن لەبەر چاو گیراوە.

**شیلی**

"میشیل باشلێت" کەلە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری شیلی‌دا ٤٦ لە سەدی دەنگی وەدەست هێنا، ئەو کە پێشتر دوکتوری منداڵان بووو ئێستا ئەندامی ئیتلافی چەپی میانە بەرێبەری سەرۆك کۆماری ئێستای شیلی‌یە لەگەڵ"سپاستین پنیرا" پارێزگاری میلیونێر ململانێی کرد. "میشل باشلێت" یەکەمین ژنە کە لە شیلی‌دا دەبێ بە سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە، لە دەوری دووەمیش دا کە ١٥ی ژانویەی ئەمساڵدا بەرێوە چوو توانی کۆی دەنگەکان وەدەست بێنێ.

**ژاپن**

دەوڵەتی ژاپۆن بە نیازە لە مانگی ژانویەدا، گەڵاڵەیەك بداتە پارلمان کە بەهۆی ئەوەوە منداڵانی کچی بنەماڵەی ئیمپراتۆری دەتوانن ببنە میراتگری تاجو تەخت. لەساڵی ١٩٤٧ تا ئێستا تەنیا منداڵانی کوڕی بنەماڵەی ئیمپراتۆری توانیویانە لە دوای باوکی خۆیان ببنە میراتگری تاجو تەخت، بەڵام بنەماڵەی ئیمپراتۆری ژاپۆن لە دەیەی ١٩٦٠ەوە تا ئێستا بە هۆی نەبوونی میراتگری پیاو لەگەڵ قەیرانی دیاریکردنی جێنشینی ئیمپراتۆری بەرەوروو بووە.بە پێی راپرسی‌یەکانی ئەم دواییانە، ئەم گەڵاڵەیە پشتیوانی‌یەکی بەربڵاوی لێکراوە. نزیکەی ٧١ی لە سەدی ئەو کەسانەی کە راپرسی‌یان لێکراوە بەوەلانانی ئەم سوننەتە موافیقو هاوڕان.

## کورتەیەك لە ژیانی خاتوو ئانگێلا مێرکێل سەدرئەعزەمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئاڵمان

شنۆ.م

هەروەك هەموومان بینیمانو گوێمان لێی بوو خاتوو"ئەنگێلا مێرکێل" پاڵێوراوی حیزبی دێموکرات مەسیحی ئاڵمان لەلایەن سەرانسەری ئاڵمان (بۆند ستاگ) بە زۆرینەی دەنگ گەیشتە پۆستی سەدری ئەعزەمی ئاڵمانو بە رەئیسی دەوڵەتی ئیتلافی هەڵبژێردرا. ئەمەش لە حاڵێك دا بوو کە بەدەیان دەنگی نای لە ریزی ئەحزابی دێموکراتو سۆسیال دێموکراتیشەوە پێی‌درا.

خاتوو مێرکێل بە ٣٩٧ دەنگی بەڵێ لە سەرجەم ٦١٢ دەنگ بە رەئیسی دەوڵەتو سەدری ئەعزەم هەڵبژێردرا.لە دوای"کێزاد ئیدنانیز"،"لۆدویك ئاهارد"،"کۆرت گئۆرگ کێنگێر"، "ویلی براند"،"هێلمۆت ئێشمیت"،"هێلمۆت کوهێل"و"گێرهارد شرۆدێر"، نوێنەری پارلمان خاتوو دوکتۆر"ئانگێلا مێرکل" بەوەدەستهێنانی زۆربەی دەنگی پێویستی نوێنەرانی پارلمانی سەرانسەری ئاڵمان وەك یەکەمین سەدری ئەعزەمی(راوێژکار)ی ژنی ئاڵمان هەڵبژێردرا.

ژنان لە ١٠ وڵاتی جیهاندا لە سەرووی دەسەڵاتی حکوومەت دان" یا وەك سەرۆکی وڵات یا سەرۆك وەزیران خاوەنی دەسەڵاتن. بەڵام ٨ وڵاتی بە هێزی جیهان هەر لە مێژەوە تا ئێستا پیاوان بەرێوەی دەبەنو دەتوانرێ بگوترێ"ئانگێلا مێرکێل" لە ئێستادا



بەهێزترین ژنی جیهانە.

"ئانگێلا مێرکێل" ٥١ ساڵ لەمەو پێش لە شاری هامبۆرگی ئاڵمان چاوی بە دونیا هەڵێنا، لەو کاتەوە باوکی لە رشتەی زانستی ئایینی‌دا دەخوێندو دایکیشی مامۆستا بوو.

"ئانگێلا کاسنێر" سێ ساڵان بوو کە باوکی لە نزیکی شاری بچکۆلەی تەمپلین دەستی بەکار کرد. باوکی هۆرست کاسنێر وەك قەشە(کشیش) قوتابخانەی ئایینی گەورەساڵانی بەرێوە برد.

"ئەنگیلا کاسنێر" لە تەمپلین دیپلۆمی وەرگرتو پاشان بۆ لایپزیك

←

وەرێکەوتو لەوێ لە رشتەی فیزیك دا درێژەی بە خوێندن دا، ٢٣ ساڵان بوو کەلە لایپزیك لەگەڵ"ئۆلێریش مێرکێل" ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. لەمەوبەدوا بە پێی دابوونەریتو رەسم بە"ئانگێلا مێرکێل"ناو دەبرێ. ساڵێك لە دوای زەماوەندەکەی خوێندنەکەشی کۆتایی پێهات، لە تەمەنی ٢٤ ساڵان دا بۆ بێرلینو دەڕوا لە ئەنیستیتۆی شیمی ــ فیزیکاڵ ــ ئاکادیمی زانستی بێرلین وەك فەرمانبەر لەبەشی لێکۆڵینەوەدا سەرقاڵی کار دەبێ. لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا لە مێردەکەی" ئۆلێریش مێرکێل" جودا دەبێتەوە. ٣٢ ساڵان دەبێ کە دەرەجەی دوکتۆراکەی لە رشتەی فیزیك دا وەدەست دێنێ.

لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا دێتە نێوگۆرەپانی سیاسەتو دەبێتە ئەندامی حیزبی"دێموکراتیشە ئاوف برۆخ"( رۆیشتن بەرەو دێموکراسی). ساڵێك دواتر دەبێتە وتەبێژی چاپەمەنی ئەم حیزبە کە ئێستا بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پارلمانی ئاڵمانی دێموکراتیك دا، لەگەڵ دێموکرات مەسیحییەکان ئیتلاف دەکا. ١٨ی مارسی ساڵی ١٩٩٠" ئانگێلا مێرکێل"، لە دوای هەڵبژاردنێکی تارادەیەك ئازادی ئاڵمانی دێموکراتیك کەلە حاڵی هەنگاو نان بەرەو دێموکراسی دایە، دەبێتە جێگری وتەبێژی دەوڵەتی دەمریز، لە مانگی ئووتی هەر ئەو ساڵەدا ئانگێلا مێرکێل دەچێتە نێو حیزبی دێموکرات مەسیحیو چەند مانگ دواتر واتە لە ٣ی ئۆکتۆبری هەرهەمان ساڵدا ئاڵمانی دێموکراتیك بە کۆماری فیدراڵی ئاڵمان پەیوەست دەبێ. دیسامبری ساڵی ١٩٩٠ کە تەمەنی ئانگێلا دەگاتە ٣٦ ساڵ وەك نوێنەری حیزبی دێموکرات مەسیحی دەچێتە پارلمانی ئاڵمانی یەکگرتوو. مانگێك دواتر، هێلمۆت کۆڵ سەرۆك وەزیرانی ئاڵمان مێرکێلی بۆ پۆستی وەزیری کاروباری مێرمنداڵانو ژنان بانگهێشت کرد. لە ماوەی دەسەڵاتی کۆڵدا، مێرکێل بەشێوەیەك دەکەوێتە بەر سەرنجی هێلمۆت کۆڵو پشتیوانی لێدەکاو زۆرجار راگەیەنەکانیش لە زمانی کۆڵەوە"ئانگێلا مێرکێل"یان بە کچ یان کچۆڵە ناوبردوە. بەهاری ١٩٩٥ بە رەئیسی کۆنفرانسی جیهانیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەلە بێرلین دا پێك هات، هەڵبژێردرا کە لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی ژینگەو پێشگیری لە پیس بوونی هەوا دووساڵ دواتر هەر لەم پێوەندییەدا کتێبێکی نووسی.

لە ساڵی ١٩٩٨ بە بەرپرسی گشتیی حیزبی دێموکرات مەسیحی هەڵدەبژێرێو لە تەمەنی ٤٤ ساڵان دا لەگەڵ ئوستادێکی زانستگە لە رشتەی شیمی(کیمیا)بەناوی"یۆ ئاخیم زائر" ژیانی هاوبەش پێك دێنێ. لەم تەمەنەدا ئیتر کە ئانگێلا مێرکێل بووە بە سیمایەکی ناسراوو دیار، ناوی خۆی کە پێشتر ناوی مێردەکەی پێشووی بووە دەپارێزێو هەر بەناوی "ئانگێلا مێرکێل"ەوە دەمێنێتەوە.

لەساڵی ١٩٩٩دا هەڵلاو بەزمێك ساز دەبێ لەبەر ئەوەی کە بەرپرسی گشتیی ئیفتخاری حیزب، هێلمۆت کۆڵ ئامادە نابێ رابگەیەنێ ئەو دیارییانەی کە دیارە بۆ پێداویستییە گشتییەکانی حیزب وەریگرتوە، کێ‌پێی داوە؟

ئەوەدەم ئانگێلا مێرکێل بە نووسینی نامەیەکی سەرئاوالا داوا لە حیزب دەکا کە پشتیوانی پێشوو و بەرپرسی گشتیی ئیفتخاری حیزب هێلمۆت کۆڵ لە پۆستی خۆی لابەرێ.

مێرکێل لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینیدا بەرپرسی حیزبی دێموکرات مەسیحی هەڵدەبژێردرێ.

مێرکێل دەکەوێتە پێشبڕکێو دژایەتیی پیاوانی هاورێ بەبێ ئەوەی کەلە نێو ژنانو فیمینیستەکانیش دا هاورێو پاڵپشتێکی بێ. لەبەر ئەوەی کەلە دەورانی وەزارەتەکەیدا پۆستی وەزیری کاروباری ژنانو مێرمنداڵان دا هیچ سەرنجێکی نەدایە ئەو فشارە دوو لایەنانەی کەلەسەر ژنانی کارمەند بووو لە راستیش دا هیچ نیشانەیەك لە ژن بوون لە هەڵسو کەوتەکانیدا بەدی ناکرێ. هەموو کاتیش لەسەر ئەوە پێداگری دەکا کە زیاتر سەرنج دەداتە بابەتەکان، ئەوەی کە ژنە هیچ گرینگییەکی بەلایەوە نیە. لە هەڵبژاردنی گرینگی بابەتەکان هیچ رۆڵێکی نیە. بە پێچەوانەوە لەوانەیە بۆ سڕینەوەی دواین ئاسەواری ژنان بوونی خۆی لە حیزبی موحافیزەکارەکانی دێموکرات مەسیحیش توندتر دەڕوا. مێرکێل موشاویرێکی بۆ خۆی هەڵبژاردوە بە ناوی پۆرفیسۆر(پاوڵ کێرش هۆف) کە دەڵێ:"ژنان دەبێ لەماڵو بنەماڵەدا پێشکەوتنی کاریان هەبێ. ئەو مەبەستی دەبێ پەرەپێدانی دۆستیبێ نەك وەدەستهێنانی دەسەلات".

هێندێك ئەو گرینگیو سەرنج پێنەدانەی مێرکێل بە مەسەلەکانی ژنان بۆ ئەو راستیە دەگەرێتەوە کە مێرکێل منداڵی نیەو لە گیروگرفتەکانی ژنان کەلە نێوان دوو بەردئاش دا (کاری ماڵەوەو کاری دەرەوەی ماڵ) دەهاردرێ بێ ئاگایە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە سەرۆك وەزیرێکی ژن لە ئاڵمان دا بۆ ئەو ژنانەی کە بۆ بەرابەریو یەکسانی مافەکانیان هەوڵ دەدەنو باوەڕیان پێیەتی، بە شێوەیەك سەرنج راکێشە. ئانگێلا مێرکێل بە بیرو بۆچوونو هەڵسوکەوتەکانی کە بۆ بەرابەری مافەکانی دوورەگەز(جنس)یەك ناگرنەوە، توانیویەتی ئەم سەرنج راکێشیە بە تەواوی پووچەڵ بکاتەوە.

"ریناتە کۆناست" وەزیری کشاوەرزیو پشتیوانیی لە"مصرف کنندگان"ی کابینە شێرۆیدێر لە حیزبی سەوز کەلە یەکێك لەخۆشەویسترینو سەرکەوتووترین سیـــاسەتمەدارانی ئاڵمانە کە سەبارەت بە مێرکێل دەڵێ: هەموو کات نابێ بە"برچسب" لەسەر رەگەز ئیعتماد بکەین.

ئالیس شوارتزە تەنیا فمینیستێکی ناودارە کە لەم رۆژەدا لە مێرکێل پشتیوانیی دەکا. ئەو دەڵێ: گەیشتنی مێرکێل بە پۆستی سەرۆك وەزیری بۆ ژنانی ئاڵمان لە سەریەك، دەسکەوتی باشی بەدواوە دەبێو زیادی دەکاو گەیشتنی ژن بە پۆستی سەرۆك وەزیران لە ئاڵمان دا، لە راستی وەك ئەوە وایە کەلە ئامریکادا رەش پێستێك بچێتە کۆشکی سپی.

لە بەرامبەر کۆمۆنی پاریس دا لوژیکێکی بەهێزو بەناوبانگی هێنایە گۆڕێ" کاتێك ژنان مافی چوونە پای سێدارەو هەڵواسرانیان هەیە، دەبێ مافی چوونە پشت تریبوونیشیان هەبێ".

لە سێهەمی نوامبری ١٩٧٣دا ئەو ژنە بوێرو بیر مەندە چووە پای سێدارەو بە لە سێدارەدرانی تێزە مێژووییەکەی واتا" پیاوانە بوونی مافی مرۆڤ" سەلمێنرا. پێنج رۆژ پێش لە سێدارەدرانی ئەو، کۆمۆن، روحی دژایەتیی لەگەڵ ژنانی بەداخستنی هەموو ئەنجوومەن‌و رێکخراوەکانی ژنان دەرخست‌و هەڕەشەی لە ژنان کرد کە ئەگەر بێتو درێژە بە دەربڕینی نارەزایەتی‌یەکانیان بدەن، بەشداری کردنیان لە کۆنوانسیۆن‌و کۆڕو کۆبوونەوە گشتی‌یەکان‌دا یاساغ دەکا." ئالمپ دوگوش" لەگەڵ ئەوەش دا یەکێك لە رادیکاڵترین رەخنەگرانی توندوتیژی‌یەکانی حکوومەتی"رووبسپیر" بوو.

بێگومان حەرەکەتی" ئالمپ دوگوش"و هاوخەباتەکانی وەك" مادام رۆلاند" ناکرێ بە سوتفەو دیاردەیەکی تاك تەوەر دابنرێ‌و ئەم رەوتە لە سەر قەوارەی رەوتی لایەنەکانی تێگەیشتن‌و خەباتی مافخوازانەی ژنان کە لە زووەوە لە گۆڕێ دابووە، دامەزراوەو لە سەردەمی شۆرش دا پشکووتن. بۆ وێنە لە شۆرشی جەماوەریی خەڵکی پاریس لە ساڵی ١٧٨٩و دەست بەسەرداگرتنی کۆشکی باستیل دا ژنانیش بەقەرا پیاوان بەشداری‌یان کرد. بێ ئەملاو ئەولا مێژووی خەباتی مافخوازانەی ژنان بۆ وەدەسهێنانی مافەکانیان بە درێژایی مێژووی نووسراوی مرۆڤە. کەچی مێژوونووسان سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان لە یە شت دا بە کۆی دەنگ کۆکن لەسەر ئەوەی چاو لە حاند هەموو شتێك بنووقێنن کە پێوەندی بە ژنانەوە هەیە. بۆ وێنە لە سەرچاوە مێژووییەکان دا لە مەڕ قۆناغی مێژوویی سەدەکانی نێوەراست واتا لە سەدەی ١٤ ڕاتا ١٧ بە درێژی‌و تەسەلی سەبارەت بە دەسەڵاتی رەهای کلیسا وەك گەورەترین خاوەن زەوی‌و زار، بارودۆخی نالەبارو دڵتەزێنی وەرزێڕەکان، ئەنکیزاسیون، شەڕەکانی ٣٠ ساڵەو هتد نووسراوە کەچی

# سەبارەت بە چەمکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان

سیما راستین

وەرگێران لە فارسییەوە: عەلی بداغی

سەبارەت بە مافی ژنان کە ناوەندی قورسایی‌یەکەی" راوە دوونانی جادووگەرەکان" بووە، بە دەگمەن ئاماژەیەك کراوە. خاڵی یەکجار گرینگ لە بواری ئەو سەرکوتانە لە ئەساس دا پێشکەوتن‌و پێشڤەچوونە حقووقی‌یەکانی بەرچاوی ژنان لە بوارگەلی‌سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە هێندێك شوێن‌و ناوچەی ئورووپا بوو.

لە ریزی ئەمانەدا دەتوانرێ بە نەمانی مافی فرۆشتن‌و کوژرانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە، مافی هەبوون‌و دامەزراندنی بنکەو بنیادی ئابووری، مافی خاوەنێتی، مافی وەسییەت‌و مافی بەستنی گرێبەست، بەشداریی ژنان لە هەموو پیشەکان دا تا ساڵی ١٤٥٠ ئاماژەیان پێ‌بکرێ. هەموو ئەو مافانە لەلایەن دەوڵەتەوە کە خۆی ئامرازی ئەنکیزاسیون(دەزگای پشکنینی بیروباوەر) بوو، لە ژنان زەوت‌و ئەستێندرایەوە. بەم جۆرە بەخستنە ژێر رکێفی هاوسەرێتی لە پاوانی کلیساو کۆنترۆڵکردنی کێشە جنسی‌یەکان لە رێگەی یاساگەلێکی وەك نەبوونی مافی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتی بۆ ژنان، دیاریکردنی سزای مەرگ بۆ پێوەندیی ژنان لەگەڵ کەسانی جیا لە هاوسەریان‌و خستنی منداڵ، کەوتنە سەرکوت‌و توندوتیژی نواندن دژی ژنان بە مەبەستی زەوت کردن‌و ئەستاندنەوەی مافە ئابووری‌یەکانیان.

لایەنە بەرفراوانەکانی توندوتیژی‌و ئەستاندنەوەی هەر جۆرە مافێکی خاوەنێتی‌و پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان، سووتاندنی ژنانی بیریار، هونەرمەند، رۆشنبیرو ئازادیخوازو ئاگردانی بەرهەم‌و نووسراوەکانیان سەرەتا لە لێکۆلینەوە سوسیالیستی‌یەکان لە کۆتایی سەدەی ١٩و دواتر لە توێژینەوە فیمینیستیی‌یەکان لە نیوەی سەدەی بیستەم دا دەرکەوت.

لەراستی‌دا بوونی سەرکوت‌و زەبروزەنگ هەموو کاتێك نیشانەی هەبوونی ئیعترازو خۆراگری‌یە. ئەگەرکوو ژنان، نەتەوە بندەستەکان، توێژە چەوساوەکان مل بۆ ئەو بارودۆخ‌و چارەنووسە بدەن کە بە سەریان دا سەپاوەو خوازیاری گۆڕینی پێوەندی‌یەکانی نێوان خودا باڵادەست‌و عەبدە ژێر دەستەکان نەبن، بە دڵنیایی‌یەوە رەوتی سەرکوتیش لە شێوەی توندوتیژو فیزیکی‌دا بەرێوە ناچێ‌و لە شێوەی یاساو رێسای ئایینی، فەرهەنگی‌و تاهەتایی‌دا هەروا نەگۆڕ دەمێنێتەوە.

بەڵام لەوەی‌ڕا کە ملدانی (ملکەچ کردنی) رەگەزی مێ بۆ رەگەزی نێر بۆ سەردەمی پێش لە مێژووی نووسراوەی مرۆڤ دەگەرێتەوەو یەکەمین دەسەڵات‌و دەوڵەتەکان لە سەرەتای دامەزرانیانەوە، پیاوانەو لەسەر بناغەی خێزانی پیاوسالار دامەزراون، نەتەنیا رەگەزێتی ژنانەی بە تەواوەتی، بەڵکوو بە تێگەیشتنەوە هەر چەشنە رۆڵی سرووشتی ئەوەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و کلتووری کۆمەڵگادا سڕی‌یەوە.

لە هەموو سەردەمەکان دا بوونی یاسا توندوتیژەکانی حکوومی‌و ئایینی‌لە ژێر ناوی پاراستنی بنیادی خێزان، تەواو رووی لە سەرکوتی سیستماتیکی ژنان‌و رێگەپێنەدان بەهەر چەشنە ئازادی‌یەك بۆ ژنان بووە. هەبوونی ئەو یاسا گەلەو نەریتە نامرۆڤایەتی‌یانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە رەوتی مل کەچکردن بە ژنان‌و چەوساندنەوەیان‌و پاراستن‌و بەردەوام بوونی ئەم رەوتە ئەوەندە ساناو ئاسان نەهاتۆتە دی‌و تەنیا بە زەبری کەرەسەکانی سەرکوت‌و زەبروزەنگی حکوومی، دینی‌و کلتووری چەسپاوە.

ئەگەر دیسانەکەش بۆ کەمێك دواتر



كلارازێتكین ژنه خەباتكاری ئاڵمانی

بگەڕێینەوە، لەسەردەمی زۆر كۆن دا سەرەڕای بندەستەكردنی ژنان لە هەموو بوارە كۆمەڵایەتی‌یەكان دا دەبینن، لەوەڕا كە دەوڵەتە عەنتیكەو كۆنەكان بەقەد دەوڵەتەكانی سەردەمی ئێستا تەیار بە توندوتیژی سیستماتیكی دەوڵەتی نەبوون‌و بەتایبەت لە بنەڕەت دا هەر دەسەڵاتێكی نادینی بوون، بندەستەیی‌و چەوساندنەوەی ژنان زۆرتر لەلایەن بنەماڵەو عەشیرەوە بەڕێوە دەچووو جارجارەش دەرەتانی تیشكێك ئازادی بۆ نێوماڵ دەرەخسا. زۆر لە ژنان لەو دەرفەتە بچووك‌و ئیمكاناتە كەمانە كەڵكیان وەرگرتووەو خۆیان لە فێربوونی زانست‌و بوارەكانی دیكەدا تاقی كردۆتەوە لەساڵی ٣٦٥ی پێش لە زایین تا ساڵی ٥٢٩ی زایینی كە ئاكادیمیای فەلسەفەی ئەفلاتوون‌و ئەرەستوو لە گۆڕێ دابووو ناوی ئەو فیلسووفانەی خاوەنی كتێب‌و تیۆری بوون،تێیدا دەنوسرا، ناوی زیاتر لە ٥٠ ژنی فیلسووف لەو ئاكادیمیایەدا تۆمار كراوە. زۆربەی بەرهەم‌و نووسینەكانی ئەو ژنە فیلسووفانە لە قۆناغی دواتری دەسەڵاتی كلیساو سەركوتی ژنانی ئازادیخوازو پێشەنگ لە ژێر ناوی جادووگەردا سووتێندران. مەبەستی من لە ئاماژە بەو خاڵە مێژوویی‌یانە نەناوبردن‌و ئاماژە كردن بە ژنانی ناسراو لە مێژوو، بەڵكوو تیشك خستنە بۆ سەر چوار خاڵ:

یەكەم: ئەوەی مێژووی خەبات‌و خۆڕاگریی ژنان لە بەرامبەر سیستمی تەواو ناعادیلانەو سەركوتگەری پیاوسالاری بە شۆرشەكانی بۆرژوایی دەستی پێنەكردوە.

دووهەم: ئەوەی كە ئیعترازو نارەزایەتی‌یە جەماوەری‌یەكانی ژنان واتا ئەم ویست‌و داخوازی‌یانەی كە لەلایەن جەماوەریی ژنانەوە پشتیوانیان لێكراوەو لە مێژوودا ئاماژەی پێدراوە، بۆ سەردەمی لووتكەی شۆرشە بۆرژوایی‌یەكان دەگەڕێتەوە.

سێهەم: ئەوەی كە لە سیستمی پیاوسالاری‌دا نەتەنیا دەسەڵات لە خێزان دا بەڵكوو لە سیاسەت، كلتوورو هونەریش دا لە پاوانی پیاوان دایە، پێنوسیش لە دەستی مێژوونووسانی پیاو دابووە. ئەو بێدەنگی‌و كپ بوونە مێژوویی‌یە تەنانەت لە سەردەمی ئێستاش‌و بگرە لە پێشكەوتووترین شوێنی جیهانیش دا كەم تا كورتێك هەر هەیە. بەو حاڵەش بۆ باسكردن لەسەر پرسی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان پشت بەستن بە مێژووی بەردەممان پێویستە.

چوارەم: ئەوەی كەلە هەموو شۆرشێك داو بەتایبەت كۆمۆنی پاریس كە بەشانازی مێژوو دەژمێردرێ، بەشداریی ژنان لە شۆرش‌و قوربانیدان دڵخوازو ئازاد بووە، بەڵام هەركات ویست‌و خواستە دیاریكراوەكانیان هێناوەتە بەرباس، سەركووت كراون.

"مێری ولستون كرافت" لە بریتانیا لە كتێبێك دا لە ژێر ناوی"لە پێناو داكۆكێكردن لە مافی ژنان" لە ساڵی ١٩٧٢ لە ژێر كاریگەریی شۆرشی مەزنی فەرانسەو سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ژنان لەو وڵاتەدا داخوازی‌یەكانی مافی فێربوون، مافی بەشداری لە كاروباری سیاسی‌و پاراستن‌و لەبەرچاوگرتنی مافی ئینسانی سەربەخۆ بێ‌لەبەر چاوگرتنی رەگەزی هێنایەگۆڕێ. بزووتنەوەی سەرەكیی ژنان لە ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی"ئانگلیناو سارا كرایمك" لە بزووتنەوەی دژی كۆیلەداری‌یەوە ئیلهام‌و سەرچاوەی دەگرت‌و رزگاری‌و سەربەستیی كۆیلەكانی نێوماڵ‌و خێزانی كردبووە بنەمای داخوازی‌یەكانی(١٨٢٠).

"ئیما هارت" یەكەمین قوتابخانەی كچانی لە ماڵی خۆی‌دا كردەوە. لوتكەی بزووتنەوەی ژنانی ئەمریكا خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو كە سەرەنجام لە ساڵی ١٩١٨دا پەسند كراو چەسپا. یەكەمین نیشانەكانی فیمینیستی نوێ لە چالاكی‌و نووسینەكانی نووسەری بەناوبانگ"بتی فریدان" لە كتێبی "شێتی ژنان" لە ساڵی ١٩٦٣دا دەركەوت. بتی فریدان گۆڕانێكی یەكجار گەورەی خستە نێو ئەندێشەو هزری ژنانی ئەمریكاو بیروڕای گشتی ئەو وڵاتەوە. ئەو لەگەڵ هەزاران ژنی ئاسایی لە ئامریكا كە خانوو، ماڵ‌و حاڵی شیاوو ژیانی دابینكراویان هەبوو، وتووێژی كرد.زۆربەی ئەو ژنانە خۆیان بە دۆڕاوو فەوتاوو هەروەها لە بواری كۆمەڵایەتی‌یەوە خۆیان لە پەراوێزدا هەست پێ‌دەكرد.

بتی فریدان ئەو باسەی لە ژێر ناوی" كێشەی بێ ناو" كۆبەندی كردو تێزو تیۆری‌یەكی بەو بنەماو پێناسەیە هێنایەگۆڕێ كە گرفتی سەرەكیی ژنان لە وەدینەهاتنی نیازە دەروونی‌یەكانیان دایەو ئەو ئاستەنگە خواستە جنیسی‌یەكانی ئەوان سنووردارو بەرتەسك دەكا. "بتی‌فریدان پەی" بە كێشەی سەرەكیی ژنان، واتا"دیل بوونی رەگەزایەتی" یانی نەبرد.هەر بۆیەش هەم ئەوو هەم" سیمۆن دوبواریش" كە بە نووسینی كتێبی"رەگەزی دووهەم" شەپۆلێكی لەجموجۆڵی‌یەكانی فیمینیستی‌دا وەرێ خستبوو، لە پۆلین‌بەندیی فیمینیسم دا لە چوارچێوەی فیمینیسمی خۆپارێز"محافظەكار"دا جێ‌دەگرن. چونكی هەر دووكیان سەرەڕای شارەزابوونیان لە دەروونناسی ژنان بە جۆرێك لە تاكێتی"فەردییەت"ی هەر ژن‌و یاخۆ ئیمكاناتی دیاریكراو تایبەت بەبوونی مرۆڤی دا بە شوێن رێگە چارەو وەڵام دانەوەدا دەگەڕێن.

شەپۆلی دواتری فیمینیسم كە بەجۆرێك بۆتە ماكەو چاوگەی هزریی هەموو رێكخراوەكانی ژنان، بەچاوی رەخنەوە روانییە بزووتنەوەی فیمینیسی پێشوو،و ئەوەی هێنایە گۆڕێ كە هەموو داخوازی‌و ویستەكانی ژنان بە بەشداریی پیاوان‌و لە چوارچێوەی خەباتی گشتی‌و هەمەلایەنە لە پێناو مافی مرۆڤ، یەكسانی ئابووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی‌و حقوقی بووە. ژنان مافەكانیان لە پیاوان داوا دەكەن

پیاوانیش ئەو بەشەی زەرەری بۆ پەز نیە پێیان دەبەخشن. فیمینیستە رادیکاڵەکان ئەو جۆرە لە خەباتە، بە هاتنەدەر لە بەرگی کۆیلەی بەسراوەو چوونە نێوبەرگی کویلەی سەربەست پێناسە دەکەن. هەر بۆیەش فیمینیسمی سەربەخۆیان بنیات نا. فیمینیسمی سەربەخۆ(رادیکاڵ) بەدوای شێوازگەلی خەباتی تایبەت بەخۆو گونجاو لەگەڵ دەروونییاتی ژنانەو نایهەوێ شێوازی خەباتی پیاوانە بگرێتە بەرو رەچاوی بکا. بەر لە هەموو شتێك ژنان دەبێ خۆیان لە ژێر کارتێکەریی مێژوویی پیاوان کە بۆتە ئوستوورە، دەربازبکەنو خۆیان ببیننەوە. ئەو جودا خوازییە شێوەی جۆراوجۆری گرتە خۆی. بەشێك لە فیمینیستەکان ئەوەیان بە ستراتیژییەکی کاتیو لە کاتی تێپەربوونو لە هەمان کات دا یەکجار پێویست بە مەبەستی وەدەست خستنی دەسەلاتو تێگەیشتن لەگرینگی هاوپێوەندیی ژنان دەبینی. بناغەی هەرجۆرە پێوەندیو چالاکییەکی هاوبەش لە داهاتوودا دەبێ"خوشکانە"و هاوپێوەندیی ژنان بێ. بۆ هێندێتر لەوان ئەو سەربەخۆییە بەمەبەستی کۆبوونەوە لە دەوری یەکتریو گرتنەبەری ستراتیژییەك بەبێ ئامادە بوونی پیاوانو بڕیاردانی ئەوانە.

فیمینیستی سەربەخۆ تایبەتمەندییەکی دیکەی هەر لەگەڵ پێناسە کردنی خۆی بووە، ئەویش کەڵك وەرگرتن لە مێتۆدی لێکدانەوەی مارکسیستی لە لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیو ئانتاگونیسمی چینایەتی بۆ شرۆڤە کردنی دژبەرییەکانی نێوان دوورەگەز. پێشەنگەکانی فیمینیسمی سەربەخۆو پشت بەستوو بە لێکدانەوەی مارکسسیستی بریتین لە"کتەمیلت، شولامیت فایرستونو جولیت میشیل".

کتەمیلت بە نووسینی کتێبی"رەگەزێتی سیاسی" لە ساڵی ١٩٧٠دا بزووتنەوەی فیمینیستی دەیەی ٧٠ی ئامریکای خستە ژێر رکێفی خۆی. کاکڵی بۆچوونەکانی کتەمیلت دەکرێ ئاوا کورت بکرێتەوە کە کاپیتالیسم بنەمای هێزو دەسەڵاتی سیاسی نیە بەڵکوو پیاوسالاری، هەڵکشانی پیاوان بۆ توێژی باڵادەستو سەرکوتی ژنی لێدەکەوێتەوە. کاپیتاڵ کەرەسەری گەرەنتیی باڵادەست بوون نیە بەڵکوو ئەوە کلتووری مەزنخوازی رەگەزی پیاوە. ئەو بەشە لە فیمینیستەکان کە هیوا براوو تەما براو لەوادەو بەڵێنەکانی سوسیالیسم لە چارەسەری کێشەی ژنان دا بوونو بە شوێن ئیدەو ستراتیژی سەربەخۆی ژنان بۆ رزگاریی ژنان عەوداڵ بوون، لە سەرەتادا نەیاندەتوانی خۆیان لە بیری مارکسیستیو وەلانانی ئەو سیستمە دەرباز بکەنو کەوتنە تێکەڵکردنی ئیدئۆلۆژیەکان.

جێکەوتووییو گەشەی تیئۆری فیمینیسمی سەربەخۆ لە پێکەوە گرێدانی گونجاوو پێویستی خەباتی چینایەتیو کۆمەڵایەتیو خەباتی سەربەخۆی ژنان بۆ رزگاریی رەگەزی مێ دژی سیستمو یاساو کلتووری باوك سالاریدا خۆی دەبینێتەوە. بۆ هێندێکیش فیمینیسمی سەربەخۆ تا ئاستی دژایەتیکردنی پیاو دەچێتە پێش. لە خەباتی فیمینیسیدا وەك هەموو شێوازەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی، کلتووریو نەتەوەیی لایەنەکانی زێدەرۆییو هەر بەلادا نەچوون(افراطء تفریط) دەوردەبینن. بە کورتی بە خوێندنەوەی مێژوو دەتوانین بەو کۆبەندیو ئاکامە بگەین کە رێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە ناخو هەناوی خەباتی کۆمەڵایەتیو یەکسانیخوازی لە مێژینەی ژنان دا وەك پێویستییەکی مێژووییو بێ ئەملاو ئەولا لە دایك بوو.

# مافی ژنی عاشق

وەرگێڕان لەفارسییەوە: کوێستان

بە پێی یاسای ئێران ژنێك کە خۆشەویستی بکا، هەمیشە ژیانی لە مەترسیو لە چاوەڕوانی سزادایە.

ئەگەر پێوەندی خۆشەویستییەکەی لێ ئاشکرا بێ، بە شەرتێك نەگەیشتبێتە کاری جینسی، سزاکەی ٩٩ زەربە شەللاقە (مادەی ٦٣٧ یاسای سزای ئیسلامی).

بەڵام ئەگەر ژنەکە لەوەی تێپەڕاندبێ واتە کاری جینسی لەگەڵ خۆشەویستەکەی کردبێ، دوو جۆر سزا هەڕەشەی لێدەکەن:

١ـ ١٠٠ زەربە شەللاق

٢ـ سەنگسار (بەردەباران)

بە پێی ماددەی ٨٨ی یاسای سزای ئیسلامی ئەگەر ژنە عاشقەکە کاری جینسی لەگەڵ خۆشەویستەکەی کردبێ، بەڵام سەڵت، یا مێردی بووبێ بەڵام دەسڕاگەیشتن بۆ پێوەندیی جینسی بە مێردەکەی نەبووبێ، بە ١٠٠ زەربە شەللاق مەحکووم دەبێ.

بەڵام ئەگەر مێردی هەبێو هەمیشە لەلای بێو ئیمکانی ئەوەی هەبێ پێوەندی ژنو مێردایەتییان هەبێ، بەڵام کاری جینسی لەگەڵ کەسێکی جیا لە مێردەکەی (خۆشەویستەکەی) بکا، سزاکەی سەنگسارە. (ماددەی ٨٣ی یاسای سزای ئیسلامی).

بە پێی ماددەی ١٠٢ی هەر ئەم یاسایە:"پیاو لە کاتی سەنگسار تا نزیك پشتێن (کمر)، ژنیش تا نزیك سینگی دەخرێتە قووڵکێکەوەو پاشان رەجم دەکرێن".

ئەگەرچی سزای"زنا"و بەردباران (رەجم) بۆ ژنو پیاو وەك یەك دانراوە، بەڵام لە کردەوەدا هەر ژنان سەنگسار دەکرێنو زۆرجار پیاوان سەنگسار ناکرێن، بۆ نموونە تاوانی پیاوی زیناکار ئەگەر لەگەڵ ژنێك هاوجێیی کردبێ کە سەڵت بووبێ، پیاوی سەڵتو خێزاندار بە دروست کردنی مارەنامەی شەرعی دەتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە ئەو ژنە مارەکراوی خۆیەتیو خۆی لە سەنگسار رزگار بکا.

چەند هاوسەری لە یاسای ئێراندا مافی پیاوانە، پیاوان دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لەو مافەو دانی بەرتیل، مارەنامەی تەزویر دروست بکەنو خۆیان لە سزا رزگار بکەن. بەڵام ژنانی مێرددار لەم جۆرە دەرفەتە شەرعییانە بێبەشن چونکە چەند هاوسەری بۆ ژنان قەدەغەیە، لە ئاکامدا ئەوە ژنانی هاوسەردارن کە سەنگسار دەکرێنو پیاوانی هاوسەردارو زیناکار لە سزادان رزگاریان دەبێ.

ئەوە یەکێکە لە یاداشتەکانی خانمی مێهرانگیزکار لە بارەی وەزعی حقووقیی ژنان لە ئێراندا.

سەرچاوە: سایتی Mehrangiz kar

# دێموکراسی خوازی ئێمه و بزووتنەوەی ژنان

نووسینی: سۆهەیلا وەحدەتی
وەرگێڕانی: هیوا میرزایی

کاتێك له وڵات دا که هەست به پێویستی باشترکردنی سیستەمی تلێفۆن کرا، بەرپرسان‌و پسپۆڕانی وڵات بەدوای پێشکەوتووترین‌و نوێترین سیستەمی تلیفۆن وەك تیلفۆنی بێسیم(موبایل)دا دەگەڕێن‌و له هەوڵی دروست کردن‌و بنیات نانی پێویست بۆ ئەم کارەن.

دیارە ئەم کارە بۆ هەموو کەس روون‌و ئاشکرایە که ئەم پسپۆڕانه له دوای دوایین سیستەمی تلێفۆن‌و تیکنۆلۆژی نوێ لەم بوارەدا بن‌و جێگای سەرسووڕمان دەبوو. ئەگەر بێجگه لەمه بووایه بۆ نموونه وەدوای هەوڵێن تلیفۆن دەکەوتن که گێراهام بێل درووستی کرد بوو.

بەڵام کاتێك که بەدوای دێموکراسی داین، سەرەتاییترین‌و بنەڕەترین پێناسەی وەردەگرین‌و پێشکەوتنی چەمکی دێموکراسی لەم دووسەدەی دواییدا لەبەر چاو ناگرین. زۆربەی هەرە زۆری سیاستڤانانی ئێمه به شوێن سەرەتاییترین نموونەی دێموکراسی له جیهانی پێشکەوتوو که پێوەندی به دووسەد ساڵی پێشووەیە دەرۆن‌و جێگایەك بۆ ژنان له دێموکراسی، نادۆزنەوەو ئێمەیش هیچ دژکردەوەیەك نیشان نادەین، له کاتێکدا ئەگەر باس له کڕینی سیستەمی تلیفۆن‌و دەزگای پێوەندیگرتن بووایە، هەموومان له بەرانبەر کڕینی تکنولۆژی کۆن که پێوەندی به دەیەکانی پێشوو هەیە. دژ کردەوەمان نیشان دەدا.

بزووتنەوه کۆمەڵایەتییەکان له سەدەی رابردوودا نەتەنیا، هۆشیاری، بەڵکوو هاوکات ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانیشیان ئەوەندە گەشە پێداوە که ئەمرۆ دێموکراسی بەبێ بەشداری ژنان شتێکی نەگونجاوە.

دێموکراسی له پێناسەی سەرەتایی مافه سیاسییەکان بۆ هەموو هاوەڵاتیانی پیاوی دەوڵەمەند به پێناسەی بەربڵاوی مافه سیاسی ، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەکان بۆ هەموو هاوەڵاتیان بەبێ هیچ جیاوازییەك لەسەر بنەمای بیروباوەڕ، رەگەز، زمان، سامان‌و رەگەزو تایبەتمەندییەکانی تاکو کۆمەڵایەتی گەشەی کردوەو باسە نوێیەکان له بارەی دێموکراسییەوە زۆرتر لەسەر مودیلەکانی پراکتیك بۆ جێبەجێ کردنی ئەم چەمکە نوێیە، باس لەسەر چەمکی دێموکراسی تەنیا بۆ پەرەپێدان‌و گشتگیرکردنی دەکرێ. بۆ وێنه ئەمرۆ چەمکی دێموکراسی بۆ پاراستن له مافەکانی هاووڵاتییان زیاتر چۆته پێش‌و مافی هاووڵاتییانی داهاتوویش لەبەر چاوگیراوەو پاراستنی ژینگه بۆ نەوەکانی داهاتوو له مەسەله جێگای سەرنجو بەرچاوەکانه له وڵاتانی دێموکراتیك دا.

بەڵام له وڵاتانی له حاڵی پەرەسەندن دا وەك وڵاتی ئێمه که هێشتا تێگەیشتن‌و ویژدانی کۆمەڵایەتی به رێژەیەکی تەواو گەشەی نەکردوە، جیاوازییه




جۆراوجۆرەکان لەسەر بنەمای، رەگەز، بیروباوەڕ، مەزهەب‌و زمان‌و تایبەتمەندییەکانی‌تر زۆر باوەو له هێندێك خاڵدا یاساییە. تێگەیشتن له چەمکی دێموکراسی زۆر سەرەتاییانه بووەو گۆڕان له چۆنایەتی لەبەرچاو نەگیراوە، لەبەراورد لەگەڵ نموونەی سیستەمی تەلیفۆن دا دەتوانین بڵێین که هێندێك جار رۆشنبیرانی ئێمه ئەم مودیله دێموکراسییە سەرەتاییە که دەزگای سازکراوی گراهام بێل زۆر نزیکه، دەکڕن‌و زەحمەت به خۆیان نادەن تا سیستەمی تەلیفۆنی پێشکەوتوو که بەرهەمی تکنۆلۆژی نوێیە له بازاڕدا وەدەستی بێنن. لەبەر ئەوەی فێربوون سەبارەت به چەمکی دێموکراسی، وێڕای تێگەیشتن سەبارەت به هەلومەرجی سەرهەڵدانی دێموکراسی‌و خوێندنەوەی کلاسیکەکان لەم بوارەدا دەس پێدەکاو رەوتی گەشەکردنی لەدوو سەدەی دوای کەمتر لەبەر چاو گیراوە.

بەڵام راستی کاریگەری ئەم بزووتنەوانه لەسەر کۆمەڵگای ئێمه پێویستی تێگەیشتنی چەمکی نوێی دێموکراسی بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێ. جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان له رۆژئاوادا چەمکی دێموکراسیان گەشه پێداوەو سنوورەکانی رەگەز، بیروباوەڕ، سامان‌و زمان‌و زۆر تایبەتمەندی دیکەیان تێك شکاندووەو کاریگەرێکی زۆریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی له هەموو وڵاتانی جیهان داناوەو رەوتێکی له گەڕان نەهاتوویان له هەموو جیهان دا دەست پێکردوە. بۆ وێنه ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەبزووتنەوەی ژنانه، که ئێستا یەکێك له گشتگیرترین‌و بەهێزترین بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانه له سەرانسەری جیهان دا. بزووتنەوەی ژنان نەتەنیا له بیاڤی پراکتیك زۆر هەنگاوی بەرچاوی ناوە، بەڵکوو، پێشکەوتنی لەم ماوە کورتەدا به رێژەیەك بووە که به خۆشییەوە ئەمرۆ کۆمەڵگای مرۆیی وەدیهێنانی مافی ژنان جێبەجێ نابێ چونکه دێموکراسی به مافی مرۆڤەوە بەندەو"مافی ژنانیش" مافی مرۆڤه، بەم هۆیەوە رێژەی بەشداری ژنان له پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دا پێوەری رێژەی گەشەی دێموکراسی له کۆمەڵگادا ناسراوە هەر لەم پێوەندییەدا، هێندێك له دەوڵەتان رێکخراوە نادەوڵەتیەکان‌و نیهادە نێونەتەوەیەکان بەدانی بودجەو هەوڵدانی زۆر بۆ باشتر کردنی وەزعی ژنان تێدەکۆشن. دەتوانرێ

گەشەی جیهانی بزووتنەوەیی ژنان لە دوو روانگەی گشتی‌یەوە چاو لێ‌بکرێ.

یەکەم: بەهێندنەگرتنی وەزعی ژنان‌و ناسینی مەسەلەکانیان‌و هەوڵدان بۆ باشتر کردنی وەزعییەتی ئەوان.

دووهەم: بردنەسەری رێژەی بەشداری ژنان لە هەموو بوارەکان دا هەر لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و ئابووری‌یەکانەوە بگرە هەتا فەرهەنگی‌و هونەری، ئەم دووبیاڤە وەکوو مریشک‌و هێلکە، بازنەیەک دروست دەکەن کە هەریەک بۆ گەشەی ئەوەی دیکە پێویستە.

تێگەیشتنی ئێمە لە دێموکراسی بەرادەیەک سەرتایی‌یە کە بەهێند گرتن هیچ یەک لەم دوو بیاڤە بە بایەخەوە چاولێ‌ناکرێ‌و زۆربەی هەرەزۆری رۆشنبیران‌و هەڵسوڕاوانی سیاسی لە نێو دەسەڵات ڕابگرە هەتا"بەرهەڵستکارانی دەرەوەیی وڵاتیش" لەم شتە جیاواز نین.

سیاستڤانان لە وڵاتی ئێمەدا، لە پاوانخوازانەوە بگرە هەتا ڕیفۆرمیست‌و دێموکراسی‌خوازەکان‌و لایەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێشتا بزووتنەوەی ژنانیان بە هێند نەگرتووەو بایەخدان بە کێشەی ژنان زۆرتر بۆ پاراستنی ڕواڵەت‌و بە مەبەستی ڕاکێشانی دەنگی سیاسی ئەوانە کە تەنانەت لە کردەوەش دا هیچ دەربەستێک لە بەرانبەر دەنگی ژنان دا هەست پێ‌ناکرێ، بەو مانایەی کە سیاستڤانان نە کێشەو خواستی ژنان لەبەر چاو دەگرن‌و نەبۆ بەشداری کردنی ژنان لە ئاستی کارگێریش دا، ئۆگرییەک نیشان دەدەن. خواستەکانی ژنان لە مودێلی دێموکراسی رۆشنبیرانی ئێمە کەمترین گرینگی پێ‌دراوەو هەرکات باسکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی سیاسی لە ئارادا بێ مافی ژنان سەرەکی‌ترین قوربانی باس‌و لێدوانەکانە کە بێ‌کەمترین راوێژ لەسەر رۆیشتنێک دەبێتە قوربانیی‌و فیدا دەبێ.

کارکردی دەوڵەتی ئاغای خاتەمی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەمە ئاغای خاتەمی لە کاتی سەرکۆماری خۆی‌دا نە وەزیرێکی ژنی هەڵبژاردو نە وەزارەتی کاروباری ژنانی دامەزراندووەو ژنانیش لە ئاستە سەروکانی کارگێری لە دەزگای دەوڵەت دا بردەسەرەوە.

لەبەرچاوگرتنی ژنان لە لایەن دەوڵەتی ریفۆرمخوازە کە بەرادەیەکی زۆر بەرچاو بەدەنگی ژنان هاتە سەر کار بە بودجەیەکی کەم بۆ هەڵسووڕانی ڕواڵەتی‌و شانۆیی ناوەندی بەشداری کردنی ژنان کۆتایی پێ‌هات کە بەرپرسەکەش، بەرپرسی پاراستنی هەموو کارە ڕواڵەتەیی‌کانی پاوانخوازان بوو. لەوەش گەرێین کە بەداخەوە تەنانەت هەر ئەو دەسکەوتە کەمانەی دەوڵەتی ئاغای خاتەمیش بە تەواوی بۆ ژنان جێگیر نەبوون بە گۆڕانی بەرپرسایەتی دەوڵەتیش لە حاڵی لە نێو چوون دایە.

ئەمرۆ سەرنجی دۆستانی ئەدەب‌و هونەر بۆ ژنان سووروپێ‌داگرتوە لە سەرنجی سیاستڤانان‌و ئەویش لەوانەیە لەوە سەرچاوە بگرێ‌کە ژنان بەشدار خۆیان لە بیاڤی ئەدەبیات‌و هونەردا کردوە بە راستێکی حاشا لێ‌نەکراو. بەڵام لە بیاڤی سیاسەت دا، نە ژنان بەشدارێکی راستەقینەیان هەیەو ئەویش کە بوون‌و بەشداری ژنان لەگەڵ کێشەکانیان تەنانەت لەلایەن دێموکراسیخوازانیشەوە بەهێند وەرنەگیراوە. بزووتنەوەی ژنان بە شێوەی خۆڕسک‌و گشتگیر دەستی پێ‌کرووەو لە نێوماڵ‌و بە ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی بنەماڵە بەرەو پێناسەی پێک هاتە نوێ‌یە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگییەکان بەرەوپێش دەروا. ئەم بزووتنەوەیە بە رێژەیەک بەربڵاوو گشتگیرە کە توانای یەک ریزی نیەو رێبەریش وەرناگرێ، هەرچەند گەشەکردنی ئەم بزووتنەوە بەردەوام‌و بەدڵنیاییەوە لە گەڕان نەهاتوە. هەلومەرجی ئێستای وڵاتەکەمان‌و بەربەستەکانی ئێستا، کۆسپێکن کە گەشەی سیاسی بزووتنەوەیی ژنانیان وەدواخستوە، بزووتنەوەی ژنان بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە هێشتا گەشەی سیاسی نەکردوە. خەباتی سەرکیی‌یان لە بواری کۆمەڵایەتی دایەو هەرچەند داواکاریی‌و خواستی سیاسی هەیە، بەڵام نوێنەرایەتی سیاسی نیە، لە هەمان کاتیش دا بە ترسەوە دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوەی ژنان جێگای وای داگیرکردوە کە گەرنت گەشەکردنی بزووتنەوە دێموکراسی خوازی‌یەو بە ترسەوە دەتوانین بڵێین کە گروپەکان تەشکیلات‌و کەسانی هەڵسووڕی سیاسی‌و دێموکراسیخواز، هێشتا نەتەنیا لە تێگەیشتنی راستی ئێستاو پۆتانسێلی گەورەی بزووتنەوەی ژنان وەدواکەوتوون، بەڵکوو بۆ هاوئاست بوون لەگەڵ ئەم هێزە گەورەیە لە داهاتوویش دا ، بە هیچ شێوەیەک ئامادەیان نیە. بەداخەوە مەترسی ئەوش هەیە کە هەڵەکانی رابردوو لە داهاتوودا دیسان دووپات بکرێتەوە. ئەم دڵەراوکیە لەبەر ئەم چەند هۆیە گرینگن، وەک ئەوەی کە ئاماژەی پێ‌کرا چالاکە سیاسیەکانی ئێمە لە گەنجەوە بگرە هەتا بە ئەزموون، چەمکی ئەمرۆی دێموکراسی لەبەر چاو ناگرن‌و گرینگی‌و لەبەرچاوگرتنی مافی ژنان، رۆڵی ژنان لە پەرەپێدانی ئابووری‌و سیاسی‌و پێگەی ژنان لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی دێموکراتیک دا ، کاریگەری بەرانبەری باشتر بوونی وەزعی ژنان‌و پەرەپێدان‌و رێژەی کاریگەری گەشەی ئەم جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە لە بزووتنەوە سیاسییەکانی داهاتووی وڵاتەکەمان پاساو نادەنەوەو پێش بینیش ناکەن.

ئەمرۆ لە هەورازو نشێوی جوڵانەوەی دێموکراسیخوازی‌دا، بەرە سیاسییەکان دروست دەبن‌و یەکگرتنەکان دەکەونە بەرباس‌و راوێژ. بەڵام لە هەموو ئەم معادلە سیاسییانەدا جێگایەک بۆ ژنان نیەو جێی بەشداری کارگێری ژنان‌و نوێنەرایەتی سیاسی ژنان بە تەواوی بەتاڵەو بایەخ نەدان بە کێشەی ژنان‌و بەرنامەی سیاسی بۆ باشترکردنی وەزعیەتی ژنان روون‌و ئاشکرایە. خاڵی بنەرەتی کە لەگەڵ چەمکی راستەقینەی دێموکراسی یەک دەگرنەوە ئەوەیە کە بەبێ بەشداری‌و بوونی کاریگەری ژنان، بزووتنەوەی دێموکراسی خوازی لە وڵاتی ئێمەدا سەرناکەوێ، ئەم راستی‌یە دەتوانین لە راستیی کۆمەڵگای ئەمرۆی ئێرانیش دا بە روونی ببینین. بزووتنەوەی ژنان بە هەر هەنگاوێکی خۆی،رەوتی دێموکراسیخوازی بەرەو پێش دەبا، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە بەشی تێگەیشتووی جوڵانەوەی دێموکراسیخوازی وڵاتەکەمان بە لەبەر چاوگرتنی پێویستی وەدیهاتنی مافەکانی ژنان‌و بوونی کاریگەری ئەوان لە کۆمەڵگای دێموکراتیک دا خواستەکانیان لەبەر چاوبگیردرێ‌و رێگا بۆ بەشداریی ژنان هەموار بکرێ تا هاوشان ژنان‌و پیاوان پێکەوە، بواری پێویست بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی لە وڵاتەکەمان پێک بێنن.

# ژن له روانگەی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاواوه

## جان استوارت میل، فیمینیست ئازادیخواز

نووسینی: سوزان مولر اکین
وەرگێرانی بۆ فارسی:ن. نوریزاده
مونترال

وەرگێران: ئەمیر سەرڕووتی

(بەشی دووهەمو کۆتایی)



mill-taylor.

جیمیز میل

"جیمیز میل"( باوکی جان استوارت میل) لەسەرچاوەیەکی خۆیدا بەناوی "حکوومەت" کە لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی تاك ئامادەکراوە، هەر بەو رادەیە گرینگی بە تاك دەدا کە"هابز"و"جان لاك" گرینگییان پێدەدا. هەموویان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەبێ ئامانجو مەبەستی حکوومەت لە چوارچێوەی دابینکردنی زۆرترین بەختەوەریو کەمترین زەرەر بۆ خەڵك بێ.

بنچینەی هەڵسەنگاندنی"جیمیز میل" لە حکوومەتی هەڵبژێراو ئەوەیە کە مرۆڤەکان خوازیاری ئەوەن کەبە وەدەستهێنانی دەسەلات بەسەر هاورەگەزەکانیاندا، کارێکە لەسەر بنەمای "یاسای سروشتی حکوومەتی" دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن. ئەگەر دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ خەڵك ئامانج بێ، ئەوان بێ هیچ گرفتو ناراحەتێك لەم دەسەڵاتە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیو بەختەوەری خۆیان پێشوازی دەکەن.

"جیمیز میل" لە ئاکام دا دێتە سەر ئەو بڕوایەی کەلە حکوومەتی هەڵبژێراودا. نوێنەران سەبارەت بە وەدەستهێنانی دەسەڵات خۆیان بە قەرزداری کۆمەڵگا دەزانن، کەوابوو بەرژەوەندی ئەوان ناتوانێ جیا لە بەرژەوەندی خەڵكو کۆمەڵگا کە دژ بە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانن بێ.

"جیمیز میل" سەبارەت بە حکوومەتی هەڵبژێراو ئاماژە بە هێندێك ئاستەنگو پوانگەن بە شێوەی خوارەوە دەکا.

شتێك کە زۆر روونە، هەموو ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندیان لە تاکەکان دا هەیە، لەوانەیە لە حکوومەتێکی هەڵبژێراودا هەموو ئەو بەرژەوەندیانە بەبێهیچ دەردەسەریەك لابچنو نەبینن.

بۆ وێنە قازانجو بەرژەوەندی منالان لە تەمەنێکی دیاریکراودا ئاوێتەی بەرژەوەندی باوکیان دەبێو هەروەها بە بەرژەوەندی ژنانیش بەبەرژەوەندی باوك یا شووەکانیان گرێدراوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە پیاوان حکوومەتی هەڵبژێراو بەهۆی بەرژەوەندی خۆ بەزل زانینیان دادەڕێژن. لێرەدا"جیمیز میل" بۆچوونی خۆپەرەستانەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە کەلە حکوومەتی هەڵبژێراودا بەرژەوەندی بەختەوەری خەڵك لەبەر چاو دەگیرێ لە بیر دەکاو بەرژەوەندی ژنان بە شێوەیەکی مەسڵەحەتی بۆ پیاوان لەبەر چاو دەگرێ.

ئاشکرایە کە"جیمیز میل"وەك"هابز"و"لاك"و ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە ڕەسەنایەتی تاکو لیبرالیزم هەیەو بەپێی بۆچوونەکانیان بەناچار شەرعیەت بە بنەماڵەی باوکسالاری دەبەخشن دەکەوێتە ژێر گوشار.

ناروونی بنەرەتی کە نەتەنیا لەسەر ئەم سێ فەیلەسووفە بەڵکوو زۆربەی زانایانی لیبراڵی سوننەتیش دەگرێتەبەر ئەوەیە کە ئەوان لە جێگای ئەوەکە بە پێی بڕوای خۆیان باس لە ڕەسەنایەتی تاك وەك بەشێك لە سیستمی سیاسی بکەن، زیاتر باس لە زاڵبوونی ڕۆڵی پیاو دەکەن. بە واتایەکیتر لە شوێنێك کە قازانجو بەرژەوەندی پیاوان لە چوارچێوەی سیاسیدا لەبەر چاو گیراوە ئەو بەرژەوەندییە زۆرجار دژ بەبەرژەوەندی یەك یەکی ئەندامانی بنەماڵەی باوك سالارییە، قسەکردنو باس کردن لەڕۆڵی زاڵبوونو سەروەری پیاوان لە بنەماڵەداو دیفاع لە سیستمی باوك سالاریو دژ بە ڕەسەنایەتی تاكولیبرالیزمە. بۆ وێنە پێشگیری کردن لەو مەسەلانەیە کە زۆرجار دژ بەبەرژەوەندی پیاوان رادەوەستێ بێ هۆکار نییە کە بەردەوام هەوڵ دەدرێ کە ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی لابردرێن یان لانیکەم دووریان کەنەوە.

جان استوارت میل:

هەروەك لەو بەشەدا دەبینن"جان استوارت میل" لەگەڵ بۆچوونو ڕێگاچارەی لیبرالیزمی سوننەتیدا هاودەنگ نیە. هەرچەند"میل" بەڕادەی"افلاطون"و"هگل" فەیلەسووفێکی ئابستراك"انتزاعی" نیە بەڵام ئەو بە پانتایی تئۆری خۆی کە زیاتر سەرقاڵی بابەتگەلێکی سیاسیدا هەبووە. چونکە فەلسەفەی سیاسی"میلل" بە شێوەیەکی گشتی پێوەندی بە بابەتگەلێکی بایەخدار وەك ئازادی، مافەکانی تاك، عەداڵەتو دێموکراسیەوە هەیە.

"میل" لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ یەکەم ئامانجی حکوومەت پێکهێنانی زیاترین بەختەوەریی بۆ

←

خەڵك بۆ ئەو ئامانجە بێ وەدەستهێنانی"ئەخلاق"و زاڵبوونی هزری مرۆڤ وەدی نایە. میل بە پێچەوانەی "جرمی بنتام"(١٧٤٨-١٨٣٢)و باوکی"جیمز میل" دامەزراوە سیاسی - کۆمەڵایەتی‌یەکانی بە یەکێك لە گرینگترین کەرەسەی گەشە کردن‌و توانای هزری مرۆڤ دەزانیٚ‌و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە مرۆڤ بێ‌بنیاتە سیاسی - کۆمەڵایەتی‌یەکان توانای وەدەستهێنانی بەختەوەری لە کۆمەڵگادا نیە. کەوابوو یەکێك لە گرینگترین ویستەکانی"میل" کە بەشێوەیەکی روون لە نووسراوەکانی‌دا سەبارەت بە فیمینیزم رەنگ دەداتەوە، پەرەپێدانی دامەزراوە سیاسی - کۆمەڵایەتی‌یەکان کەبە بڕوای ئەو دەسەڵاتدارانی سەردەم هەوڵ دەدەن پێش بە پەرەگرتن‌و گەشە سەندنیان بگرن.

لێکدانەوەی فیمینیزم لە روانگەی"جان استوارت میل" بە دڵنیایەوە دەرەتانێکی بایەخدارە کە نەتەنیا بەهۆی ئەوەوە لە قووڵای بیروباوەری"میل" سەبارەت بەئازادی ژنان بە شێوەی یەکسان لەگەڵ پیاوان بەختەوەری زێدەتری ئەوان لە کۆمەڵگادا تێبگەین، بەڵکوو بەشێکی زۆر گرینگتر ئەوەیە کە"میل" خوازیاری نۆژەنکردنەوەی ڕیفۆرمی جۆری مرۆڤە.

دژایەتی"میل" لەگەڵ دەمارگرژی‌و ئەو بیروباوەرانەی کە ژنان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی‌دا دەخەنە ژێردەست، لە سەرەتای لاوێتی‌و لە نووسراوە سەرەتاییەکانی‌دا سەبارەت بە بابەتگەلێکی ئەخلاقی‌و سیاسی بەرچاو بوو.

"جان استوارت میل" لە سەرەتای کارەوە کاتی خۆی لەسەر بابەتی"ژێر دەستە بوونی ژن" تەرەف نەکردو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ژێر دەستە بوونی رەگەزێك(ژن) بە شێوەی یاسای بۆ رەگەزی‌تر(پیاو) هەڵەیەکی ئاشکرایە کە بۆتە یەکێك لە کۆسپەکانی ڕیفۆرمی مرۆڤ. نامەکانی"میل"و ژیاننامەکەی ئەو راستی‌یە دەسەلمێنن کە ئەو بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە سەرنجی داوەتە هەل‌و مەرج‌و بارودۆخی ژنان‌و پێوەری هەڵسەنگاندن‌و بایەخدارانی سیتمە فەلسەفی‌یەکان‌و ئەخلاقی گشتی‌و رەوشت‌و کردەوەی خەڵك کەلە مێژوودا تۆمار کرابوون. لە هەڵس‌و کەوتی ئەوان لەگەڵ مەسەلەی ژنان‌و رۆڵیان لە کۆمەڵگادا، داوەری دەکردو هەڵدەسەنگاند، بەلام روانگەی"جان استوارت میل" سەبارەت بە مەسەلەی"ژێر دەستە بوونی ژن" بە تەنیا بۆ ناسینی هزرو بیروڕای ئەو بەس نیە."میل" بیروڕای رادیکاڵی خۆی سەبارەت بە تەڵاق‌و کۆنترۆڵی زاوزێ کەلە راستی‌دا دیفاع لە مافەکانی ژنان بوو بۆ پاراستنی گیانی خۆی‌و ناوبانگی"هاریت تایلور میل"(Harriet taylor mill) سڕیەوە.

بیروڕای

"میل" سەبارەت بەژنان، سەرەڕای ئەوە بەرهەمە بلاوکراوەکانی‌و نامەکانی دەرخەری ناسینی بیروباوەڕی"میل"ە. ئاشکرایە کەلەم باسەدا سەرچاوەو کاکڵی نووسراوەکانی دەخرێنەڕووو هەروەها ئاماژەکردنی بیروڕای"تایلور میل" کە لە راستی‌دا وەرگیراو لە هزرو ئەندیشەی"میل"ە سەبارەت بە مەسەلەی ژن‌و هێندێ جار جیاوازیان هەیە.

---

نگین حوسێنی:

# بێدەنگی یا گوتنی راستییەکان؟

ڕەحیم ئەحمەدی‌پوور

بەدوای ٢٨ ساڵ دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەرکات باسی وەرزشی ئافرەتان دێتە گۆڕێ بەرپرسانی فدراسیونەکان دەڵێن وەرزشی ژنانی ئێران ساوایەو نابێ لە پێشبڕکێکانی ئاسیا، جیهان‌و ئولەمپیك چاوەروانی‌یەکی ئەوتۆمان لە وەدەستهێنانی پلەو ڕیکۆردی باش لێیان هەبێ. بەڕێز نگین حوسێنی نووسەرێکی چالاك‌و ئەزموونی بواری وەرزشە کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا تا هەنووکە بەردەوام یەکێك لە کەسایەتی‌یە زۆرچالاکەکانی ژنان، لە گشت کێبڕکێ نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکان بووە. بەرێزیان بەردەوام هەوڵ دەدا بەڵکوو تواناییەکانی ئافرەتانی ئێران لە گۆڕەپانە وەرزشی‌یەکان بە فەخرەوە بە چاوی روانگەی گشتی‌دا بداتەوەو هێندێك جاریش هەر لەم ڕێگەیەوە بە چاوێکی رەخنەگرانە دەروانێتە هەژاری، کەمتەرخەمی‌و جلی ئیسلامی‌و هۆی وەدەست نەهێنانی پلەی دڵخواز دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم بەشانە.

بۆ وێنە کاتێك لە پێشبڕکێ‌یەکانی ئاسیا"پوسان" دووکەس لە قارەمانانی راکردن بە ناوەکانی پەریسا بێهزادی‌و تووران شادپوور لە بەشی فرێدانی نێزەدا بەشداری‌یان کرد، بەهۆی جلوبەرگە ئیسلامی‌یەکانیانەوە بە توندی کەوتنە ژێر هوروژم‌و چاودێری دووربینی هەواڵنێرانی جیهان، ئەوان چاوەڕوان بوون پەریساو تووران بە جلی ئیسلامی‌یەکانیانەوە بێنە مەیدان‌و نێزە فڕێ بدەن، دیارە لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە رووداوانە لە پێشبڕکێ‌یەکانی ئاستی سەرەوەو بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات، هەر کات ژنانی ئێران بۆ پێشبڕکێ‌یەك بەرێ دەکرێن دەبێ بە پێی یاساو ڕێسا فدراسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی لە وەرزش دا بەشداری بکەن‌و ئەوەش بۆتە گەورەترین کێشە لەسەر ڕێگەی ژنانی ئێران بۆوەدەست هێنانی پلەی باش‌وشیاو. ژنانی ئێرانی ناخواستە بەهۆی جلە ئیسلامی‌یەکانیان سەرنجی میدیاکان بۆلای خۆیان رادەکێشن‌و لە ئاکام دا بە هۆی دڵەراوکێ"ئێستریس" ناتوانن پلە"ڕیکۆرد"و نەتیجەیەکی باش‌و دڵخواز وەدەست بێن. وەرزشی ژنان لە ئێران دا تەنیا کاتێك دەتوانێ ڕێگەی پێشکەوتن‌و دەرکەوتن بگرێتە پێش کەلە پێش هەموو شتێك دا کۆسپە ئاینی‌یەکان، ئەو کۆسپانەی لەسەر ڕێگەی وەرزشی ژناندا هەن بسڕێنەوە، دواتر دەسەڵاتی بڕیارە وەرزشی‌یەکان لە ژێر چنگی کەسایەتی‌یە ئایینییەکان بێتەدەرو ناوەندە وەرزشی‌یەکان بە پێی زانستەکانی سەردەم جلوبەرگو پێداویستی‌یەکان بۆ وەرزشوانەکان دابین بکەن، یان هەر هیچ نەبێ بە ژنان ئەو مافە بدرێ کەلە کاتی بەرێوەبردنی پێشبڕکێ‌یەکان جلی ئایینی لەبەر نەکەن، بۆ ئەوەی وەزن‌و حەجمی جلەکان نەبێتە هۆی شل بوونەوەی خێرایی وەرزشوانان.

کە بەداخەوە پەریساو توورانیش بوونە قوربانی ئەم یاسایەو نەیان‌توانی پلەی دڵخوازی خۆیان بەدەست بێنن.

سەرەڕای تەواوی ئەم باسانە دەبێ بڵێین بەداخەوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا وەها ویستێك‌و ئارەزوویەك هیچ کات نایەتەدی‌و دەبێ تا مانەوەی ئەم ڕێژیمە لەسەر دەسەڵات، دەست لە هەر چەشنە ئاوات‌و ئارەزوویەك هەڵگرین‌و تەنیا بەدژی کۆماری ئیسلامی راوەستین‌و راستییەکان لە قاو بدەین. بەو هیوایەی ئەو ئاواتانە بێنەدی‌و ژنانی کوردیش لە پەنای ژنانی ئێران دا بڕۆنە سەرسەکۆی پێشبڕکێ، چونکە بەراستی ژنی کورد لە ئێران دا لە بواری‌وەرزش هیچ ئاوڕێکی لێنەدراوەتەوەو هیچ جێگەیەکی لە گوروپە وەرزشی‌یەکانی ئێران دا نیە. بەو هیوایە !

# هەڤپەیڤین لەگەڵ مێهرئەنگیزی کار

پەروین کوه گیلانی، محەممەد کەریم زادە

وەرگێرانی لەفارسی بۆ کوردی: عبداللە عبداللە پور



**وەکوو کارناسێك کە لە یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامی شارەزای و لێکۆڵینەوەت ئەنجام داوە، بە بۆچوونی ئێوە سنووردارییەکانی یاسای بنەرەتی دەرهەق بە مافەکانی منداڵان و ژنان چیە؟**

گەر بێتوو لە کۆمەڵگایەك مافەکانی ژن و منداڵ بپارێزرێ، بێگومان دەبێ لە یاسای بنەرەتی ئەو وڵاتەدا بە ڕاشکاوی نووسرابێ، کە یاسا دانان لەسەر ڕێ و شوێنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەکانی پێوەندیدار لەگەڵ ئەودا بێ و دەبێ دەگەڵ ئەو ڕێ و شوێنانەدا بگونجێ. لە هیچ کام لە بنەماکانی یاسای بنەرەتی کۆماری ئیسلامیدا وەها ڕاشکاوی و ڕوونییەك نابینرێ. یاسادانان لەسەر بنەمای شەرعە و لە هەموو شوێنێك پێی لەسەر ڕاگیراوەتەوە کە یاسادانان دەبێ لەگەڵ ئەحکامی ئیسلامیدا بگونجێ. کەواتە یاسای بنەرەتی ئێستا ئەو توانایەی نیە کە مافەکانی ژن، مافەکانی منداڵ و مافەکانی دژبەر بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ داخوازەکانی ئەمڕۆی خەڵکی ئێران ڕێك بخا. چاکسازی لە یاساکان دا پێوەندی بە چاکسازی لە ڕاڤەکردنی ئایینییەوە هەیە، کە پشتیوان و سەرچاوەی یاسایە لە کۆماری ئیسلامیدا. ڕەچاوکردنی بنەمائیسلامییەکان لە پرنسیپە جۆراوجۆرەکاندا یاسای بنەرەتی کە پێوەندی بە مافەکانی خەڵکەوە هەیە، پێویستە. بەهرەمەند بوون لە ئازادییەکان بەو مەرجە بەستراوەتەوە کە لەگەڵ بنەما ئیسلامییەکاندا دژایەتیی نەبێ. تاکوو ئێستاش بنەمائیسلامییەکانیان بە ڕاشکاوی و بەروونی پێناسە نەکردووە. هەرکەس کە ژێدەری کارێکە ئەوکارە بە سەلیقەی خۆی ڕاڤە و پێناسە دەکا. ڕاڤیاران چ لە بیاڤی یاسادانان داو چ لە بیاڤی بەرێوەبردنی یاساکاندا، بنەمائیسلامییەکان بە شێوەیەك پێناسە ناکەن، کە یەکسانی ژن و پیاو، پاراستنی مافەکانی منداڵ و لەبەر چاوگرتنی مافەکانی گومانلێکراوانی سیاسی و چاپەمەنی لێ هەڵ بهێنجرێ. باس دێتە سەر مافەکانی منداڵ بۆ باوك مافی خاوەنداریەتی تەنانەت بۆ گیانی منداڵیش بە ڕەسمی دەناسێ و ئامادە نابن بەومادده یاسایەدا بچنەوە کە بە پێی ئەوەوە "گەر باوك منداڵی خۆی بە ئانقەست بکوژێ یا خود بابە گەورە نەوەی خۆی بە ئانقەست بکوژێت لە سزای کوشتن مەعاف دەکرێ" کاتێك باسی مافەکانی ژن لە بنەماڵەدا دێتە کایەوە دەڵێن "ژن ژنە و پیاویش پیاو" بەو بریارە نەگۆرە کە دەڵێن بنەماو پایەی بنەماکانی ئیسلامییە، ڕێگا لە چاکسازی لە یاساکان دادەگرن. بەو تێروانینەوە کە یاسای بنەرەتی هەڵی دیارکەوتنی داوەتێ، دەرفەتێك بۆ یاسادانان لە سەر بنەمای یەکسانی بوونی نیە. تەنانەت کاتێك کە کۆماری ئیسلامی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ ڕازۆ دەکا، مافی پاراستی "ڕێزیرواسیون" بۆخۆی دەپارێزێ. بۆ وێنە ئەگەر کۆنوانسیونی مافەکانی منداڵی واژۆ کردوە ، ئەوی مەرجدار کردۆتەوە بە خۆبەستنەوە بە دەروەستەکانی بە بنەماکانی ئیسلامی، هەروەها بە هۆی ڕێپێدراوە شەرعیەکان بۆ وێنە بۆ بردنەسەری تەمەنی پێگەیشتنی کچان، خۆ دەبوێرێ لە دووبارە پێداچوونەوەیدا. ئێستاش کە ئێستایە دەوڵەتی ئێران کە کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵی واژۆ کردوە، تەمەنی پێگەیشتنی کچانی لە یاسای مەدەنیدا نۆ ساڵ بە ساڵی کۆچی دیاری کردووە. لە ئاکام دا یاسای سزادانی ئیسلامیش ئیزن دەدا تاکی مێ لە تەمەنی ٩ ساڵی بە دواوە وەك گەورە ساڵەکان لە کاتی توش بوون بە تاوان سزا بدرێ بە جێگای ئەوەی کە یاسا بگۆرن، بەردەوام کات بە فیرۆ دەدەن و لە وتووێژەکانیان لەگەڵ یەکیەتیئوروپایی لەسەر مافەکانی مرۆڤ خەریکی چەنە لێدانن و دوای چەنەلێدان و بێنەوبەرە بەڵێن بە ئوروپاییەکان دەدەن کە بریاری بەردباران کردن بەرێوە نەبەن و منداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ لە سێدارە نەدەن، ئوروپاییەکانیش دڵخۆش دەبن و درێژە بە سەودا ئابوورییەکانیان دەدەن، ئێستاش کە یاسای بەردباران کردن هەر لە جێی خۆیەتی و یاسای تەمەنی پێگەیشتنی کچانیش هەر بەو شێوەیە کە هەبوو، مەبەست ئەوەیە کە پێویستی بە چاکسازی لە یاساکان دا وەکوو پێویستیی ئاوو هەوا بۆ خەڵکی ئێران وایە. بەڵام هەم پێکهاتەی "حقووقی" دەرگای لەسەر داخستوە، هەمیش پێکهاتەی "حەقیقی" واتە زۆربەی پیاوانی بریاردەر لە ئێران دا نایانهەوێ کۆتایی بەو دۆخە بێنن.

**ئێوە بەشێك لەو کەسانەن کە لەو بڕوایە دا بوون کەلە بیاڤی ئەو یاسا بنەرەتی‌یەدا دەکرێ چاکسازی گەلێك بکرێ‌و ئاتۆ گەلێ وەرگیرێت.ئەو پێشکەوتنە هزرەیە کە بوو بە هۆی ئەوەی کە بگەنە ئەو ئەنجامە کە چاکسازی کاریگەری نیە(سەرناگرێ)و یاسای بنەرەتی بە شێوەی گشتی دەبێ بگۆردرێ لەسەر چ بنەمایەك بووە؟**

نەتەنیا من بەڵکوو کەسانێك کە ویستیان بە چاکسازی ڕێگا چارەیەك بدۆزنەوە، ئاگاداری بەربەستە یاسایی‌یەکان بوون. گەڵاڵەی داخوازی گەلێك وەکوو گۆرینی یاسای بنەرەتی لە مەحاڵەکان بوو. کەشی سیاسی ساڵانێکی زۆر ئەو شێوە داخوازیانەی بۆ هەزم نەدەکرا. ئەم باسانە لە ناوخۆی وڵات دا تازەیە ڕێفۆرمخوازان‌و ئەو چالاکانەی کەلەگەڵ ئەوان دا بوون، تەنانەت چالاکانی لایەنگری جیایی ئایین لە حکوومەت، بە گشتی وای بۆ دەچوون لە ژێر گوشاری دەنگی زۆری خەڵك دا، لانی کەم بە کەڵك وەرگرتن لە هێندێك بیروبۆچوونی "فێقهی" بوار بۆ وەرگرتنی پێناسە گەلی باو لە بنەما ئیسلامی‌یەکان دەرەخسێنن. فەقێ گەلێك کە بە پاڵپشتی داواکاری خەڵك پێی‌داگریان کرد کە دەکرێ بۆ چاکسازی لە یاسادانان‌دا دەرگای کۆششکاری"اجتهاد"بکەنەوە. هەموو هیوا دار بوون کە ڕێبەر کارێك بکاو بۆ نموونە لە پێکهاتەی شوورای نیگابان دا ئاڵوگۆرێك پێك بێنێ. شوورای نیگابان ڕێگەی لە هەڵبژاردنێکی ئازادو سەربەخۆی پارلمان لە یاسادانان داگرتوە پێك دێت لە شەش فەقێ (ئایین زان)، هەموویان ڕێبەر دیاریان دەکا. راڤەکردنی یاسای بنەرەتیش لە ژێر دەسەڵاتو پاوانی ئەوان دایە. ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ دەیان هەویست، دەیانتوانی پێکهاتەی ئەو لێژنەیە بگۆرن‌و فەقیهە ڕێفۆرمخوازەکانیش لە پۆستەدانین. هەر کاتێك وای لێ‌هاتبا، دوای پێك هاتنی پارلمانی شەشەم بە زۆرینەی ڕێفۆرمخوازان شێوەیەك سازگاری‌و تەبایی لە ئەسڵی ڕێفورم خوازی لە نێوان شورای نیگابان‌و پارلمان پێك دەهات‌و ئەوانیش دەیانتوانی لە بیاڤی ئەو یاسا بنەرەتیە داخراوەو گیرۆدەیەدا لە زۆرێك لە یاساکان دا چاکسازی بکەن. بەڵام ئیرادەیەك بۆ ڕێزلێنان لە ویستی خەڵك‌و زۆرایەتی لە ئارادا نەبوو بە جێگای ئەو دروشمی ئاغای محەممەدی خاتمی‌یان لە دەستی دەرهێناو وەکو کەرەستەیەك لە دژی مافەکانی خەڵك بەکار برد دروشمی پابەند بوون بە یاسا گۆرا بە تێلاوکوتك وەتەپڵە سەری هەموان کەوت.

سەرەرای ئەوانەش بە بەڕێوە بردنی یاسا خەراپەکانیش قەناعەتیان نەکرد. پارلمانی پێنجەم یاساگەلێکی تازەی پەسند کرد لەسەر سنووردار کردنی یاسایی بەتایبەت لە بیاڤی ئازادی را دەربڕین، مافەکانی ژنان‌و مافەکانی تاوانباران زیاتری کرد کەواتە ئاڵوگۆری هزری لەمن‌و کەسانی وەك من ئەنجامی ئەو هەموو رووداوو هەڵس‌و کەوتانەیە کەلە هەشت ساڵی رابردوودا هاتنە ئاراوە. بەڵام پێم خۆشە لێرەدا ئەوە بیربێنمەوە کە بیری ڕێفۆرمخوازانە لە رۆژی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ ئاکتیڤ نەبووە، بەڵکوو باسی چاکسازی لە لێکدانەوە ئایینی‌یەکان‌و تەنانەت پێویستی جیایی ئایین لە حکوومەت سەرەرای ئەوەش کە باسێکی مێژوویی‌یە لە جیهان بینی ئیسلامی‌دا، باسێکە کەلە دەیەی دووهەمی شۆرش دا بە شێوەی کولتووری‌و لۆژیکی پەرەی ستاندوە. ئەو بزوتنەوەیە لە ناو ئایین تەوەرانی شۆڕشگێر لە سەردەمی سەرۆك کۆماری ئاغای هاشمی رەفسەنجانی خۆی دەرخست. باسی نوێ بیری ئایینی لەگەڵ ئەم ویستە روونەدا کە دەکرێ یاساکانی ئێران تارادەیەك سەرڕای بوونی کۆت‌و بەندی رێ‌وشوێنە ئیسلامی‌یەکان چاکسازی تێدا بکرێ‌و گۆرانی بەسەردا بهێنێ، لەو سەردەمەدا هاتە گۆرێ. لە بیاڤی مافەکانی ژنان مانگنامەی ژنان بە سەرنووسەری خاتوو"شهلا شرکت" دەردەچوو لە بیاڤی پرسگەلی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی مانگنامەی"کیان" دا ئەو گۆڤارەی دەردەکرد. چالاکانی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژن‌و مافەکانی منداڵ هەڵبەت لە باسەکەدا بەشداری‌یان کردو کەڵکیان لێ‌وەرگرت‌و توانیان بە بەڵگە هێنانەوەی بنەمای نوێ بیری ئایینی‌و چاودێری چاکسازی فەقێ‌یەکان کە بەردەوام چاپ‌و بڵاو دەبۆوە، بێ‌دەنگی بشکێنن‌و داخوازیەکانی خۆیان بەرەوا بزانن، لە ئاکامی هاوبەندی‌یەکی نەنووسراوی چالاکانی مافەکانی ژنان‌و مافەکانی منداڵ چوونە پاڵ ئەو بەشە لە فەقێ‌یەکان کە دەیانگوت دەتوانرێ‌لە زۆربەی یاساکان چاکسازی بکرێ، بێ‌ئەوەی کە زەربەیەك لە بنەما شەرعی‌یەکان بدرێ. تاکوو ساڵانێك بەو شێوە کە بە تەواوی لەگەڵ هەل‌ومەرجی ئەو سەردەمەدا دەگونجا. دوایین (قسەمان کرد)، نووسیمان، کارمان کردو لەسەر پێ‌خۆمان راوەستایین، کارێك کە ئاسانیش نەبوو. ئێمە وەك چالاکانی چاکسازی مافەکان‌و یاسا لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی دەیەی یەکەمی شۆرش‌و سەرکوتی خوێناوی نەیاران لەو دەیەدا، شێوەگەلێکمان هەڵبژارد کە لەگەڵ هەلومەرج‌و توانایەکان دا دەهاتەوە. بە پارێزەوە رەخنەمان لە کارکردی حکوومەت دەگرت‌و لە هەڵوێست گرتنی دژبەرانەو تێکەڵ بە توندوتیژی لە وا نیشان دان بە مەبەستی رووخاندنی رێژیم خۆمان دەبوارد. بەو حاڵەش هەمیشە گیانمان لە مەترسی دا بووە. ببووین بە سوژە گەلی هەمیشەیی رۆژنامەکانی"کیهان"، "کیهان هوایی"،مانگنامەی"صبح". کەواتە باسی چاکسازی بیرکردنەوەی ئایینی‌و چاککردنی یاسادانان لە پێش دووی جۆزەردان دا دەستی پێ‌کردو تارادەیەکیش تەحەمول دەکرا. تەحەمول دەکراین، چونکەئێستاش ڕێفۆرمخوازان نەببوون بە قۆڵێکی حکوومەتی‌و لە شەری دەسەڵاتدا بە ئاشکرا ئامادە نەبوون، ناکرێ بڵێین رووداوی ٢ی جۆزەردان رووداوێکی لە ناکاو بوو، بۆ ئەوەی کە رەگ‌و ریشەکانی ئەو بزوتنەوەیەببینینەوە پێویستە بە تایبەت مانگنامەی"کیان"، مانگنامەی ژنان‌و رۆژنامەی"سلام" لەو ساڵانەدا بخوێننەوە. من قەت لایەنگری تێکەڵاوی ئایین‌و حکوومەت نەبووم، بەڵام قەتیش نکۆڵیم لەوە نەکردوە کە رووداوێکی گرینگ بە نێوی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران دا رووی نەداوە لایەنگرێکی زۆریش نەبووە. لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لایەنگرەکانی بە هۆی ئەوەی کە سەر بە حکوومەت بوون لە ئیمکاناتی حکوومەتی زۆر سوودمەند بوون، رێکیان خستوون، کەڵکیان لە پووڵ‌و دەسەڵاتی حکوومەت وەرگرتوەو لەگەڵ کەسایەتی‌یە سەرەکی‌یەکانی حکوومەت پێوەندی جۆراوجۆریان هەیە، ئەو لایەنگرە رێکخراوانە، ملهۆڕو پوڵدار تاکوو ساڵانێك بە جۆرێك بوون کە لایەنگری لە مافەکانی مرۆڤ یا لایەنگری جیایی ئایین لە حکوومەت‌و هەبوونی بیرو بۆچوونی فیمینیستیان لە رادەی کوفر، نکۆڵی کردنی ئیسلام‌و لادان لە قەڵەم دەدا، قەتڵە زنجیرەی‌یەکان شێوەیەکی بێ‌بەزێیانە بوو کە تازە دەست وێڕاگەیشتوانی پوڵ‌و دەسەڵات لێی وەخۆکەوتن. بیانوویان ئەوە بوو کە قوربانیەکان ئیسلامیان رەت کردۆتەوەو رەخنە لە حکوومەتی ئیسلامی دەگرن. لە وەها دۆخێك دا ئێمە دەمان ویست قسە بکەین‌و زیندوو بمێننەوە. بەپێی هەل‌و مەرج دەست بەکار بووین‌و لە بیاڤی حکوومەتی ئایینی‌دا وردە وردە چووینە ناو باسەکانی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان‌و مافەکانی منداڵانمان هێنایە بەر باس. کاتێك لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ ڕێفۆرمخوازان بە هێزو پشت‌و پەنای خەڵکەوە چوونە ناو حکوومەت، کۆمەڵێك لە چالاکان لە کاری خۆیان دا ئەزموونی چاکیان وەدەست هێنا بووو بڵاوکراوەکانی ڕێفۆرمخوازەکانیان بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێش ٢ی جۆزەردان پرنێوەرۆك کرد، کۆمەڵێکی دیکەش هاتنەنێو گۆرەپانی چاپ‌و بڵاوکردنەوەو بەگشتی بە هاودەنگی یەکتر باسی ڕێفۆرمخوازی لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژن، دێموکراسی‌و بە

←

تایبەتی مافی تاوانبارانی سیاسیو چاپەمەنیمان پەرەپێدا. بەبۆچوونی من بڵاوکراوەگەلی ریفۆرمخوازی گەرچی لە بارەی سەرکوتە خوێناوییەکانی دەیەی هەوەڵی شۆرش بێدەنگە، بەڵام ئاوێنەیەکە کە لەودا ئێشو ئازاری خەڵکێك کە دەیهەوێ خۆی لەو داوەی کە تێیکەوتوە رزگار بکا، بە جوانی رەنگ دەداتەوە. بزوتنەوەی خوێندکاری لە دەیەی دووهەمی شۆرش داکەڵکی لە بەرهەمەکانی دوکتۆر"عبدالکریم سروش" وەردەگرت بیاڤی کۆششکاری (اجتهاد)دا پێناسە دەکرد، پێگەیلە بڵاوکراوەکانی رێفۆرمخوازەکان دا بەدەست هێنا. ئەو بڵاوکراوانەو ئەو بزووتنەوانە یەك لەدوای یەك کەوتنە بەر هێرشو پەلامارو وزیانیان پێگەیشتو بە گشتی بەرەو ئاقارێك رێنوێنی دەکران کەلەودا بێجگە گۆران لە پێکهاتەی"حقووقی"و گۆران لە پێکهاتەی"حقیقی" هیچ داواکارییەك نایەتە بەر باس.

**ئێوە لەسەر پرسی هەڵاواردان لە دژی ژنانی ئێران کارتان کردوە. ئایا دەسکەوتی تێکۆشانەکەتان لەو بزووتنەوەیەدا بە شێوەیەك بووە کە لانی کەم خۆتان رازی بکا؟**

زۆر رازیم، گەلێکم مەینەتی چێشتوە. خۆشی زۆریشم چێشتوە، دڵخۆشم بەوەی کە لە شکاندنی بێدەنگی لەو سەردەمەدا بەشدار بووم، باسی مافەکانی ژنانمان لە دۆخێك دا هێنایەکایەوە کە هەمووماں ماندوو بووین، لەو دۆخە داخراوەدا دەیان وتارم نووسیوە، زۆرم وتوێژ کردوەو پازدە پەرتووکم لە چاپ داوە. لە ماوەی ٢٢ ساڵیش دا هەم لە دەزگای دادوەریدا وەکوو پارێزەر چالاکیم نواندوە. گرینگترین دەسکەوتی منو کەسانی وەك من ئەو هەموو کچانەن کە هان دراون تاکوو لە زانکۆکانی ماف دا (مافەکانی مرۆڤ) لە ئێران وانە بخوێنن. من وەك ژنێکی سوونەتی کە کەمترین رابردووی شۆرشگێریم ئەویش لە شێوەی ئایینی نەبووە لە نێو گەمارۆی شێوەی جۆراوجۆری سنووردار کردنەکانو مەترسییەکان دا زۆرم قسە کردوە، زۆرم نووسیوەو زۆریش فێر بووم، بەڵام گەر مەبەستت دەسکەوت گەلی یاساییە، نا لەو بابەتەدا دەست کەوتێکمان نەبوو، زەوییەکەمان کێڵاوە، ئامادەشمان کردوە، لاوەکان خەریکن کارەکە بە ئاکام دەگەیەنن. سەرەڕۆیی ئایینی دایڕزاندووین. بەڵام قسەی خۆشمان بێ ئێمەش سەرەڕۆیی ئایینییمان داڕزاندوە، لە ئاکامی ئەو رووبەروو بوونەوەیەدا، منداڵەکانی ئێمە پێگەیشتوون، ئەوان کە لە ئێران دا دەخوێننو ئەوانەی کەلە زانکۆکانی رۆژئاوا دەخوێنن، هەر دوولا ئامادە دەبن تاکوو جێگای کۆنەکان بگرنەوە نەسلەکانی ئێمە زۆرترلە ئاستی خۆیان رووبەرووی پێشهاتە سیاسییەکان بوونەوە، مافی وان ئەو هەموو هێزە بەکار بێننو ئاکامی کارەکەشیان لە لایەن کەسانی دیکەوە تاڵان بکرێ.

**خاتوو"کار" بۆچی ئێوە لە نێوخۆی ئێران دا رێکخراوو رێکخستنێکتان سەبارەت بە مافەکانی ژن یاخود مافەکانی مرۆڤ دانەمەزراندووە؟**

زۆرتر نیسبەت بە من هەستیار بوون تاکوو هاورێکانم، قەت ئیزنیان نەدا ریکخراوو رێکخستنێك دامەزرێنم، بۆ دوایین جار لە دەورانی وەزارەتی ئاغای"مهاجرانی" لە دەوڵەتی ئاغای خاتەمیدا داوای دامەزراندنی ناوەندی کولتووریو توێژینەوەی ژنانم کرد کە هەر ئیدارەی پێوەندیدار لە وەزارەتی (ارشاد اسلامی) دوای چەندین مانگ وەڵامی نیگەتیڤی دایەوەو وتیان لە کۆمیسیۆندا سلاحییەتەکەتان رەت کراوەتەوە، دوای ٢ی جۆزەردان بۆ ئەندامییەتی لە لیژنەی بەرێوەبەری ناوەند خۆم ناونوسی کرد کە لەوێش سەلاحیەتم رەد کرایەوە، ئەو رەتی سەلاحیەتانم بەر لە بەشداریم لە کۆنفرانسی بێرلین دا رووی‌داو هیچ پێوەندییەکی بە ئەوەوە نەبوو، وتم من بوونم بە سەر ژیانی کولتوریو سیاسی کۆماری ئیسلامی داسەپاند، لەو رووەوە بوو کە دوای کۆنفرانسی بێرلین لەگەڵ منو بنەماڵەکەم بۆ هەتاهەتایی پاکانە حیساب کرا، شتێك کە زۆرتر لەوە چاوەروانی لێ‌دەکرا.

**بۆ لە کۆنفرانسی بێرلین چت گوت؟**

وتم لە بیاڤی ئەو یاسا بنەرەتی‌یەدا رێفۆرم هەرگیز وەدی نایەو لە ئاخریدا رقی خەڵك رووبەرووی شۆرای نیگابان دەبێتەوە، قسەیەکی دیکەم نەکرد.

**لە ئەدەبیاتی چیرۆکنووسیو تەنانەت رۆژنامە نووسی ئێران دا جێگای ئەزموونی ژنانە بە بەتاڵی دەبینم، هێندێك جار تەنانەت ژنانی نووسەریش هەوڵ دەدەن بە زمانی پیاوانە بنووسن، بە بۆچوونی ئێوە موشکیلەی ئەو کارە لە کوێدایە؟**

هەر ئەو گرفتارییە مێژوویییە. ئێستاش کۆمەڵگا ئامادەی بیستنی ژنەکانی ژنان بە تەواوەتی نەبووە، ئامادە نین بۆ نموونە کێشەی ژنان لە پێوەندی



جینسی لەگەڵ هاوشێوەی خۆی تەحەمووڵ بکا ئەو جۆرە ژنانە ئیهانە دەکەن، سەرەرای سانسۆری حکوومەتی کەلە رادەبەدەر، بەڵام سەرەرای ئەو هەموو کۆسپانەیە بەبۆچوونی من لە چوار ساڵی رابردوودا، نووسەرانی ژن لە ئێران دا توانیویانە لە بیاڤی چیرۆکە کورتو درێژەکان دا لە ژانە شاراوەکانیان بدوێن، هەڵبەت بە لەبەر چاو گرتنی رێوشوێنەکانی سانسۆر.

**ئایا ئێوە لەو ساڵانەدا بەرهەمی ژنانی نووسەرتان خوێندۆتەوە؟ بۆ نموونە بەرهەمەکانی "شهرنوش پارسی پور"؟**

"خاتوو شهرنوش پارسی پور" نووسەرێکی لێهاتوو لە مێژینەی ئێرانە کەلە دوای گیروگرفتی لە چاپ دانی کتێبی ژنانو پیاوان چوو بۆ دەرەوەی وڵات. مەبەستی من نووسەرانی تازەیە کەلەم ساڵانەی دواییدا وەدیار کەوتوون. ئەوان چوونە ناو دەستەواژە فیمینیستیەکانەوە کە بە تەواوی لە وڵاتی ئێمەدا نوێنو نیشانەیەکە لەسەر ئەو کەلە ئێران دا سوننەت دەبێتە دژی خۆی. سەرهەڵدانی فیمینیزم بەدواهاتی حکوومەتی ئایینییە کە سەرەتا ویستیو هەوڵیدا کە ژنان لە کونجی ماڵدا بپەستێوێ، بەڵام نەیتوانی، ئێستا فیمینیزم وردە وردە بەشێوەی شێعرو چیرۆکو راپۆرت خۆی دەردەخا، هەوڵەکانی خۆی خێراتر دەکاو گەر هەلی بۆ برەخسێ خۆی بە شێوەی تەقینەوەی فیمینیستی لە ئێران دا دێنێتە گۆرێ. چارەنوسی مێژوویی حکوومەتی جیا لەوە نییە، دەبێتە دژی خۆی، چ بیهەوێ، چ نەیهەوێ !

## شێعری ژنان

# "خاتوونی چوارچرا"

هۆنراوەی: ئارەزوو نستانی

پێشکێش بە رووحی مینا خانمی قازی

ئێوارەیەو لە پێدەشتی هەیبەت سوڵتانو
لە ئامێزی شنەبای غوربەت
٦٠ مۆم بۆ تەمەنی
کۆرپەی خاتوونی کەزی بەفرینی دادەگیرسێنین
چەپکێ نێرگزی بەهاری
ئاوێتەی شنەبای ئازادی ئەم دەڤەرە
دەکەینە گەردنی کێلەکانی چوارچرا
ئەم ئێوارەیە سوجدە دەبەین
لە ئاستی مەزنێتی میناو......
زایەڵەی دەنگەکانی ناخی کۆمار
کە سەراپای ڕۆمانەکانی سورباون
ئەم هەناسانە لە بێگەردیان لە پەپوولەو
لە ورشەیان......
لە رەشەبای وەرزی خەزان ئەچوون
هەڵیان کرد تا
فەرهەنگە خەزانیو سڕبووو ڕزیوەکان
لە سیمای ئەو ساتە بسڕنەوە ژن دەکاتە کۆیلە
تا چەقوە ژەنگاویو چەکە بلغ گرتووەکان
لەگۆڕنێن
کە رووحی پەپوولەکان هەپروون دەکا
تا لە ڤێزەونی ئەو زەمەنە بگوزەرێن
ژن دەکاتە کەنیزەی
بەردەم قەلای پیاوسالاری
گڤەی هاواری ئەو چەوساوانە بوون
نە مەدالیایان دەبەخشیە زەمەنی مەتر یاریکیو
نە کرنووشیان ئەبرد بۆ سەدەی پەتریاریکی
بەلام ئەفسووس......
بەرلەوەی بولبول بۆ بەهار بخوێنیو



مینا خانم هاوسەری قازی محەممەد ١٣٤٦

گوڵ.......
لە لێوی خاك باڵا کا
شەپۆلێ تەمو تومانی شەوپەرەستان
هەڵی أکرد...
تا ڕەوە سۆێسکەی
خەونەکانی داپیرە مینا
بەر لە جمانیان چەشنی خەونی نابالقەکان
لە گۆڕنێن...و
ئەو کاروانەی ریوایەتەکانی ئەوین
توێشووی بوو
لە ناو دڵی شەبەقی نووستوو
لە خاچ دەن
کەچی ڕێبوارانی شەکەتی ئەم کاروانە
نەسرەوتوون.....و
هێشتا لە ڕێگان بەرەو ئاسۆ

# باوەڕ

*سوهەیلا قادری*

پێشکەشە بە شەستەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران



دلۆپ، دلۆپ ڕژایە ناو
بیری بەهێزی کچانەم،
ئەی ئازادی
ڕەوەز، ڕەوەزی ئەندێشەی دیموکراسیم
بڕیو
لە ناو گەرووی شووشەی حەزم
لە داوێنی چیاکانم،
بە لوتکەی سەرکەوتن گەییم.
هۆبە، هۆبە تێك زمێندرا
دیوەخانی بیرتەسکانی سەردەمو
هانایان بردە بەر لوتکەی
چیای یەکسانیو عەدالەت
هۆ هەواری زێدی خۆزگەو هیواکانم،..
خاکی پاکی نیشتمانم،....
کوردستانم
شادمان بە، بە هەناسەی دیموکراتو

یەکسانی بوونی مرۆڤانت
لە هەناوی ئەم بیرەدا
خەنجەرەکانی گەردەنی شۆڕە کچان
کول، کول بوونو
بەردەکانی سەنگەساریش
بەرەو ڕووی باوانی، جاهیلی بیرتەسك،
دەڕۆنەوە
کانیاوەکانی چاوانی قەتیس ماوی
کچە ئاشقی بێمراد
بوو بە، ئاسۆی ڕوونی سەردەمو
وا خەریکە لەگەل دەدرێ.
دلۆپ، دلۆپ ڕژایە ناو بیری بە هێزی
کچانەم
ئەی ئازادی
هەناو، هەناو هەڵمگرتیو
بە گیانو ڕوحم ئەسپاردی
ئەی ئاشنا بە ڕووحی سەردەمو
ئەی چرای شەوپەرەستانی دوور لە

هیوا
بە بانگەوازی پێشەوا
بانگی یەکسانی هەڵکرا
کچو کوڕان،.... یەك ڕێبواری ڕێی ژیان
بوون
یەك مانا بوون،
یەك هیوا بوون
بەیەکەوە
بەرەوخەباتی نەتەوە
هەنگاوی یەکسانیان دەنا
پەردەی بێهیواییان لادا
واتە، ئەمڕۆ،
کۆڕپەی ئاواتی ئێمەیە
لە هەناوی ئەم سەدەیە
پڕ بە باوەشی کچانی پڕلە هیوا
لە دایك بێ.

# ئەوینێکی بێ کۆتایی

هۆنراوەی: تریفە فاتحی

لە ژێر ساباتی شێعرم دا، گشت ئێواران چاوەکانت
دەبنە میوانی شێعرێك و مۆمی وشەی شێعرێکی نوێ
لە نیگاتا دەگیرسێنن.
چەپکە گوڵی تاسەو حەزو هیواکانم بە پەنجەی بیر
دەرازێنمو ئێوارانە دەیدەم لە بەرۆکی ئەوینێکی بێکۆتایی.
ئەوسا شنەی بزەی لێوت پۆلووی دڵم دەگەشێنێو ژیلەمۆی ئەو
عیشقە پاکەت
خەرمانی خەمی بێ تۆییم دەسووتێنێو دەی دا بە با
ئەی شادێڕی شیعری سوورم! سەمفۆنیای
دەنگی بە سۆزت هەموو ناخم دەلەرزێنێ، پەیکەری
وشك و بێڕوحم دەهەژێنێو
دەمکا بە خەزاڵە عاشقەکەی مەلا نەبیان.
هۆ کورە حەیرانەکەی عەشقی من! ئەی لاسی وڵاتی خەمم!
باش دەزانی من بێزارم لە بێدەنگی، لە شەو، لە چرکەی تەنیایی.
توخوا گیانە گشت ئێواران ساباتی شێعری عاشقم
پڕکە لە نووری خودایی‌و لە ناو ژوانی ئەوینی پاك،
لە ماچێك دا بچۆرە ناو حەزو خۆزگەی تاسەکانمو
گەردو تۆزی ئەو غوربەتە لە ڕوخسارم بشۆرەوەو
بە ئامێزێکی گەرمەوە
دەرگای بەهەشتێکی تازە بە ڕووی من دا بکەوە.

لە ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژناندا، خوێندرایەوە

# خێلاّنو زێرینە لە شێعرەکانی مامۆستا قانع دا

**ئامادە کردنی: جەلال ـ م**

خێلاّن کچێکی کورد بووە، لە زەلّمو خورمالّ ژیاوە. ویستویانە بە زۆر بیدەن بەشوو، دوای گیرانو ئەسیر کردنی باوکی، خێلاّن چووەتە کەژو لە هەر جێگایەك کەسێ کچێکی بە نارەزا بدایە بە شوو، مەلاو باوكو شایەتەکانی دەبردە کەژو فەلاقەی دەکردنو لە ئەشکەوتێك دا چەند رۆژێ دەیان شاردەوە هەتا لە کردەکانیان پاشگەز دەبوونەوەو کچەکە رزگاری دەبوو. ئەم خێلاّنە کچی ئەمیر خەسرەوی بلّباس بوو.

بە پێی بەلّگەنامەیەك، لە سالّی ١٥٥٨ی زایینی عوسمانییەکان بە یارمەتیو هاوکاری سەربازە ئێرانییەکان لە هێرشێکی دوولایەنەدا کە بردیانە سەر شارەزوورو کوشتو کوشتارێکی یەکجار زۆرو بەربلاّو رووی‌دا، بوو بە هۆی سووتانی دێی خورمالّو دێیەکانی دیکەی شارەزورو سەپاندنی فەرمانی عوسمانییەکانو کوژرانی ئەمیر خوسرەوو دەربەدەر کردنی کوردەکان، بەلاّم خێلاّن کە ویستیان بە زۆر مارەی کەن بۆ کەسێ. چووەتە کەژێ پێنج کچی‌تری لەگەلّ خۆی بردوە.

دەلّێن لە کێوەکانی بناری شارەزوور ژیاوە تا کاتی مردنی بە تایبەت کێوی (هەیان) کە سێ سالّ لەوێ مایەوە.

سوورین رێگەی بەیین دوو ئاتەشگا بوو    هەیان حەشارو جێی پـەناگا بوو
هەر هێـلە جێگەی بەردە پەنا کـەس    لـە ژێری حالّو بەر هێوانەکەس
خێـلاّن ژنێکـی سەر خێلّـی کوردان    حـالّی لـە ئێشو ئـازارو دەردان
بۆ تۆلّە سەندن هـاتە ئـەم هـەردە    هاتە ئەم شاخەو ئەم کێوو بەردە
چەند سالّ شـەری کرد مەردو مەردانە    هەتا سەلماندی شێرە ژنانــــــــە

**خاتوو زێرینە**

فەرمانرەوایەکی کورد بوو، کە لە لێهاتوویی‌و ژیری‌دا بە ناوبانگ بووە. جێی فرمانروایی خورمالّو بناری شارەزوور لای شاخی سوورین، بارەگایەکی یەکجار زۆر گەورە باخێکی بەربلاّوو خانووی رازاوەی درووست کردوەو لە دورەوە ئاوێکی زۆری بە کەرەسەی ئەو کاتە هێناوەتە ناو باخو مالّەکەی‌و بەهەشتێکی لێ دروست کردوەو ناویان ناوە زێرینە، لە پاش ماوەیەکی زۆر گۆرا بە زێرونو پاش ماوەیەك لە هێرشێك دا کە کرایە سەریان لە شەردا لەسەر ئاوێزە بەردێك کەوتە خوارەوەو مرد، هەر بە ئاوەدانیە مایەوەو لەم دواییانەدا خاوەن مولّکی زەوی‌و زاری زێرون کە ویستی مەزراکان شپرز نەبن دانیشتووانی گوێزرانەوە بۆ جێگایەکی تازەو بەناوی کانی ئەسکان دێیەکی تازە دروست کرا.

شاخی سوورینو کێوی هەیان لە بەینی شارەزوورو مەریوان دایە.

خاتوو زێـرینەو قـەلاّ گەورەکـەی    هـەزار سـوونو دەوروبەرەکـــەی
فەرمانرەوایەك کـــوردو بـەهەلّمەت    حاکمی عادلّ بـەسامو هەیبـــەت
قەلاّی زستانـی زێرینە مـەشـــهوور    بـــوو بە زێرینو کاولو خـــاپوور
زێرینە گـــۆرا زێرون لــــە پاشان    ناوی مەشهوور بـوو بە کانی ئاسکان
ئەم شێـــرە ژنـــە، ئـەم قـــارەمانە    مـــایەی شانازی کوردو کوردانـــە
داخـــەکەم ئەمەم بۆ باس کـــراوە    ســالّو رۆژەکەم لـــە بیر نـەماوە
خوا حافیز ئەحــلێ بێ‌خەم بخـەوە    خاست کرد جێت هێشت ئەم چلو دەوە
جـــا هاتمە سەر کەلّ رووبە مــەریوان    چـــاوم خستە سەر ئەسکولو پیران
کاش لە هەر جێگەیەك ئەحلێیە بوایە    جـوابی ســـوئالّی منی بدایـــە
قانعو ئەحلێ هـــەر دوو هـــەژارن    هـــەر یەك چەوساوەی یەکرۆژگارن

**سەرچاوە: زایەلّەی زرێبار**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ دوو کچی سەرکەوتوو لە بواری وەرزشدا

**لە دوو ساڵی رابردوودا وەرزشی راکردنی سوورعەت‌و ئیستقامەت زۆر بەباشی جێگای خۆی لە نێو قوتابیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردۆتەوە. "ساوێن رەسووڵی"و"گولجیهان سۆفی‌زادە" دوو لەو وەرزشکارانەن کە بەبەردەوامی بەشداری فیستیواڵی وەرزشی قوتابیانی هەرێمی کوردستانیان کردوەو لە ژێر رێنوێنی مامۆستایانی وەرزشی‌دا ئاستی زۆر بەرزو بەرچاویان لە خۆیان نیشان داوە، ئەوەی کەلە ژێرەوە دەی‌خوێننەوە، وتوێژێکە لەگەڵ ئەم دوو وەرزشکارە لاوە هیوادارین نموونەیان زۆرو بەردەوام بن.**

رەحیم ئەحمەدی‌پووری

**سەرەتا خۆت بەخۆێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنە؟**

من ناوم ساوێن رەسولّی‌یە، لە ساڵی ١٩٩٠ لە رانیە لەدایك بووم.لە کەمپی حیزبی دێموکرات دا دەژیم.

**چۆن بوو هاتیە نێو دونیای وەرزش؟**

ساڵی ٢٠٠٤ بۆ یەکەم جار دەورەیەکی ڕاهێنانی فوتباڵ بۆ کچان لەلایەن بەشی ئاموزشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرایەوە، منیش لەگەڵ کۆمەڵێك یاریزانی‌تر بەشداری دەورەکەم کرد.

**کێ هاندەرت بوو؟**

دایکم یارمەتی زۆری دام. بەڵام، ئەرکی ڕاهێنان‌و مەشق پێ‌کردنی من وەك یەکەم ئەزموونی کاری وەرزشیم مامۆستا رەحیم ئەحمەدی پوور بوو، ئێستاش لە خوێندنگای"ناوەندی ڕۆژهەڵات" لە ژێرچاوەدێری مامۆستا دیاری تەمرین دەکەم.

**چ هەنگاوێك پێویستە بۆ زیاتر بەرەوپێش چوونی وەرزشی کچان ؟**

و: وەرزش لەم سەردەمەدا وەکو ڕاگەیاندنێکی گشتی ڕۆڵی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە دەبێ لە زۆر بواردا ببێینە مەیدان‌و بوونی خۆمان بسەلمێنین وەرزشیش یەکێك لەو رێگایانەیە.

**شانازی‌و سەرکەوتنەکانت لە وەرزش دا چیە؟**

ساڵی ٢٠٠٥ لە فیستیڤاڵی وەرزشی قوتابی‌یانی کوردستان لە شاری کەلار پلەی یەکەمی ڕاکردنی سورعەتی "٨٠٠"م بەدەست هێنا، وەلە پێشبڕکێی راکردنی"٢٠٠٠"میتری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پلەی یەکەمم بەدەست هێنا. ئێستاش لە کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر چاوەدێری مامۆستا رەحیم ئەحمەدی‌پوور دا شێوە زانستی‌یەکانی یاری گۆڕەپان‌و مەیدان فێر دەبم.



گوڵجیهان سۆفی‌زادە                ساوێن رەسووڵی

**تکایە خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری ژنان بناسێنە؟**

گوڵ جیهان سۆفی‌زادەم لە دایك بووی ١٩٩٢ ـ لە پۆلی یەکی ناوەندی رۆژهەڵات دەخوێنم.

**ـ هۆی چیە کە تێکەڵاوی دنیای وەرزش بووی؟**

لەسەرەتای دەس پێکردنی ژیانی وەرزشیم دا هەر بەمەبەستی گەیشتن بە ئاستی بەرزی وەرزش قۆناغەکانی سەرەتاییم بە پشتگیری دایك‌و باوکم تێپەڕ کرد.

**چ کەسانێك لە وەرزش دا هاندەرت بوون؟**

من تا ئێستا لە دوو بواری فوتباڵ‌و گۆڕەپان‌و مەیدان بە بەردەوامی بەشداری لە خولەکانی قوتابیانی هەرێمی کوردستانم کردوە لەو بوارانەش دا دایکم‌و باوکم‌و مامۆستاکانم یارمەتی زۆریان داوم کە جێگای خۆیەتی لە رێگای گۆڤاری ژنانەوە سوپاسی زەحمەتەکانی ئەوان بکەم.

**سەرکەوتنەکانت لە وەرزش تا ئێستا چ بوون؟**

ساڵی ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار دوای بەرێزان مامۆستا رەحیم ئەحمەدی پوورو فاخیر موولودی بە باشترین وەرزشکاری ساڵ هەڵبژێردرام‌و لە فیستیڤاڵی وەرزشی قوتابیانی کوردستان پلەی یەکەمی راکردنی ٣٠٠٠ میتری ئیستقامەتم لە شاری کۆیە بەدەست هێناوە. لەگەڵ تیمی هەڵبژاردەی فوتباڵی قوتابیانی ئازادی سەرەتایی بەشداری پێشبڕکێی دووهەمین فیستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێرانم کرد لە ساڵی ٢٠٠٥ پلەی دووهەممان بەدەست هێنا.

**بۆ باشتر بوونی ئاستی وەرزشی کچان چ هەنگاوێك پێویستە؟**

پێویستە بنکەیەکی تایبەت بە وەرزش هەبێ چونکە ئێستا نەمان توانیوە بەردەوامی بەشداری خولەکانی هەرێمی کوردستان بکەین. ئەمرۆ پێویستە بۆ پەروەردەکردنی قارەمانانی وەرزش کەرەسەکانی پێویست هەبێ.

# پەروەردەی منداڵ

نووسینی: محەممەد کەساس وەرگێڕان: شنە دروودگەر



منداڵ بوونەوەرێکی هەستیارو ناسکەو بە ئاسانی رەفتاری دروست دەکرێو دەوروبەر بە ئاسانی کاری تێدەکا، ئەرکی سەرشانی دایکو باوک پەروەردە کردنی منداڵو ئاراستەکردنیەتی بە رێگایەکی راستو دروست دوور لە پەشێوی و کێشەی دەروونی و یان هەندێک دایکو باوکو منداڵ لەسەر هەندێک گرێی دەروونی یان لادان یان نەخۆشی دەروونی پێدەگەیەنن، دەتوانین بڵێین کەسایەتی منداڵ لەو کاتەوە دەست پێ دەکا کە هێشتا کۆرپەلەیەو لە ناو منداڵدانی دایکی دایە، چاودێری کردنی کەسێتی منداڵ لەکاتی لە دایك بوونیەوە دەست پێدەکاو ئەرکی ئەوەش ئەکەوێتە ئەستۆی دایکو باوکو پێویستەلەسەر هەر دووکیان کە بەردەوام هاوکاریو پشتگیری مناڵەکانیان بکەن بەجۆرێ کەسێتی منداڵەکە گەشە بکا، نەك نفرۆی بکا، ئەو چاودێریەی دایك پەیرەوی دەکا لە کاتی (سك پڕی)دا مانای دەربڕینی خۆشەویستی‌یە بۆ ئەو کۆرپەلەیەی لە داهاتوویەکی نیزیك دا دێتە ژیانەوە، دوای ئەوەش قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکا کە تاکوو دووەم ساڵی تەمەنی مناڵ ئەخایەنێت، ئەمەش قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی منداڵدا کە تێیدا منداڵ زیاتر هۆگری دایکی دەبێو بەبەشێك لە خۆی دەزانێ، هەموو شتەکانی لێوەفێر دەبێ هەروەها رێو شوێنی مامەڵە کردنی دایك لەگەڵ منداڵ دا رەنگ دانەوەی دەبێ لە تەمەنی گەورەیدا، منداڵ زۆر نیشانەو سیفاتی تایبەتی لە خۆ ئەگرێ کەوای لێئەکا خۆشەویست بێو بچێتە دڵەوە، بەڵام کاتێك منداڵ(نازی) زۆر دەدرێتێو بزێو دەردەچێ، هەست دەکەیت کە منداڵێکی سەرەڕۆیەو بە ئاسانی دابین ناکرێو کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی ناکرێ، هەست دەکەین کەلە هەستو سۆزی بەرامبەرەکەی ناگا، ئەو منداڵە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە نهێنی سەرجەم شتەکانی دەوروبەری بزانێ. هەندێك هۆکار دەبنە هۆی دروست بوونی کێشەی دەروونی لای منداڵ کە دەبێ ئێمە بە بەردەوامی رەچاویان بکەینو هەتا دەکرێ لێیان دوور بکەوینەوە، ئەو هۆکارانە لەچەند سەرچاوەیەکەوە دروست دەبێ کە گرنگترینیان:

**١ـ ئەو هۆکارانەی کە سەرچاوەکانیان باوكو دایکە:**

١ـ مامەڵەی توندو بێبەزەییانەی منداڵو سزادانی جەستەییو سووکایەتیو سەرزنشت کردنی، دەبێتە هۆی راگرتنی گەشەیو بروا بەخۆ بوونی منداڵو تووش بوونی بەترسو شەرمو دوو دڵی لە هەموو ئەو شتانەی کە بیری لێدەکاتەوەو دەیەوێ ئەنجامی بداو دووچاری تەنگژەی دەروونی دەبێ.

٢ـ ناکۆکی خێزانی کە منداڵ ناچار دەکا لایەنێك بگرێت(دایك یان باوك)کە تووشی ململانێی دەروونی دەکا.

٣ـ نازدان بە ساوای تازە لە خێزان دا... هاتنی کۆرپەی تازە دەبێتە شۆکو دەبێتە هۆی رووخاندنی زۆر لە منداڵان.... منداڵ زۆر خەمبار دەبێ، کاتێك کە منداڵێکی دی ئەو سۆزو خۆشەویستی‌یەی کە بەتەنها بۆ ئەو بوو وەردەگرێتەوە، هیچ گرینگی ئەوتۆی پێ نادرێ.

٤ـ هەست کردن بە رقو کینە لە نێوان دایكو باوك دا بە ئاشکرا بێ یان بە نهێنی.

٥ـ نەبوونی پلانو هاوکاری لە نێوان دایكو باوك بۆ گەشە پێدانی کەسێتی منداڵەکەیانو گەشە پێدانی توانای ژیری.

٥ـ زیادەرەوی دابین کردنی هەموو پێویستیەکانی منداڵ یان ئەو برە خەرجی‌یە زۆرەی کە دەدرێتە منداڵ کەلەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێ.

ـ ئەو هۆکارانەی کە منداڵ خۆی سەرچاوەیانە:

١ـ کەم توانایی منداڵ لە رووی زیرەکی‌یەوە بە بەراوردکردنی لەگەڵ هاورێکانیدا لە پۆل دا کە دەبێتە هەست کردنی بەکەمیو شەرم بە تایبەتی کە دەکەوێتە ژێر گوشاری زیادی قوتابخانە.

٢ـ کەم توانایی منداڵ لە رووی جەستە(شێواوی جەستە)وەك: ئیفلیجی منداڵان یان لاوازی بیستنو بینین کە دەبێتە هۆی گاڵتە پێکردنی لەلایەن هاورێکانی‌یەوە.

سەرچاوەکان: گۆڤاری زانستی سەردەم ژمارە ١٣ منداڵو سایکۆلۆژییەتی پەروەردەکردن

# حیکایەتی عەشقێ



بۆ "ئەوی جوانتر لەبەهار"

خالَی کانی

حیکایەتی عەشقی ئێمە چەن غەریبو چ بێباران، لەگەلْ بەهارو پشکووتن چەندە نامۆ، چ سرپێکە خۆشەویستیی خەزان لە تویێ دێردێری ئەم حیکایەتەدا؟

چ بێبەزەیین چرکەکانی ژوان لە دوا ساتەکانی لێك دابڕان، رەشپۆش ئەو پێکانەی ئاشنا بە ناوی تۆو لە ئێوارەکانی ئێستادا بە بێدەنگی دەچنە سەرێ‌و، روو زەرد ئەم وشانەی دەبووا لە دوا هەموو سەرەخۆشییەك ببنە شێعری لە پەسنی تۆ.

شەوەو سەربانی قەلاّ دەبیسێ حەیرانێ لە گەرووی مەیتەکانی میوانیو، دەبینێ دوور دوور دیمەنی چۆلە ژوانیێو، جووتێ کۆتر لە دەستەملانیێو دیسانەکەش هەرئەم حیکایەتەی عەشقی ئێمە... دەبیسێ ئەم چرپە شیرینانەو دەیداتە گوێی ئەو مەیتانەی باوەشی بۆ کردوونەتەوە...

هـــۆ ئـــاسکۆڵەی رەوەنـدی بێبەزەیی!!

تیرێژی چاوەکانت لە یەکەم ساتی ئاشناییدا چ دلۆڤانە خۆی خزاندە هەناوی بێ ئۆقرەییمو لە پێی خستم، بزە شیرینەکانت چ خوداوەندانە بۆ هەرێمی ئەو دلّە گرگرتوە کەوتنە فرین. نیگا شەرمێونو پراوپڕ لە نهێنییەکانت چ زوو، چەندە ساکار نێوانی بێمتمانە پێمانی پرکردەوە؟

پێم بلێ تۆ کێی؟

پێغەمبەرێك کەلە دیرۆکی کتێبە کۆنەکاندا بەزیویو پەیامی ئاشتیت پێیە؟

کانییەك کــە لـــە پێدەشتی دوورەدەستی چیایەکی سەرکەش، لە داوێنی پرلە خۆزیای باوەشی دلۆڤانیت کردۆتەوەو بزەی رووناکیو روونیم پێدەبەخشی؟

یان گەزیزەیو بالاّ بالاّ لەگەلْ یەکەم شنەی شەمالْ، ویْرای یەکەم بلّێسەی ئاگری نەورۆز، هەگبەی ئالاّت کردۆتەشانو مزگێنیی بەهاری نوێم بە گوێدا دەچپێنێ؟

پێم بلێ تۆ کێی؟

تاسەی شکۆفەی ماچی غوربەتمیو لێم نادیار؟ نەرمە هەناسەی دوا رۆژی هیوای هەروەك بەهار؟

زایەلەی کەسکی ئەوینی تۆ ئەهورای؟ ژین دەبەخشێ گەرمیی هەناسەت تۆ مەسیحای؟

دەلاوێنێ بسکی شێعرم تۆ تریفەی؟ بۆنی خۆشی هەرچی حەزمی تۆ وەنەوشەی؟....

ئەمانە چپەی‌ئەویندارى عاشقێك بوو عەشقی ناسی کەچی عەشق ئایەتی مــــەرگی بــــە گەردینا هەلاّواسی.... شەوەو تەنیاییەکانی قەلاّ، ماندوو، وەرەزو کاس لەم هەموو مەرگە خەونانە، کپو بێدەنگ دیوارەکان، هەموو بیریان ویلّی پەیبردن بە نهێنی ئەم وشانە.

شەوە، نە ئەو شەوانەی رۆژ نیە لە تاریکی ئەنگوستە چاوەکانیدا باس لە هەتلّە بوونی رێگە نەکەین بەرەو ئاسۆ، نە ئەو شەوانەی هاواری مەنفاییەکان لە بێدەنگیی رەشی خۆیا بزر دەکەن.

شەوە، نە ئەو شەوانەی ئەستێرەکان دلّدارەکان بۆ جیژوانێ بانگهێشت دەکەن بۆ وەی تاوێ لە پشووو؛ ئیستێكْ لە باوەشی ماچو گوناح چێژ بکەن.

شەوە، نە ئەو شەوانەی خەونی درۆی تۆ بە تاراوەو، نە شەوانی پیاسەمان لە خەیالگەی ترسنۆکیت داو نەئەو شەوانەی خۆت بە بووکیی شێعرەکانم دەبرد.

شەوە.... شەوەژانی هەموو قەسیدەکانی ماچ لە سێبەری شەنگە ژوانەکانمە کە ئەیان سووتێنم

شەوی گابۆری هەموو ئەم شیلە بزانن لە لێوانی مەمت ئەیان تارێنم.

گیانە حیکایەتی عەشقی ئێمە چەندە لە خۆمان دوور، تەنیا نهێنی خەونی مەنفاییەك بوو کە هیوای ماچی گولّو ئالاّی، هەمووی لێی بوونە گومان. ئەو لە گومان دا لەدایك بوو، لە کۆچ دا دارە دارەی کردو لە غوربەتیش دا سەردەنێتەوە، ئەو مەنفاییە تۆ... من... حیکایەتی هەموومان بوو.

# قوولە

نووسینی: ناسر فەتحی
oooo_o57@yahoo.com




دەگێڕنەوە زەمانی زوو گوندێك هەبوو ناویان نابوو"قوولاوا" خەڵكی گوندی قوولاوا مەڕدار بوون، مەڕەكانی ئەو گوندە بە پێچەوانەی مەڕەكانی ئەو ناوچەیە زۆربەیان سەرومل سوورو لەش سپی بوون، جیا لەوە مەڕەكانی قوولاوا مەڕگەلێكی قوڵتەش بوون، جا سەیرەكەشی لەوەدا بوو ئەو مەڕانە هەموو ساڵێ سێ شەشی بەهارێ دوانە دەزان. دیارە وەك دەڵێن ساڵی ساڵان پێش ئەوەی ئەو گوندە ناو بنێنە قوولاوا ناوی"گردەكلاو" بووە، بەڵام لە دواییدا بەهۆی هاتنی دووگورگ بۆ ئەو گوندە خەڵكی ناوچەكەو دەوروپشتی ناوی گوندەكەیان لێدەگۆڕنو دێكەن بە بەم قوولاوایەی حازری.

جا ئێستا ئەگەر ئێوەی خوێنەری زۆر زۆر بەرێزو تێكۆشەر زادەی ئەم چیرۆكە پشووتان كێشی نەپسێن بێ، بەسەرهاتەكەتان لە بنوبنەوانەوە بۆ دەگێڕمەوە.

شەوێك لە شەوانەی سێشەشی بەهاری بوو، دووگورگی قۆشمە بە هەڵكەوت رێیان دەكەوێتە ئەو گوندە عاجباتییەی وا باسمان كردو، باسی دەكەین! گورگەكان هەركە چاویان بەلەباریی ئەو مەڕو بەرخە سەرمل سوورە لەش سپییانە دەكەوێ، لە خۆشییان دەچنە زگیانو دەس دەكەن بە ڕەپێنانو رەتاندنیان. دیارە دوو گورگی ناوبراو وەك من بزانم ئەو هەڵمەتانەیان لە برسانو لەبەر بێنێچیری نەدەكردە سەر مەڕەكان، بەڵكوو بۆ فشەو گەمەو گاڵتەو رابواردن خۆیان بە دانگەدا دەكردو مەڕەكانیان وەبارەباڕ دەخستو دوای تاوێك گەمەو بەقەولی شایەر گوتەنی: مژینی گوانی هەندێك لەمەڕە لەبارو خڕوخۆڵو ناسكەكانو هەندێك شتیتریش.. پێش ئەوەی كەڵەبابی سەگان وەخەبەر بێو دەس بكا بە قوولە قوول بە حیندرحۆ بەبێ خەم گوندیان بەجێ دەهێشتو لە گردەكەی پشت ماڵان ئاوا دەبوون.

خەڵكی ترسەنۆكی كۆنەگردە كلاو، هەمووجارێ كە گورگەكان دەگەیشتنە سەر گردەكەی پشت دێو لە نێوتەمو مژی كازیوەی بەیاندا وردەوردە لە پێش چاو بەقەد نوختەیەكیان لێدەهاتو بەیەكجاری قوتار دەبوون، هێور هێور، بە ماتە مات لە كونە بۆریان دەهاتنە دەرێو دەستیان دەدایە گۆپاڵو بە قوولەقوولو هەرا هەرا، جا وەرە رەپێی گورگی رۆیشتوو كەوە.

خەڵكی گوند بەوە سەریان سوڕ مابوو؛ بۆچی هەموو جارێ ئەو گورگانە دێنە نێو مەڕەكانو كەچی هیچیان ناخۆن!؟ ئەم مەتەڵە هەروەك هەموو مەتەڵەكانی نێو چیرۆكەكانی من مەتەڵێكە كە زانایانو پسپۆڕانی ئەو سەردەمیش هەرچی حەولیان دا سەرەندەرەیان لێدەرنەكرد، تا رۆژێك مەڕێك بەرخێكی نیوە گورگو نیوە مەڕی بوو. وادیار بوو گورگەكان مەرەكانیان قۆڵتەشو قوولە شكێن كرد بوو. خەڵكی گوند هەموو، لە ترسانو لە شەرمان چاویان پەڕیە سەر تۆقی سەریان جا بۆتۆڵەی مەرەكانی خۆ، مستێكو كەوچكێكیان غیرەت نایەبەر خۆو، وەك زەرگەتە كەوتنە هاتووچۆ.

دوای مشتوومڕێكی زۆر خەڵكی گوند رازی بوون خۆ لە گورگەكان مات بدەن بەڵكوو ئەی...

گورگێك لە گورگەكانی بەسەرهات، سووسەی كردو وەئاگا هات. گوتی: ئەوە پیلانە! كوا ئێستا وەختی فێڵانە!؟ هەموو شتێكتان تێدا چووە، كوا ئێستێ كاتی هاتووچووە؟

سەرتان نەیەشێنم دووكاكی گور ئێمە، دەستیان لەو گوندە شوشتەوەو...، بەڵام ئیتر لە دواییدا چەند گوندی دیكەیان وەقوولە خستو چییان كردو چییان نەكرد بابە قەولی فارسەكان"بماند" بێ. بەڵام قسەی خۆشمان بێ مامە هەژار لە هەنبانە بۆرێنەكەی لە پەنای وشە قوولە قوول زۆر بەجوانی فەرموویەتی:

**قوولە قوولی لە پاش گورگ ئەمەیە**
**پەژیوانی دەمی مەرگ گەمەیە**

ژێدەر:
١ـ گیرفانی خۆم
٢ـ گیرفانی گورگی هاورێم
٣ـ هەنبانە بۆرینە ـ گیو موكریانی

# جاڕنامەی پێشگیری لە توندوتیژی، لە بڕیارنامەی ٤٨/١٠٤ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

**ماددەی ٣:**

ژنان بە شێوەیەکی [یەکسان لەگەڵ] پیاوان مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەروەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

الف: مافی ژیان

ب: مافی یەکسانی

پ: مافی ئازادی و ئاسایشی کەسی

ت: مافی پشتگیری لە لایەن قانوونەوە

ج: مافی رزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن

چ: مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین رادەی گونجاوی سلامەتیی جەستەیی و دەروونی

ح: مافی هەبوونی [هەلومەرجی] داد پەروەرانە و جێگای رەزامەندی بۆ کار

خ: مافی ئەوە کە تاك نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە، یان سزاو رەفتاری توندوتیژ، ئامرۆیی و پڕسووکایەتی

سەرچاوە: کتێبی "چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە" بەرگی یەکەم

وەرگێڕانی: قادروریا